# دوازدە ڕۆژ لە دۆزەخدا

## فەلسەفەی کوشتن لە سەردەمی مۆدێرندا

ئەرسەلان مەحمود

٢٠٢٥

# دوازده ڕۆژ لە دۆزەخدا

نوسین / ئەرسەلان مەحمود

بابەت / ململانێی ئێران – ئیسرائیل

دیزاین / هادی هونەر

چاپخانە / ناوەندی چاپەمەنی و ڕۆشنبیریی کارۆ

چاپی یەکەم / ٢٠٢٥

تیراژ / ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردن (          )ی ساڵی ( ٢٠٢٥ )ی پێدراوە.

---

لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین چاپکراوە

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| لە سێبەری دوو کێوی ئاگریندا | ٤ |
| واشنتۆن-تاران، | ٨ |
| نرکەی گۆڕانکاری ناکۆکییە ناوچەییەکان | ١٢ |
| با کەس دڵی بەم شەڕە خۆشنەبێت | ١٩ |
| دواکەوتن لە گێمە نوێیەکەی هێزدا | ٢٧ |
| وەهمی پانکردنەوەی سەری مارەکە | ٣٢ |
| بۆچی ئیسرائیل جیاکاری دەکات؟ | ٤٢ |
| تەنگەی هۆرمز، وەک خۆکوژی ستراتیژی | ٤٩ |
| ساتەوەختە هەستیارەکە | ٥٢ |
| پێنج ملیار دۆلار 'نەفرەت' | ٥٨ |
| خودا لە کۆنتێکستی دەسەڵاتدا | ٦٢ |
| کاری ڕۆژنامەوانی | ٦٧ |
| لە دەماوەند تا دەریای مردوو | ٧٢ |
| لە تەڵەی ١٩٧٩ەوە بۆ قەیرانی ٢٠٢٥ | ٨٩ |
| گەورەترین جموجۆڵی سەربازی | ١٠٠ |
| سیمبۆلیزمی "ئەتۆم"ی لە سەردەمی نوێدا | ١٠٩ |
| پیلانگێڕییە ئیمپریالیستییەکان | ١١٤ |
| نمایشەکان لە شەڕی "سارد و گەرم" دا | ١٢١ |
| کاتێک بۆمبەکان دەبنە ئایدیۆلۆژیای ئاشتی | ١٢٨ |
| چیرۆکی ١٢ ڕۆژە خوێناوییەکە | ١٣٥ |
| لە جەنگی ڕاستەوخۆوە بۆ شەڕە کۆمێنت | ١٦٤ |
| پێنج کلیل و ١٩٣ دەرگە | ١٧٢ |
| ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو ڕێیاندا | ١٧٨ |
| نەوەی دیجیتاڵی و | ١٩٣ |
| ئازار و ڕزگاری لە سەردەمی جەنگەکاندا | ٢٠٩ |

# له سێبەری دوو کێوی ئاگریندا

گریمانە بکە، کە لە ئاسمانەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەی، وێنەیەکی سەیرتر دەبینیت: کێوی دەماوەند لە ئێران بە ٥٦١٠ مەتری هەور بڕ، و چیای هێرمۆن لە سنووری ئیسرائیل – سوریا، بە ٢٨١٤ مەتر وەک چاودێرێکی بێدەنگ دەڕواننە ناوچەکە. لە دۆڵەکانی نێوان ئەم دوو بەرزاییەدا، گەلێک دەژی، کە هەمیشە خۆی لە سێبەری ئاگر و ئافاتی ئەم دوو کێوەدا بینیوەتەوە – گەلی کورد.

بابەتەکان، وەک یەکەی پێکهێنەری ئەم کتێبە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە ساتەوەختێکی زۆر تایبەتی مێژوویدا نووسران. ساتەوەختێک کە تێیدا پێناسەکانی شەڕ و ئاشتی، دۆست و دوژمن، ڕاستی و درۆ، هەمووی تێکەڵ ببوون. نووسینی ئەم دێڕانە لە کاتێکدابوون، کە هێشتا دووکەڵی بۆمبەکان لە ئاسمانی تاران و تەل ئەبیب بەرز نەببوونەوە، بەڵام هەموو نیشانە و ئاماژەکان بەرەو ئەوە بوون، کە توفانێکی گەورە بەڕیوەیە بێت. مێژوو فێریکردووین، کە تراژیدیاکان لە هەڵەوە دەست پێدەکەن، بەڵام بە لۆژیکی خۆیان درێژە دەکێشن. ئەوەی لە حوزەیرانی ٢٠٢٥دا ڕوویدا –

ئەو دوازدە ڕۆژە خوێناوییەی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل – کە نە سەرەتا بوو و نە کۆتایی. بەڵکوو خاڵێک بوو لەسەر هێڵێکی درێژی کینە و تۆڵەسەندنەوە، کە ڕیشەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ١٩٧٩، ئەو ساڵەی دۆستایەتی بوو بە دوژمنایەتی.

ئەم کتێبە چیرۆکی شەڕ و ململانێکانی ئەو دوازد ڕۆژ و ماوە درێژە مێژووییە نییە. بە هێندەی ئەوەی کە لێکۆڵینەوەیەکە لە مێکانیزمەکانی دەسەڵات لە سەردەمی نوێدا، سەردەمێک کە تێیدا کۆمێنتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت وەک مووشەکێک کاریگەر بێت، کە تێیدا "شەڕی سایبەر" جێگەی شەڕی کلاسیک دەگرێتەوە، و ڕۆژنامەنووسان ناتوانن چیتر تێیدا تەنها وەک چاودێر بمیننەوە، چونکە خۆیان دەبنە بەشێک لە مەیدانی جەنگ. لە کۆنتێکستی کتێبەکەدا، هەوڵمداوە نە تەنها ڕووداوەکان تۆمار بکەم، بەڵکو لە پشتی پەردەکانیش بڕوانم. بۆچی نەتانیاهۆ و خامنەیی، سەرەڕای دوژمنایەتییە ڕواڵەتییەکەیان، لە زۆر ڕووەوە لە یەکتر دەچن؟ چۆن ئەردۆغان دەتوانێ هاوکات "نەفرەت" بفرۆشێت و بازرگانی ٩.٥ ملیار دۆلاری بکات؟ بۆچی کورد هەمیشە دەبێتە

کارتی یاری دەست زلهێزەکان؟ گرنگتر لە هەموو ئەمانە، ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە "تەڵەی بیرکردنەوەی دووانەیی" – ئەو داوەی کە هەمووان تێیدەکەوین، کاتێک جیهان دابەش دەکەین بۆ ڕەش و سپی، دۆست و دوژمن، باش و خراپ. وەک چۆن میشێل فوکۆ لە ١٩٧٩دا فریوی "ڕۆحانییەتی سیاسی" خومەینی خوارد، ئەمڕۆش زۆرێک لە ڕۆشنبیران و خەڵکی ئاسایی دەکەونە هەمان ئەو تەڵەیەوە، تەنها بە ئاراستەیەکی پێچەوانە.

ئەم کتێبە، داوا لە خوێنەرەکانی دەکات، کە ڕەنگە بۆرەکان ببینن، لە جیهانێکدا کە دەیەوێت تەنها ڕەش و سپیمان نیشانبدات. داوا دەکات بیر لە پرسیارە قووڵەکان بکەینەوە: ئایا دەکرێ لە یەککاتدا هەم دژی سەرکوتی ناوخۆیی و هەم دژی کوشتاری دەرەکیش بین؟ ئایا دەتوانین هەم ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی بگرین و هەم لە سیاسەتەکانی ئیسرائیل ڕەتبکەینەوە؟ کتێبێکە دواجار هیوایە لە نائومێدیدا. گەڕانە بە دوای دۆزینەوەی ڕێگەی سێیەم، لە جیهانێکدا کە تەنها دوو ڕێگەمان پێنیشان دەدات. چۆن دەتوانین فێربین لە مێژوو، بەبێ ئەوەی بوار بدەین دیلمان بکات لە خۆیدا.

هیوادارم فکرینەکانی ناو کتێبەکە نەک تەنها یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە ململانێیەکی تایبەت، بەڵکوو ببنە ڕێنامەیەک بۆ بیرکردنەوە لە سیاسەت و دەسەڵات لە سەردەمی نوێدا. سەردەمێک کە تێیدا حەقیقەت خەریکە بای بەرژەوەندیخوازانە دەیهێنێت و دەیبات، شەڕ بووە بە نمایش و مرۆڤایەتی هێشتا لە گەڕانە بە دوای ڕێگەیەکدا بۆ پێکەوە ژیان. خوێنەری بەڕێز، ئەگەر ئامادەیت ڕەنگە بۆرەکان ببینیت، ئەگەر ئامادەیت پرسیار لە هەموو شتێک بکەی، تەنانەت لە بیروباوەڕە پیرۆزەکانیش، ئەوا بەخێربێیت بۆ گەشتێک کە ڕەنگە تێگەیشتنەکانت دەربارەی جیهانی ئەمڕۆ بگۆڕێت. فێرت دەکات کە ڕزگاری نە لەم کێو و نە لەو کێوە، بەڵکوو لە دۆزینەوەی ڕێگەی خۆماندایە.

نووسەر

کانوونی دووەمی ٢٠٢٥

# واشنتۆن-تاران،

# لە نێوان دیپلۆماسیەت و هەڕەشەی جەنگدا

## دانوستانی شەشەم لە مسقط

**بڕیار وایە خولی شەشەمی دانوستانەکانی واشنتۆن–تاران لە ڕۆژی یەکشەممە، ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا لە مسقط، پایتەختی سەڵتەنەتی عمان بەڕێوەبچێت. ئەمە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵات زیادیان کردوە و گرێی ئەتۆمی ئێران وەک مەسەلەیەکی حەساس بە داخراوی ماوەتەوە. لە ناوەڕاستی ئەم تەنگژەیەدا، دوو بینینی جیاواز بوونیان هەیە. تاران پتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆی وڵاتەکەیدا بە مافی سەروەری خۆی دەزانێت، لە کاتێکدا واشنتۆن ئەمە وەک هێڵێکی سوور سەیر دەکات بەوەی کە نابێ تێپەڕێ. پرسیاری سەرەکی هەمووان، دیپلۆماسییەت یان جەنگ؟ پرسیاری گرنگتر ئەوەیە کە ئایا دانوستانەکان دەتوانن ئەم گرێیە ناوەکییە بکەنەوە، یان دۆخەکە سەر دەکێشێت بۆ ئاستێکی ترسناکتر، کە لەوانەیە بێتە هۆی هەڵگرسانی جەنگ؟**

## هەڕەشەی دوولایەن

دوا لێدوانەکانی جەنراڵ مایکڵ کۆریلا، فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی ئەمەریکی (سێنتکۆم) ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئامادەیی ئەمەریکا. ئەو لە ئەگەری شکستهێنانی گفتوگۆ ناوەکییەکان، ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ وڵامدانەوەی تاران بە "هێز" دووپات کردۆتەوە بۆ ڕێگریکردن لە خاوەنداریێتی چەکی ناوکی. بەڵام لە بەرامبەردا، ئێرانیش هەڕەشەکانی خۆی بە "هێز"ەوە، هەیە. هەروەها دەستپێکردنی جەنگی زانیاری و مەسەلەی ئەرشیفی هەواڵگری ئیسرائیلییش دەربارەی شوێنە هەستیارەکان کە دەڵێت: "لێیاندەدەم ئەگەر جەنگ بەرپابکرێت."

## عیراق و سووریا وەک کلیلی ئاشتی و جەنگ

ئەگەر ورد سەریری دۆخی عیراق و سووریا بکەین، دەبینین کە کلیلە سەرەکییەکەی کردنەوەی دەرگەی جەنگ یان ئاشتی لە هەرێمەکەدا، لە دەستی ئەم دوو وڵاتەدان. ئەم دوو وڵاتە گرنگن چونکە یەکێکیان لە ناوەوەی بازنەی کاریگەری ئێرانە و ئەوی دیکەشیان ئێستا لە دەرەوەیەتی.

## ستراتیژی ڕۆژئاوا

لە دیدی ڕۆژئاوایی – ئەمەریکیەوە، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە، کە ئێران وەک جاران نەتوانێ سوود لە مەیدانی سووری وەربگرێ. ئەوان نایانەوێ سووریا وەک یەمەن و عیراق ببێت بە ناوەندێکی کاریگەر بۆ ئێران لەم جەنگی بەوەکالەتەدا.

## ڕۆژئاوا، بە سەرکردایەتی ئەمەریکا، چەند ستراتیژێکی هەیە

کارتی سووری: دەیەوێ کارتی سووری بۆ کاتی پێویستی پاشەکەوت بکات، هەروەها بەکارهێنانی توندوتیژی گەلی، هەوڵ دەدات هێزی تووڕەیی گەلی سووری دژی ئێران لە کاتی پێویستدا بجوڵێنێت، هەروەک چۆن دروستکردنی دیواری سوننیش یەکێکی ترە لە ستراتیژەکان، هەوڵ دەدات هێڵێکی سوننی توند دروست بکات کە جیاکەرەوە بێت لە نێوان عیراق و ئێران لە لایەک و لوبنان و حزب الله لە لایەکی ترەوە. ئێران لە بەرامبەردا ئاوازی بەرەنگاری بەکاردەهێنێت. ئەو هەوڵ دەدات کۆسپ بخاتە بەردەم ئێستا و داهاتووی سووریا و عیراق، بێگومان لە پێناو شەڕی تایبەت بە خۆیدا.

## پوختەی باس

لەم بابەتە ئاڵۆزەدا... نارِوونە کە کێ پێگە و بەرژەوەندی کێ دەسرِێتەوە یان کێ دوا گۆرانی خۆی دەچرِێت. ئەوەی رِوونە ئەوەیە کە ئەم دانوستانەی داهاتوو نەک تەنها کاریگەری لەسەر ئەم دوو وڵاتە دەبێت، بەڵکو رِەنگدانەوەی لەسەر ئاسایشی هەموو هەرێمەکە و جیهانیش دەبێت. داهاتووی رِۆژهەڵاتی ناوەرِاست، ئەنجامی ئەم دانوستانانە دیاری دەکەن، جا ئایا بە رِێگەی دیپلۆماسی دەگاتە چارەسەر یان رِووبەرِووی قۆناغێکی نوێی ناکۆکی و شەرِ دەبێتەوە.

وَاللّهُ یَعْلَمُ

# نرکەی گۆڕانکاری ناکۆکییە ناوچەییەکان

لەکاتێکدا کە هەمووان چاوەڕوانی دانوستانی ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ی نێوان ئێران – ئەمریکا بووین لە مسقط، کەچی بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی حوزەیران ٢٠٢٥، ئیسرائیل بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، هێرشێکی ڕاستەوخۆی کردە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران. هێرشەکە کاتژمێر ٣:٠٠ی بەرەبەیان بە کاتی ناوخۆیی ئێران ئەنجام دراوە و تەقینەوەیەکی بەهێزی لە تارانی پایتەختدا دروست کرد.

ڕاپۆرتی سەربازی ئیسرائیل دەڵێت: "هێرشەکەیان – هێرشی پێشگرتنن، و ئاماژەی بەوە کردوە، کە مەبەستەکە لەناوبردنی توانای ئێران بووە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. یەکەم زانیاری دڵنیاکەرەوە، ئەوەیە کە حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران و ژمارەیەکی تر لە ڕاوێژکار و گەورە بەرپرس و زانای ئەتۆمی ئێران لە هێرشەکەدا کوژراون. ئەمەش لێدانێکی گەورەن لە پیتێنەر و پێکهاتەی سەربازی و دامەزراوەی فەرماندەیی ئێران.

## بۆچی ئێستا؟

بۆ تێگەیشتن لەم هێرشە، پێویستە سەیری دۆخی پێشوو بکەین. ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەردەوام بووە لە پێشخستنی پرۆگرامی ئەتۆمی. ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، دەڵێن ئێران توشی دابڕان بووە، لە گرێبەستی ئەتۆمی ٢٠١٥، و بە ئاستی زۆر نزیک گەیشتووە بە دروستکردنی یۆرانیۆمی دەوڵەمەند، کە پێویستە بۆ دروستکردنی چەک یان بۆمبی ئەتۆمی. لەلایەکی ترەوە، ترامپ هەوڵیدا لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە، ڕێگری لەم پرۆگرامە بکات. بەڵام دیارە ئیسرائیل بڕیاریداوە کە چاوەڕوانی ئەم هەوڵە دیپلۆماسییە نەکات یان هێرشەکە بکاتە هێزی زیاتری فشار، بۆیە کار و کردەوەی سەربازی بە ئامانج گرتووە.

## کاریگەری ئەمنی

هێرشەکە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە دروست دەکات. ئەمریکا کە پێشتر هەوڵیدەدا، دۆخەکە ئارام بکاتەوە، ئێستا ڕووبەڕووی دۆخێکی قورستر دەبێتەوە. واشنتۆن ڕایگەیاندووە بەشداری هێرشەکە نییە، بەڵام ڕەنگە ئەمە بۆ ڕێگری کردن بێت، لە کاردانەوەی توند و گشتگیری

ئێران. ئەمریکا دیپلۆماتەکانی لە عیراق کشاندنەوە، فەرمانیدا بە هەموو باڵیۆزخانەکانی کە لە ناوچەکەدا لە ئامادەباشیدا بن. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە واشنتۆن چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی بەهێز لە ئێران دەکات.

## ڕۆڵی ترامپ

ترامپ، کە دەیویست لە ڕێگەی گفتوگۆوە مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، ئێستا خۆی لە دۆخێکی قورسدا دەبینێتەوە. ئەو ڕایگەیاندووە، کە "شەڕێکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە زۆر زوو تر لەوەی چاوەڕوان دەکرا ڕووبدات". ئەمەش واتای ئەوەیە کە ترامپ دەزانێت دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەرچووە. ئیسرائیل، هێرشەکەی بەبێ پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا ئەنجامداوە، ئەمە ڕاستە، بەڵام هەرگیز نابێ وەک ئەوە لێکبدرێتەوە کە نەتەنیاهۆ تاکلایەنە بڕیاری لەو جۆرەی دابێت پشت بە هیچ کەسێک نەبەستێ و ئەوەی بۆ پاراستنی ئیسرائیل پێویستە هەر خۆی ئەوە ئەنجام بدات، نا نەخێر، نە ئیسرائیل و نە نەتەنیاهۆ'ش ئەو جەستە بێهۆش و گۆشە نین.

## کاردانەوەی ئێران

ئێران تا ئێستا کاردانەوەی چواری نیشاننەداوە، بەڵام ئەمەش نابێ ئەوە بگەیەنێت کە هیچ ناکات. ئێران چەندین ڕێگەی لەبەردەمە بۆ کاردانەوە: یەکەم، مووشەک و فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان بەرەو ئیسرائیل. کە پێشتریش ئەم ڕێگەیەی بەکارهێناوە. دووەم، بەکارهێنانی هاوبەشەکانی لەناوچەکە، وەک حیزبوڵڵای لوبنان، گرووپەکانی عیراق و حووسییەکانی یەمەن. سێیەم، هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش دەکرێت ئەمریکا بکێشێتە ناو شەڕەکەوە.

## کاریگەری لەسەر نەوت و ئابووری

هێرشەکە کاردانەوەی خێرای لەسەر بازاڕی نەوت دروست کردووە، نرخی نەوت لەم چەند کاتژمێرە کەمەدا، بەرزبۆتەوە، بەهۆی ترسی ئەوەی کە ئەگەر شەڕەکە گەشە بکات، دابینکردنی نەوتی ناوچەکە دووچاری کێشەی گەورە دەکات. کۆمپانیا دەریاییەکانیش وەستاون لەوەی کە بەناو دەریای سووردا بڕۆن، چونکە حووسییەکان هەڕەشەیان

کردووە، کە هەر کەشتییەک کە پەیوەندی بە ئیسرائیل یان ئەمریکاوە هەبێت بیکەنە ئامانج.

## دۆخی عیراق و هەرێمی کوردستان

عیراق، لە ناوەڕاستی ناکۆکییەکەدایە. لە لایەک پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ ئێراندا هەیە و لەلایەکی ترەوە، هەزاران سەرباز و ڕاوێژکاری ئەمریکی لەسەر خاکی وڵاتەکەی هەن. گرووپە چەکدارە پەیوەستەکانی ئێران کەوتوونەتە ژێر فشارێکی زۆر، کە کاردانەوە نیشان بدەن. ئەمەش عیراق دەخاتە مەترسییەوە، کە بکرێتە مەیدانی شەڕ. هەرێمی کوردستانیش کە لە ڕووی جوگرافییەوە نزیک لە ئێرانە، ڕەنگە تووشی کاریگەری ڕاستەوخۆ ببێت. حکومەتی هەرێم پێویستە ئامادەباشی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، لەگەڵ هەر دۆخێک کە ڕەنگە دروست بێت و بۆی بێتە پێشەوە.

## ڕۆڵی دەوڵەتانی ناوچەکە

سعودیە، کە لە ڕابردوودا لایەنگری سیاسەت و هەژموونی هەرێمایەتی ئێران نە بووە، ئێستا ناوەڕاستی دووانەیی قەرار

گرتووە. لە لایەک، ناخوازێت شەڕەکە فراوان ببێت، چونکە کاریگەری لەسەر ئابووری خۆی دەکات. لەلایەکی ترەوە، هەر کاتێک نیگەران بووە، لە بەهێزبوونی ئێران. تورکیا، کە سنوری لەگەڵ هەردوو ئێران و عیراق هەیە، هەوڵدەدا خۆی دوور لەناکۆکییەکە بهێڵێتەوە. بەڵام ئەگەر شەڕەکە فراوان ببێت، تورکیاش ناتوانێت بێلایەن بمێنێتەوە.

## چی لە ئایندە چاوەڕوان دەکرێت؟

یەکەم، ئێران کاردانەوەی ئەندازیار و سنووردار نیشاندەدات، کە نەبێتە هۆی فراوانبوونی شەڕەکە. لەم حاڵەتەدا، ڕەنگە دۆخەکە لە چەند ڕۆژێکدا ئارام ببێتەوە. دووەم، ئێران کاردانەوەی توند بنووێنێت، ئەوا ئیسرائیل دەگەڕێنێتەوە بۆ هێرش کردنەوە. لەم حاڵەتەدا دەکەوینە ناو سیکلێکی توڵەسەنەوەوە، کە زەحمەتە ڕابگیرێت. سێیەم، شەڕ گەشە دەکات و دەوڵەتانی تری ناوچەکەیش دەکەونە ناویەوە. ئەمەش دەبێتە شەڕێکی ناوچەیی، کە کاریگەری لەسەر تەواوی جیهان دەکات.

## ئەرکی هاوڵاتیان و میدیا

لەم کاتە حەساسەدا، گرنگە هاوڵاتیان زانیاری لە سەرچاوە متمانەپێکراوەکان وەربگرن و تووشی پانیک نەبن. هەروەها پێویستە، کە چاو لە پیتاندنی هەواڵە فەیک و شایعەکان دابخرێت. میدیاکانیش ئەرکیان هەیە، کە بە وردی ڕاپۆرت بکەن و پاڵپشتی لە دروستکردنی کێشەی ئەتنیکی یان ئایینی نەکەن.

## خوڵاسەی کەلام

ئەم هێرشە نیشانەی گەیشتنی ناکۆکی ئیسرائیل–ئێرانە، بە لوتکەیەکی نوێ. ئەوەی ڕوویداوە سەرەتای چیرۆکەکەیە، نەک کۆتاییەکەی. چۆنیەتی کاردانەوەی ئێران و هەڵوێستی دەوڵەتانی تری ناوچەکە، دیاری دەکات کە ئایا ئەم ناکۆکییە لە ئاستێکی سنووردارداا دەمێنێتەوە، یان سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی فراوانتری ناوچەیی. بۆ لێکەوتە و کاردانەوەکانی داهاتوو گرنگە هەموو لایەنەکان بە وریایی و ئاگاییەوە هەنگاو هەڵبگرنم بۆ ئەوەی ناکۆکییەکە لەمە ڕابگرن و نەبێتە شەڕێکی تەواوکەر. چونکە لە شەڕدا کەس براوە نابێت و هەمووان دەدۆڕێن، بەڵام ئاشتی سودی بۆ هەمووان دەبێت.

# با کەس دڵی بەم شەڕە خۆشنەبێت

ململانێی ئێران – ئیسرائیل، کە لە ١٣–١٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا، گەیشتە لووتکەی پێکدانی سەربازی ڕاستەوخۆ، لە دینامیکی سیستەمە سیاسییەکانی ناوچەکەدا دیاردەیەکی نامۆ نییە، ئەمە ڕێک ئەو دەرئەنجامەیە، کە لە سیستەمێکی ناکارامەدا چاوەڕوان دەکرێت – سیستەمێک کە بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی، پێویستی بە دوژمنێکی دەرەکی هەیە، تا لە ڕێگەیەوە بوونی خۆی پاساو بدات و مانا بە زیندوو مانەوەکەی ببەخشێت، لەبەر ئەوە گەلانی ئێران، ئیسرائیلی، ناوچەکە و کەس دڵی بەم ململانێ و شەڕە خۆش نەبێت، ئەمەی ڕوودەدات هیچ ڕەبتێکی بە حەق و باتڵ، دین و دنیا و قیامەت و ژیانی خەڵکەوە نییە.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی ئەم شەڕە، هەوڵی هەردوو لایەنەیە بۆ خۆ نمایشکردنی خۆیان وەک قوربانی. ئیسرائیل بانگەشەی ئەوە دەکات، کە هێرشەکانی بۆ سەر ئێران "بەرگری پێشگرییە"یە لە دژی هەڕەشەی ناوەکی و

تیرۆر. لە بەرامبەردا، ئێران خۆی وەک قوربانی "پیلانگێڕی ئیمپریالیستی و زایۆنیستی" پیشان دەدات. ئەم ستراتیژییە زیرەکانەیەی کە هەردوو ڕژێم لە ڕێگەی دروستکردنی وێنەی قوربانیبوونەوە، دەیانەوێ سەرنجی خەڵکەکەیان لەسەر کێشە و قەیرانە قووڵە ناوخۆییەکانیانی پێلابدەن و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەی دەرەوە بکەن، هەروەک چۆن شەرعیەت بۆ سیاسەتە سەرکوتکەرەکانیان دروست بکەن و پشتگیری نێودەوڵەتی بەدەستبهێنن. بۆ نموونە، ئیسرائیل بەبێ هەڕەشەی ئێرانی، چۆن دەتوانێت داگیرکاری سەر خاکی فەڵەستین پاساو بدات؟ ئەی ئێران بێ "شەیتانی گەورە" و "ڕژێمی زایۆنیستی"، چۆن دەتوانێ نارەزایەتییەکانی خەڵک گەمارۆ بدات و ڕەوایەتی بداتە ئەو سەرکوتکارییەی کە دەیکات؟

## فەنتازیای دیپلۆماسی لە سەردەمی ترامپدا

دۆناڵد ترامپ، کە پێشتر شانازی بە توانای "ڕێککەوتن" دەکرد، لەم قەیرانەدا ڕووبەڕووی پارادۆکسێکی بنەڕەتی دەبێتەوە. چۆن دەکرێت "دیل - مامەڵە" لەگەڵ ڕژێمگەلێک بکەیت کە بوونیان بە دوژمنایەتی یەکتر بەستراوەتەوە؟ ئەمە

وەک ئەوە وایە بتەوێت نێوەندگیری لە نێوان نەخۆشی و نەخۆشیەکەدا بکەیت – لە کاتێکدا سەرەتان بێ نەخۆشییەکە ناتوانێت بژی. ئیدارەی ترامپ لەم قەیرانەدا هەڵوێستێکی دووانەیی وەرگرتووە، لە لایەک پشتگیری و بەرگری لە ئیسرائیل دەکات، لە لایەکی ترەوە خۆ بەدووری لە کردەوە سەربازییەکانی ئیسرائیل ڕادەگەیەنێت. ئەم ستراتیژییەتەی "پشتگیری نا بەرپرسیارێتی" نیشاندەری ئەوەیە، کە واشنتۆن تێگەیشتووە لە مەترسییەکانی تێوەگلان لە شەڕێکی فراوانتر، بەڵام ناتوانێت هاوپەیمانە ستراتیژییەکەیشی جێبهێڵێت.

## شکاندنی شەڕگەی بەرگری – "مقاومە"

هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بەشێک لە ستراتیژییەتی درێژخایەنن بۆ لاوازکردن و لە کۆتاییدا ڕووخاندنی ئێرانە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بڕیاردەر لە ناوچەکە. ئەم ستراتیژییەتە چەند ڕەهەندێکی هەیە، یەکەم: وێرانکردنی توانای بەرگری – ئەمە نەک تەنها لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵکو لە ڕووی سیاسی، ئابووری، تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتیشەوە. گەمارۆ ئابوورییەکان کە ژیانیان لە خەڵکی ئاسایی کردووە بە دۆزەخ، بەشێکی سەرەکین لەم پلانە.

دووەم: تەجریدکردنی دیپلۆماسی – دوورخستنەوەی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەمکردنەوەی هاوپەیمانەکانی، تایبەت دوای لاوازبوونی شەڕگەی "بەرگری – مقاومە" لە سووریا، لوبنان و فەڵەستین. سێیەم: گۆڕینی هاوکێشە ناوچەییەکان – دروستکردنی هاوپەیمانی نوێ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دژ بە ئێران کە خۆی لە ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیمدا دەبینێتەوە.

## دووانەی میدیایی و دەستکاری ڕای گشتی

شێوازی پێشکەشکردنی شەڕەکە لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا نموونەیەکی ڕوونە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بۆ دروست کردنی "ڕاستی". کاتێک ئێران مووشەک دەنێرێت، ئەوە "هەڕەشەیە بۆ ئاشتی جیهانی". بەڵام کاتێک کە ئیسرائیل سەدان فڕۆکەی جەنگی دەنێرێت بۆ وێرانکردنی دامەزراوە ناوەکییەکان و کوشتنی فەرماندە سەربازییەکان و زانا ئەتۆمییەکان، ئەوە "بەرگری شەرعی"یە. ئەم دووانەییە لە چەمکسازیدا بەرگری بەرامبەر بە "هێرش". لە شەرعیەتداندا مافی بەرگری بەرامبەر "پێشێلکردنی سەروەری". لە مرۆییکردندا قوربانیانی هێرشی تیرۆریستی بەرامبەر

کوژراوانی کردەوە سەربازییەکان. میدیا لێرەدا نەک تەنها هەواڵ دەگوازێتەوە، بەڵکو ڕاستی دروست دەکات و پاساو بۆ کردەوەکان دەدۆزێتەوە.

## کۆنتێکستی مێژوویی، لە ١٩٧٩ەوە تا ئێستا

بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئەم شەڕە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩. شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران نەک تەنها ڕژێمی شای ڕووخاند، بەڵکو هاوسەنگی هێزی لە ناوچەکەدا تێکدا. ئێران لە هاوپەیمانێکی نزیکی ئەمریکاوە بوو بە دوژمنێکی سەرسەخت و بەمەش کێشەیەکی گەورەی ستراتیژی بۆ واشنتۆن دروست کرد. لەم چوارچێوەیەدا، ئیسرائیل ڕۆڵی "پاسەوانی ناوچەیی" وەرگرت. جا لەبەر ئەوەی کە ئەم ڕۆڵە بە پێی بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێت لە هەشتاکانی سەدەی رابردودا، ئیسرائیل بە نهێنی چەکی بۆ ئێران دەنارد لە شەڕی دژ بە عیراق، چونکە ئەو کاتە سەدام حوسێن وەک هەڕەشەیەکی گەورەتر دەبینرا.

ئەوەی ئەم قەیرانەی ئێستا جیاواز تر دەردەخات، لاوازبوونی بێوێنەی تۆڕی هاوپەیمانەکانی ئێرانە، توانا سەربازییەکانی حەماس دوای شەڕی غەززە وێرانبوون. حیزبوڵڵا دوای کوژرانی سەرکردەکانیان و زیانە قورسەکان، زیاتر سەرقاڵی مانەوەیە تا شەڕ، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، ڕێڕەوی سەرەکی ناردن و گەیاندنی چەک بۆ هێزە بە وەکالەتەکانی داخست. ئەم لاوازبوونە، ئێران ناچار دەکات ڕاستەوخۆ ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل بکات، کە مەترسیدارترە و پێچەوانەی ستراتیژی ئەو "شەڕی بەوەکالەتە"یە کە بۆ دەیان ساڵ پەیڕەوی کردووە.

## مەترسی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی

ڕاستەوخۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوە ناوەکییەکان، خەتێکی سوور دەبەزێنێ، کاریگەری درێژخایەنی دەبێت. لەوانەیە ئێران خێراتر بەرەو دروستکردنی چەکی ناوەکی بەرێت وەک "گەرەنتی بۆ مانەوە"، لە بری قبووڵکردن پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ڕەتبکاتەوە و ڕێگە بۆ پێشبڕکێی چەکی ناوەکی لە ناوچەکە خۆش بکات. سعودیە پێشتر ڕایگەیاندووە ئەگەر ئێران چەکی ناوەکی دروست بکات، ئەویش هەمان کار

دەکات. ئەمە دەتوانێت کۆتایی بە سیستەمی دژە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی بهێنێت و ناوچەکە بخاتە ناو جەمسەرێکی نوێ لە ململانێ و پێکدادانی مەترسیدار تر لەوەی کە هەیە و ڕویداوە.

## خوڵاسەی کەلام

کەس یان با گەلانی ناوچەکە دڵیان بەم شەڕە خۆش نەبێت، چونکە ململانێی ئێران-ئیسرائیل، لە بنەڕەتدا نیشانەیەکە لە سیستەمێکی سیاسی کە تێیدا دوژمنایەتی بووەتە پێداویستی بۆ مانەوە. هەردوو ڕژێم پێویستیان بە "هەڕەشەی دەرەکی" هەیە بۆ: پاساودانی سیاسەتە ناوخۆییەکانیان. یەکخستنەوەی خەڵک لە پشت دەسەڵات. داپۆشینی شکستە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. درێژە بە بەسەربازیکردنی کۆمەڵگە. تا ئەم سیستەمە بنەڕەتییە نەگۆڕێت – تا ڕژێمەکان نەتوانن بێ دوژمنی دەرەکی مانا بە بوونی خۆیان بدەن – ململانێ و قەیرانەکان بەردەوام دەبن. خەڵکی ئاسایی هەردوو نەتەوە دەبنە قوربانی ململانێیەک کە لە بنەڕەتدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان ناکات، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی ڕژێمە ناکارامەکان دەپارێزێت. ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت پرسیار

لەوە بکەین: ئایا دەکرێت سیستەمێکی سیاسی دروست بکرێت کە شەرعیەتی خۆی لە خزمەتگوزاری و پێشکەوتن وەربگرێت، نەک لە دروستکردنی دوژمن و ترساندنی خەڵک؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، ڕەنگە کلیلی چارەسەری ڕیشەیی ململانێ ناوخۆیی و ناوچەیی و هەرێمایەتییەکانیش بێت.

# دواکەوتن لە گێمە نوێیەکەی هێزدا

دەشتەکانی میزیۆپۆتامیا، کە گەوهەری شارستانیەتن، ئێستا شایەتحاڵی گۆڕانکارییەکی قووڵن کە هێشتا زۆرێک لە چاودێران وەک ئەوەی پێویستە لە دەلالەتەکانی تێنەگەیشتوون. ململانێی ئێستای نێوان ئێران و ئیسرائیل تەنها شەڕێکی دیکە نییە لە زنجیرە درێژەکەی کێشمەکێشە ناوچەییەکان – ئەمە نیشانەی کۆتایی سەردەمێک و دەستپێکی سەردەمێکی نوێیە.

لە ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە بۆ ئەمڕۆ، ئەمە یەکەمینجارە دۆخێک دەبینن کەتێیدا ئەکتەرە سەرەکییەکانی ناوچەکە نە دەوڵەتە عەرەبییەکانن و نە هێزە عەرەبییە بە دەوی و سیاسییەکان. بەڵکو سێگۆشەی ئێران–ئیسرائیل–تورکیا بوونەتە ناوەندی کێبڕکێی جیۆستراتیژی، لە کاتێکدا تا هەنوکە، ناوەندی سیاسەتی ناوچەکە هەر جیهانی عەرەبی بوو – ئێستا خۆی لە پەراوێزی یارییەکەدا دەبینێتەوە.

ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە پەیوەندی بە چەندین فاکتەری ستروکتورییەوە هەیە. یەکەم، لاوازبوونی دەوڵەتە عەرەبییەکان لە ئەنجامی بەهاری عەرەبی و شەڕە ناوخۆیی و مەزهەبی و تائیفییەکان. دووەم، هەڵکشانی ئێران وەک هێزێکی ناوچەیی کە دەیەوێت نەفووزی خۆی لە یەمەنەوە تا لوبنان فراوان بکات. سێیەم، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و توانای سەربازی ئیسرائیل کە مەودای جوگرافی چیتر کاریگەری ئەوتۆی نەماوە.

ئەوەی زیاتر سەرنجڕاکێشە لەم ململانێیەدا، ماهیەتی تەکنیکی شەڕەکەیە. ئێمە لەبەردەم نموونەیەکی نوێی شەڕی هایبریددایین کە تێیدا ئامێرە پێشکەوتووەکانی شوێنکەوتن، هێرشە سایبەرییەکان، و ئۆپەراسیۆنە دەقیقەکان جێگرەوەی تانک و تۆپخانە دەبنەوە. کاتێک ئیسرائیل دەتوانێت بە وردی شوێن جووڵەی بەرپرسانی ئێرانی بکەوێت و لە شوێنە تایبەتەکانیاندا بیانکوژێت، ئەمە واتای ئەوەیە کە مۆدێلی کۆنی "عومقی ستراتیژی" کە ئێران پشتی پێدەبەست، چیتر کارا نییە. ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە، پرسیارە قووڵە ئەخلاقی و یاساییەکان دەورووژێنێت. چ سنوورێک هەیە بۆ

بەکارهێنانی زانیاری کەسی لە شەڕدا؟ چۆن دەتوانین یاسا نێودەوڵەتییەکان نوێ بکەینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە نوێیانەی شەڕ؟

وڵاتانی کەنداو، تایبەت سعوودیە و ئیمارات، خۆیان لە دۆخێکی هەستیاردا دەبیننەوە. لەلایەک نیگەرانن لە بەردەوامبوونی پڕۆژەی فراوانخوازی ئێران. لەلایەکی دیکەوە، دەترسن لە ئەگەری فراوانبوونی شەڕەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر ژێرخانی نەوت و ئابووری. ئەم دۆخە وایلێکردوون کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا بە شاراوەیی و نههێنی بهێڵنەوە و بەهێز بکەن.

عیراق، لوبنان، یەمەن و سووریا – ئەم وڵاتانەی کە ماوەیەکی زۆرە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئێرانەوە – ئێستا لە دۆخێکی لەرزۆکدان. لاوازبوونی توانای ئێران بۆ پاڵپشتیکردنی میلیشیا هاوپەیمانەکانی ڕەنگە دەرفەتێک بێت بۆ ئەم وڵاتانە تا سەروەری خۆیان بگەڕێننەوە، بەڵام مەترسی ململانێی ناوخۆیی و دەستێوەردانی هێزەکانی دیکەش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە هێشتا هێزی کاریگەری سەرەکییە لە ناوچەکەدا، خۆی لە بەردەم هەڵبژاردەیەکی دژواردا دەبینێتەوە. ئیدارەی ئەمەریکی دەیەوێت "بەرزترین فشار" لەسەر ئێران بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی لە سەر مێزی وتوویژ ناچار بە خۆبەدەستەوەدانی بکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ڕێژیمێک کە هەست بە مەترسی بوونیەوی دەکات، دەتوانێ بە شێوەیەکی چالاک لە دانوستاندا بەشداری بکات؟ زیاتر لەوە، واشنتۆن پێویستی بە پاراستنی هاوسەنگییەکی وریایانە هەیە – پشتیوانی لە ئیسرائیل بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ تێوەبگلێت، دڵنیاکردنەوەی هاوپەیمانە عەرەبەکان بەبێ ئەوەی بەڵێنی زیادە بدات و هەوڵدان بۆ سەقامگیری ناوچەیی بەبێ ئەوەی وەک لایەنگر دەرکەوێت.

ئەوەی تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتە ناو قۆناغێکی نوێوە کە تێیدا ڕێسا کۆنەکان چیتر جێبەجێ نابن. هاوسەنگی ترس کە بۆ دەیان ساڵ ناوچەکەی پاراستووە، ئێستا شکستی هێناوە. دیپلۆماسییەتی نەریتی کە پشتی بە ناردنی نێردە و کۆبوونەوەی نهێنی دەبەست، ئێستا جێگەی خۆی داوە بە کردارە یەکلاکەرەوەکان و پەیامە

ڕاستەوخۆکان. ئایا ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ناوچەیی کە زیاتر سەقامگیر بێت، یان دەمانباتە ناو قۆناغێکی درێژخایەنی نائارامی و شەڕی بەردەوام؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە توانای ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی گۆڕانکارییەکان و دەستپێشخەری بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی نوێ بۆ ئاسایش و هاوکاری. ئەگەر شکستیان هێنا لەم هەوڵەدا، ئەوا ناوچەکە ڕووبەڕووی دەیەیەکی دیکە لە ناسەقامگیری و توندوتیژی دەبێتەوە.

دواجار ئەم ململانێیە دەرسێکی گرنگ بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێ لە جیۆپۆلیتیکی سەدەی بیست و یەکدا کار بکەن: تەکنەلۆژیای نوێ نەک تەنها ئامرازەکانی شەڕ دەگۆڕێ، بەڵکو خودی سروشتی هێز و نفووزی جیۆپۆلیتیکیش دەگۆڕێ. ئەو ناوچانەی کە ئامادە نین بۆ ئەم گۆڕانکارییە، مەحکوومن بە دواکەوتن لە گێمە نوێیەکەی هێزدا.

# وەهمی پانکردنەوەی سەری مارەکە

سەیری وێناکردنی خەونی سەری زلهێزەکان بکە – ئەوانەی لایان وایە گوللەیەک دەتوانێ مێژوو بنووسێتەوە. بنیامین نەتانیاهۆ، لە چاوپێکەوتنکەی "ABC"دا، جارێکی دیکە ئەو خەیاڵە کۆنەی هێنایەوە سەر شانۆ: "کوشتنی خامنەیی شەڕ دەوەستێنێت، نەک گەورەی بکات." قسەیەک کە لە سادەیی خۆیدا، قووڵایی نەزانی مێژوویی و سیاسی دەردەخات. لێرەدا، لە نێوان دیوارە ڕووخاوەکانی تاران و کۆڵانە خوێناوییەکانی تەلئەبیب، پرسیارێکی گەورەتر سەرهەڵدەدات، ئایا مرۆڤایەتی هێشتا هیچ لە هەڵەکانی ڕابردوو فێر نەبووە؟

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

پێش ئەوەی بچینە ناو قووڵایی باسەکە، دەمەوێت شتێکی گرنگ ڕوونبکەمەوە. ئەم وتارە بە هیچ شێوەیەک بەرگری لە دیکتاتۆر یان ڕژێمە دیکتاتۆر و تاوانبارەکان ناکات. ئێمە قوربانی کیمیاباران، ئەنفال و جینۆسایدین لەلایەن سەددام

حوسێن، دەیان ساڵیشە کەوتووینەتە ژێر سەرکوت، ئێعدام و زیندانی سیاسی ڕژێمی ئێرانەوە، بۆیە زۆر باش لە قووڵایی تاوان و دڕندەیی ئەم ڕژێمانە تێدەگەم و ئاگادارم. بەڵام ڕەخنەگرتن لە ستراتیژی "کوشتنی ڕێبەران – سەری مارەکە" تەنها ڕەخنەیەکە لە شێوازی چارەسەرکردن، نەک پاکانەکردن بۆ تاوانەکانیان. بە پێچەوانەوە، پێموایە دادپەروەری ڕاستەقینە بە دادگاییکردنی یاسایی و ئاشکراکردنی تاوانەکان دێتە دی، نەک بە تیرۆری دەوڵەتی.

## میتافۆری مارەکە

ڕۆژانێک، لە دەستپێکی سەدەی بیست و یەکدا، سەرێکی دیکە لە کۆشکی سپیدا بڕیاری دا "سەری مار"ەکە بپەڕێنێت. جۆرج بوش وایدەزانی بە لەناوبردنی سەددام حوسێن – ئەو جەلادەی کە دەستی بە خوێنی سەدان هەزار کورد و عیراقی و خەڵکانی بێتاوان سوور بوو – عیراق دەبێتە گوڵستانی دیموکراسی. ئەمڕۆ، دوای بیست و دوو ساڵ، منداڵانی فەللوجە، موسڵ و شەنگال، هێشتان لە ژێر کاولکاریی و ناسەقامگیریدا، لەبری ژیان، خەون بە ئاشتی و سەقامگیرییەوە دەبینن. داعش، ئەو بەرهەمە شەیتانییەی

بۆشایی دەسەڵات، میراتێک بوو کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد – بە تایبەتی بۆ ئێزیدییەکان کە جینۆسایدێکی دیکەیان بەسەرهات. نەتانیاهۆ، کە دەڵێ "خامنەیی وەک هیتلەرە"، لەبیری دەکات کە دوای مردنی هیتلەریش، نازیزم بەو خێراییە نەمرد. بەڵکو پێویستی بە ساڵانێکی درێژ و پرۆسەیەکی ئاڵۆز هەبوو بۆ ڕیشەکێشکردنی.

## وەهمی چارەسەرە خێراکان

کاتێک نەتانیاهۆ بانگەشەی ئەوە دەکات کە کوشتنی ڕێبەری باڵای ئێران "شەڕ دەوەستێنێت"، پێمان دەڵێت کە لە چەند ڕاستییەکی بنەڕەتی غافڵە، یەکەم: ئێران کەسێتییەک نییە، سیستەمێکە. کۆماری ئیسلامی بریتینییە لە خامنەیی بە تەنها. ئەو هەر چەند گرنگ بێت، دواجار تەنها بەشێکە لە کۆمەڵە دامەزراوەیەکی وەک شورای نیگابان، مەجلیسی خوبرەگان، سوپای پاسداران، بازاڕییەکان و ملیۆنەها ئێرانی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستن بە سیستەمەکەوە. دووەم: بۆشایی دەسەڵات قەت بە بەتاڵی نامێنێتەوە. لە فیزیادا فێربووین کە سروشت ڕقی لە بۆشاییە. لە سیاسەتیشدا، هەمان یاسا کاردەکات. کوشتنی موعەممەر

قەزافی – کە خۆی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ بوو – لیبیای گۆڕی بۆ دۆزەخێک کە تائێستاش دەکوڵێ. لەناوچوونی سەددام – جەلادی هەڵەبجە و ئەنفال – عیراقی نەبردە بەر ڕووناکی، بەڵکو دەرگەی بۆ شەڕی تایفی و دواتر سەرهەڵدانی داعش کردەوە. سێیەم: تۆڵە، میکانیزمێکی زیندووە لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە کەلتووری سیاسی ناوچەکەدا، خوێنی سەری گەورە نابێتە کۆتایی ململانێ، بەڵکو دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی خوێناویتر. سەیری کوژرانی قاسم سلێمانی بکە – ئایا ململانێی ئێران و ئیسرائیل کەمی کرد یان زیادی کردوە؟

## کورد لە نێوان دوو ئاگردا

وەک نەتەوەیەک کە قوربانی هەردوو ڕژێمی تاران و بەغدا بووین، ئێمەی کورد لە هەموو کەس باشتر دەزانین کە گۆڕینی دیکتاتۆرێک بە ناسەقامگیری یان دیکتاتۆرێکی تر چارەسەر نییە. ئەزموونی تاڵمان هەیە لەوەی کە چۆن بۆشایی دەسەڵات دەبێتە مەیدانی ململانێی هێزە توندڕەوەکان و زۆرجار خەڵکی بێتاوان – تایبەت کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان – دەبنە قوربانی یەکەم. کوردستان خۆی

نموونەیەکی زیندووە: دوای ڕووخانی سەددام، بەشێک لە کوردستان بووە پەناگەی ئاوارە و پەنابەران و هەڕەشەی داعش و میلیشیا شیعەکان جێگەی هەڕەشەی بەعس و سەددامیان گرتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، سەرکوتی ڕژێمی ئێران بەردەوامە و هەر گۆڕانکارییەکی ناسەقامگیرکار دەتوانێت ببێتە هۆی کارەساتی گەورەتر بۆ کورد.

## لە کوێوە هاتووین و دەچین بۆ کوێ؟

ئەمڕۆ، کاتێک گوللە و مووشەکەکان لە نێوان تاران و تەل ئەبیبدا دێن و دەچن، گیانی ئەوانەی لە هەردولا بوونەتە قوربانی، تەنها دەستپێکە. وڵاتانی عەرەبی ئەوانەی ڕۆژگارێک دوژمنی سەر سەختی ئێران بوون، ئێستا بە توندی ئیدانەی هێرشەکانی ئیسرائیل دەکەن. سعودیە، کە ماوەیەک خەونی بە هاوپەیمانی ئیسرائیل دەبینی دژی ئێران، ئێستا دەڵێت ئیسرائیل "سەروەری برا ئیسلامییەکەی" پێشێل کردوە. ئەمە تەنها هەر دیپلۆماسییەت نییە. ئەمە نیشانەی گۆڕانێکی قووڵە لە تێگەیشتنی ناوچەیی: کەس ناتوانێت لە شەڕێکی بێکۆتاییدا سەرکەوتوو بێت.

## مرۆیی بوون یان بە کۆمەڵایەتی کردنی کارەساتەکان

با قسە لەسەر ئەوانە بکەین کە لە ململانێ سیاسی و جەنگە خوێناوییەکاندا هەمیشە لەبیر دەکرێن - خەڵکی ئاسایی. لە تاران، دایکێک منداڵەکانی لە خوێندنگە دەهێنێتەوە، گوێی لە دەنگی فڕۆکە جەنگییەکانە. لە تەل ئەبیب، باوکێک بە پەلە بەرەو پەناگا دەڕوات، منداڵە ترساوەکەی لە باوەش گرتووە. نەتانیاهۆ دەڵێت "ئێمە بە خەڵکی تاران دەڵێین شارەکە چۆڵ بکەن." ئەی باشە ١٤ ملیۆن کەس دەبێ بۆ کوێ بڕۆن؟ ئەم پرسیارە سادەیە، ڕووبەڕووی بێمرۆیی ستراتیژییەکی وەهامان دەکاتەوە. ئێمەی کورد کە ئەزموونی کۆچی زۆرەملێ و ئەنفال و کیمیابارانمان هەیە، باش دەزانین مانای ئەوە چییە کە پیاوانی دەسەڵات بڕیاری کۆچکردنی ملیۆنان بدەن. کاتێک سیاسەتمەداران لە ژوورە گەرمەکانی بڕیاردا دانیشتوون و قسە لەسەر "ئامانجە ستراتیژییەکان" دەکەن، ئەوان ناتوانن بۆنی سووتانی گۆشتی مرۆڤ بکەن، ناتوانن هاواری منداڵان ببیستن، ناتوانن فرمێسکی دایکانی داماو ببینن، ناتوانن لە برسێتی و قات و قڕی و قەیرانە مرۆییەکان تێبگەن.

## پارادۆکسی هێز

یەکێک لە سەیرترین لایەنەکانی ئەم ململانێیە ئەوەیە کە هەردوو لای پێکهەڵپڕژاو خۆیان بە بەهێز دەزانن. ئیسرائیل، بە تەکنەلۆژیا سەربازییە پێشکەوتووەکەی و پشتیوانی ئەمەریکا، وا دەزانێت دەتوانێت "کێشەی ئێران" بە هێزی سەربازی چارەسەر بکات. ئێرانیش، بە میلیشیا هاوپەیمانەکانی و بەرنامە ئەتۆمییەکەی، پێیوایە دەتوانێت ئیسرائیل ناچار بە پاشەکشە بکات. بەڵام هەردووکیان هەڵەن. هێز، بێ ستراتیژییەکی ڕوون بۆ ئاشتی، تەنها دەبێتە هۆی وێرانەیی زیاتر. ئێمەی کورد کە لە نێوان ئەم دوو هێزەدا پەرتەوازە بووین، شایەتحاڵی ئەوەین کە هێز بە تەنها ناتوانێت دادپەروەری بەدی بهێنێت.

## پرسیارە نەکراوەکان

کاتێک نەتانیاهۆ لە کامێراکان دەڕوانێ و بەڵێنی "کۆتاییهێنان بە ململانێ" دەدات، چەند پرسیارێک لە هەوادا دەمێننەوە: ئەگەر خامنەیی بکوژێت، ئایا کێ جێگەی دەگرێتەوە؟ ئایا جێگرەوەکەی میانەڕەوتر دەبێت یان توندڕەوتر؟ ئایا میلیشیاکانی عیراق و لوبنان و یەمەن

دەوەستن، یان دەبنە سەگی هاری بێخاوەن؟ ئایا خەڵکی ئێران، کە زۆرینەیان گەنجن و ماندوون لە گەمارۆ ئابوورییەکان، هەستی نەتەوەییان دژی ئیسرائیل بەهێزتر نابێت؟ ئایا چین و ڕووسیا، کە بەرژەوەندییان لە ئێران هەیە، بێدەنگ دەبن؟ ئەی چ کاریگەرییەکی لەسەر کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەبێت؟

## وانە گرنگە مێژووییەکان

مێژوو پڕە لە نموونەی ئەو کەسانەی وایان زانیوە دەتوانن بە کوشتنی سەری مارەکە و کوشتن بە گشتی، کێشە چارەسەر بکەن: ڕۆمەکان وایاندەزانی بە لە خاچدانی مەسیح، دەتوانن ئایینەکەی بنبڕ بکەن. کەچی ئەمڕۆ، ٢.٤ ملیار مەسیحی لە جیهاندا هەن. ئینگلیزەکان وایاندەزانی بە ناردنی ناپلیۆن بۆ دوورگەی سەینت هێلینا، دەتوانن میراتەکەی لەناو ببەن. بەڵام بیرۆکەکانی ناپلیۆن بوونە مایەی سەرهەڵدانی شۆڕش لە سەرتاسەری ئەوروپادا. ئەمەریکییەکان وایاندەزانی بە کوشتنی بن لادن، دەتوانن ئەلقاعیدە لەناو ببەن. بەڵام داعش سەریهەڵدا، توندڕەوتر و خوێناویتر، شەنگالییەکان و کورد

به تایبەتی بوونە قوربانی و ئامرازی بەرەنگاربوونەوە و لە کۆتایشدا باجێکی گەورەتر.

## ڕێگەی دیکە هەیە

دواجار، نە پرسیارەکە و نە خەمەکەش ئەوەنین ئایا ئیسرائیل دەتوانێ خامنەیی بکوژێت. بێگومان دەتوانێت. بەڵکو ئەوەن: دوای ئەوە چی ڕوودەدات؟ ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت هەردوو لا تێبگەن کە ئەمنییەت بە کوشتنی دوژمن بەدەست نایەت، بەڵکو بە دروستکردنی ئاشتی. شکۆمەندی لە بەخشین و لێبووردندایە، نەک لە تۆڵەسەندنەوە. میراتی ڕاستەقینە ئەوە نییە چەند دوژمنت کوشتووە، بەڵکو چەند منداڵت پاراستووە. نەتانیاهۆ دەڵێ "ئەمڕۆ تەل ئەبیبە، سبەی نیویۆرکە." بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی ئەو دەیەوێت. ئەمڕۆ ئەگەر بێدەنگ بین لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە تاران، سبەی دەنگی بۆمبەکان لە شارەکانی خۆشمان دەبیستین. جیهان بچووکترە لەوەی بتوانین خۆمان لە کاریگەری کارەساتەکانی یەکتر بپارێزین. ئێمە هەموومان لە یەک کەشتیداین و ئەگەر کەشتییەکە نوقم بێت، هەموومان نوقم دەبین. ڕەنگە ڕۆژێک بێت نەوەکانی داهاتوو سەیری ئەم

سەردەمە بکەن و بپرسن: "بۆچی نەیانتوانی هیچ لە وانەکانی ڕابردوو فێر بن؟ بۆچی هەمان هەڵەیان دووبارە کردەوە؟" وەڵامەکە ئاسان نییە. بەڵام ڕەنگە لەوەدا بێ کە مرۆڤ، بە هەموو زیرەکی و تەکنەلۆژیاکەیەوە، هێشتا گیرۆدەی هەمان کین و ترس و ئارەزووی دەسەڵاتە کە هەزاران ساڵە ڕێنمایی دەکات. تا ئەو ڕۆژەی فێر دەبین جیاوازی لە نێوان هێز و دانایی، لە نێوان سەرکەوتنی کاتی و ئاشتی هەمیشەیی، لە نێوان دادپەروەری و تۆڵە، ئەوا مەحکومین بە دووبارەکردنەوەی هەمان تراژیدیاکان، تەنها بە چەکی نوێتر و قوربانی زیاتر. تەنها بە تێگەیشتنی قووڵ لە ڕیشەی کێشەکان دەتوانێ ڕێگەی چارەسەری و دادپەروەرانە بدۆزینەوە.

# بۆچی ئیسرائیل جیاکاری دەکات؟

بەرەبەیانی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کاتێک فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل ئاسمانی ئێرانیان تەنی، جیهان بوو بە شایەتحاڵی قۆناغێکی نوێ لە ململانێی ناوچەیی. ئەوەی لەم پێشهاتەدا سەرنجڕاکێشە بژاردەی ئامانجەکانە – لیستێک بە وردی کەسایەتییە نیزامییەکانی لەخۆ گرتووە و سیاسییەکانی هەڵداوەتە دەرەوەی بە ئامانج گرتنەوە. ئەم جیاکارییە، لە سەرووی هەر شتێکەوە، دەکرێ وەک چاوگێک بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژی هاوچەرخی شەڕ و مەنتقی دەوڵەتان لە "کوشتنی بەئامانج"دا ببیندرێ.

## کاتێک خوێن دەبێتە سیاسەت

بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی تیۆری شەڕی عادلانە کە "مایکڵ والزەر" لە کتێبی "شەڕە عادلانەکان و ناعادلانەکان"دا باسی دەکات. والزەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شەڕ، تەنانەت لە خراپترین حاڵەتیشدا، پێویستە قەیدوبەندی ئەخلاقی هەبێت. بەڵام ئایا

ئەوەی ئەمڕۆ لە شەڕی نێوان ئێران–ئیسڕائیل یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی دەیبینین، وەرچەرخانە لەم بنەمایانەدا؟ کاتێک ئیسرائیل جیاوازی دەکات لە نێوان سەلامی و پزیشکیان، ئایا ئەمە پابەندبوونە بە یاسای نێودەوڵەتی، یان ستراتیژییەکی قووڵترە؟ کارڵ فۆن کلاوزڤیتز، تیۆریستی کلاسیکی شەڕ، دەڵێت "شەڕ درێژکراوەی سیاسەتە بە ئامرازی جیاواز." بەڵام ئەمڕۆ، کوشتنی بە ئامانج بۆتە درێژکراوەی دیپلۆماسی بە ئامرازی تیرۆر.

## یاسا وەک پەردەیەک بۆ ستراتیژی

ئیسرائیل، لەم جیاکاری بە ئامانجگرتنەدا، ڕەنگە ئەگەر وەک تاکتیکیش بیت، لەم ڕێگەیەوە بیەوێ بانگەشەی پابەند بوون بە پرەنسیپی جیاکاری لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆییدا بکات، وەک بنەمای کۆنڤانسیۆنەکانی جنێڤ، کە دەڵیت لایەنەکانی شەڕ جیاوازی بکەن لە نێوان شەڕکەران و کەسانی مەدەنی.

تۆ لەوەگەڕێ، بەم ڕێگەیە کێ دەیەوێ ڕەوایەتی بە ناڕەوایەتی بدات، پرسیارە گرنگەکە لێرەدا وەک ئەوەی

"جودیت باتلەر" – فەیلەسوفی ئەمریکی لە کتێبی "چوارچێوەکانی شەڕ"دا دەڵێت ئەوەیە: کێ دیاری دەکات کێ "شەڕکەر"ە و کێ "مەدەنی"یە؟ ئایا زانایەکی ئەتۆمی کە لە ژووری تاقیگەکەیدا کار دەکات، شەڕکەرە؟ یان ئەی ئایا وەزیرێک کە سیاسەتی دەرەوە دیاری دەکات، مەدەنییە؟ ئەم پرسیارانە تەنها تیۆری نین. لە حاڵەتی فەریدون عەباس داوانی، زانای ئەتۆمی ئێرانی، بەلای ئیسرائیلەوە دەبینین کە ئەو "ئامانجێکی ڕەوا"یە. بەڵام ئەم بڕیارە لەسەر چ بنەمایەک درا؟ ئایا بەشداری لە پرۆژەیەکی زانستیدا کە دەتوانێ کەڵکی نیزامی هەبێت، بەسە بۆ ئەوەی کەسێک بکەیتە ئامانجی کوشتن؟

## سایکۆلۆژیای دەسەڵات و ترس

میشێل فوکۆ، فەیلەسوفی فەڕەنسی، لە تیۆری "بایۆپاوەر"دا باس لەوە دەکات کە چۆن دەوڵەتە مۆدێرنەکان دەسەڵاتیان بەسەر ژیان و مەرگی تاکەکاندا سەپاندووە. ئەوەی ئیسرائیل دەیکات، نموونەیەکی ڕوونە لەم جۆرە دەسەڵاتە – دیاریکردنی ئەوەی کێ دەژی و کێ دەمرێت، بەپێی حیساباتی ستراتیژی. دیارە بەئامانجگرتنی کەسە نیزامییەکان لە دیدی

سایکۆلۆژی سیاسیدا، چەند ئامانجی هەیە، یەکەم: دروستکردنی دۆخی بەردەوامی ترس لەناو ڕیزەکانی سوپادا. وەک حەننا ئارێنت لە "سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزم"دا دەڵێت، ترس ئامرازێکی کاریگەرە بۆ کۆنترۆڵکردن و لاوازکردنی دوژمن. دووەم: نیشاندانی توانا و زانیاری. هەر هێرشێک پەیامێکە: "ئێمە دەزانین لە کوێن، کەی دێن و دەچن و دەتوانین لە هەر کاتێکدا بمانەوێت بیانکوژین." سێیەم: پاراستنی شەرعیەتی نێودەوڵەتی. لێرەدا ئیسرائیل هەوڵدەدات خۆی وەک دەوڵەتێکی "بەرپرسیار" نیشانی جیهان و ڕایگشتی بدات کە "قەیدوبەندەکانی شەڕ" ڕەچاو دەکات.

## کاتێک ئەخلاق دەبێتە قوربانی پراگماتیزم

ئیمانوێل لیڤیناس، فەیلەسوفی فەڕەنسی-جولەکە، جەخت لەسەر بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بەرامبەر "ئەوی دیکە" دەکات بەڵام لە سیاسەتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، "ئەوی دیکە" بۆتە دوژمنێک کە دەبێت لەناو ببرێت، نەک کەسێک کە بەرپرسیارێتیمان بەرامبەری هەیە. ئەم ئەوە دەردەخات کە هانا یاسپێرس ناوی دەنێت "بێویژدانی سیاسی" واتا حاڵەتێک کە تێیدا بەرژەوەندی ستراتیژی تەواو بەسەر

پێوەرە ئەخلاقییەکاندا زاڵ دەبێت. بیر لەوە بکەوە، لە جیهانێکدا کە تێیدا دەوڵەتەکان دەتوانن بڕیار بدەن کێ بژی و کێ بمرێت بەبێ دادگایی، بەبێ تاوان، تەنها لەسەر بنەمای "مەترسی ئایندە"، ئایا هیچ کەسێک سەلامەتە؟

## دەرئەنجامەکانی ستراتیژی جیاکاری

جیاکاری نێوان کەسایەتییە نیزامی و سیاسییەکان، لە ڕواڵەتدا دەرکەوتەی عەقڵانیەت و پابەندبوونە بە یاسا. بەڵام لە قووڵاییدا، پڕە لە ناکۆکی و دووفاقی. پارادۆکسی یەکەم: زۆرێک لە کەسایەتییەکانی ئێران هەردوو ڕۆڵی نیزامی و سیاسییان هەیە. سوپای پاسداران خۆی دامەزراوەیەکی سیاسی-نیزامییە. چۆن دەتوانیت جیاوازی بکەیت لە نێوان ڕۆڵەکان کاتێک تێکەڵ بوون؟ پارادۆکسی دووەم: ئایا کوشتنی فەرماندەیەکی نیزامی کاریگەری کەمتری سیاسی هەیە لە کوشتنی وەزیرێک؟ واقیع پێچەوانەکەی دەردەخات. کوشتنی قاسم سولەیمانی لە ٢٠٢٠ کاردانەوەی گەورەتری هەبوو لە زۆرێک لە کوشتنە سیاسییەکان. پارادۆکسی سێیەم: ئەم ستراتیژییە گریمانەی ئەوە دەکات کە دەتوانیت "شەڕێکی سنووردار" بکەیت. بەڵام وەک کارڵ شمیت تیۆریستی سیاسی

ئەڵمانی دەڵێت، شەڕ سروشتێکی فراوانخوازی هەیە. هەر کوشتنێک دەبێتە بیانوو بۆ کوشتنی دیکە.

## ئایندەی تاریک – کاتێک کوشتن دەبێتە نۆرم

ئەوەی نیگەرانیهێنەرە، نۆرماڵبوونی کوشتنی بە ئامانجە. کاتێ دەوڵەتەکان ئازادانە دەتوانن بڕیار لە مەرگی کەسانی دیکە بدەن، بە تەنها لەسەر بنەمای تەحلیلی هەڕەشە، دەکەوینە دۆخێک یان جیهانێکەوە کە تێیدا هیچ کەسێک سەلامەت نییە. جورجیۆ ئاگامبێن، فەیلەسوفی ئیتاڵی، باس لە "حاڵەتی نائاسایی" دەکات کە تێیدا یاسا هەڵدەپەسێرێت و دەسەڵات ڕەها دەبێت. ئەوەی لە شەڕی "ئیسڕائیل – ئێران" دەیبینین، بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتەیە – جیهانێک کە تێیدا هەموو "نائاسایی" بوونێک بۆتە "ئاسایی"بوون. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئەمڕۆ ڕێگە بە ئیسرائیل بدەین فەرماندە نیزامییەکانی ئێران بکوژێت، سبەینێ کێ ڕێگە بە کێ دەدات و بۆ کوشتنی کێ؟ لێرەوە دەرگەیەک دەکرێتەوە کە دواتر ناتوانرێ دابخرێت؟

## پرسیاری ویژدانی

وەک نووسەر یان ڕۆژنامەنووسێک کە دەیان ساڵە شەڕەکانی ئەم ناوچەیە دەبینم، دەتوانم بڵێم: هیچ کوشتنێک هەرچەند "یاسایی" یان "ستراتیژی" بێت، ناتوانێت ئاشتی بهێنێت. بە قەولی کاکە حەمە "کوشتن کوشتنە و تەنها کوشتنی زیاتر بە دوای خۆیدا دەهێنێت". جیاکاری نێوان کەسایەتییە نیزامی و سیاسییەکان، لە بنەڕەتدا، هەوڵێکە بۆ پاراستنی ڕووکەشێک لە "شارستانیەت" لە شەڕێکدا کە لە بنەماوە ناشارستانییە. بەڵام ئەم هەوڵە خۆی گرفتە، چونکە قبوڵکردنی کوشتنی هەندێک کەس، دەرگە بۆ کوشتنی کەسانی دیکە دەکاتەوە.

ئالبێر کامۆ نووسەر و بیرمەندی فەڕەنسی-جەزایری، کە خۆی شایەتحاڵی توندوتیژی کۆلۆنیالیزم بوو، دەڵێت: "مرۆڤ یان بکوژە یان یاریدەدەرە، حاڵەتی سێیەم نییە." ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەداخەوە زۆرینە یەکەمی بژاردە کردووە. ئێستا ئەوەی ڕوونە تەنها شتێکە، ئەویش ئەوەیە: تا دەوڵەتان هەر خۆیان دادوەر و جەللادی هاوکات بن، خوێن هەر دەڕژێت. دواجار هەمووومان - چ نیزامی چ مەدەنی - قوربانی ئەم چەرخە کوێرەی توندوتیژی دەبین.

# تەنگەی هۆرمز، وەک خۆکوژی ستراتیژی

تێپەڕبوونی ٢١٪ی نەوتی جیهان لە ڕێگەی تەنگەیەکی ٣٩ کیلۆمەتری، بە تایبەت لەم دۆخە پڕ لە ئاگر و ئافات بارانەی شەڕی "ئیسرائیل-ئێران"دا، ئەوانەی هەڕەشە بە داخستنی دەکەن، ڕووبەڕووی پرسیارێکی گەورە دەکاتەوە: ئایا دەکرێت هەڕەشەی وێرانکردنی خۆت ببێتە چەکێکی دیپلۆماسی؟

تەنگەی هۆرمز، ئەو دەروازە تەسکەی نێوان ئێران و عەمان، نموونەیەکی بێوێنەیە لە پارادۆکسی جیۆپۆلەتیکی. ئێران کە بە ٢٠٠٠ کیلۆمەتری کەناراوەکانی کەنداوی فارس و سەدان بەلەمی خێرا و مووشەکی دژە کەشتی، توانای کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕێڕەوە حەیاتییەی هەیە و هەڕەشەی داخستنی دەکات، چونکە ٩٠٪ی هەناردەی نەوتی خۆیشی هەر لەم ڕێگەیەوە دەڕوات، داخستنی دەبێتە تەپکە و تەڵە و داوێک کە بەر لەوانی تر، قاچ و قولی خۆی دەگرێت.

ئەم هزرینە ئێرانییە، لە تیۆری ستراتیژیدا پێیدەڵێن "قەناعەی سامسۆن" – وێرانکردنی خۆت بە ئامانجی زیانگەیاندنی زیاتر بە دژمنەکەت. وەکچۆن لە قەیرانی تانکەرەکانی ١٩٨٧–١٩٨٨ دا ڕوویدا، ئەمە جگە لەوەی هەڕەشەی داخستنی تەنگەکە، دەتوانێ نرخی نەوت بە ڕێژەی ٥٠–١٠٠٪ بەرز بکاتەوە، ئەمەش جێبەجێکردنی ئەستەم دەکات، کەواتا ستراتیژییەتی ئێران لەم "داخستن"ـە پتر لە چوارچێوەی هەڕەشەدا دەمێنێتەوە نەک داخستنێکی ڕاستەقینە. ئەم جیاوازییە وەک جیاوازی خاوەنداریێتی چەکی ناوەکی و بەکارهێنانیەتی، هێزەکەی لە بوونییدایە، نەک لە بەکارهێنانیدا.

ئێران دەتوانێ بە دیاریکراوی ڕێگە لە کەشتییەکانی هەندێک وڵات بگرێت، بە تایبەتی ئەوانەی پشتگیری سیاسەتە دژە ئێرانییەکان دەکەن. بەخاتری ئەوەی کە درزێک بخاتە نێوان هاوپەیمانی ڕۆژئاواوە، چونکە وڵاتانی وەک چین (٤٤٪)ی نەوتەکەی و ژاپۆن (٨٧٪)ی نەوتەکەی)لەم ڕێگەیەوە دێت. چارەسەری ئەم گرێ کوێرە جیۆپۆلەتیکییە لە دیالۆگ و دانوستاندایە، نەک لە هەڕەشە و ململانێدا. پێویستە

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی میکانیزمی نوێ دابڕێژێت کە بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان بپارێزێت – دەستەبەرکردنی ئازادی کەشتیوانی لەگەڵ ڕەچاوکردنی نیگەرانییە ئەمنییەکانی ئێران.

دەکرێ لە تەنگەی هۆرمزەوە تێبگەین کە لەم سەردەمی گلۆبالیزەیشنەیشدا، هێشتا جوگرافیا دەتوانێت چارەنووس دیاری بکات، یان هەندێکجار لاوازترین خاڵ دەتوانێت ببێتە بەهێزترین کارت – ئەگەر بزانیت چۆن بەکاری بهێنیت.

# ساتەوەختە هەستیارەکە

کاتێک سەیری نەخشەی سیاسی و سەربازیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین لەم ساتەوەختەدا، ڕووبەڕووی یەکێک لە هەرە ئاڵۆزترین قۆناغەکانی دەیەی ڕابردوو بۆتەوە. ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێران گەیشتووەتە خاڵێک کە مەترسیی گەورەی بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە و تەنانەت جیهان دروست کردووە.

## دۆخی سەربازی – واقیعێکی تاڵ

بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بە دیدێکی زۆر سادە سەیری کێشەی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران دەکات. ئەو پێیوایە کە بە چەند هێرشێکی وردی ئاسمانی دەتوانێت کۆتایی بە خەونی ئەتۆمیی تاران بهێنێت. بەڵام ڕاستییەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە. ئێران ئێستا گەیشتووەتە ئاستی "دەروازەی ئەتۆمی" یان بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت "nuclear threshold". ئەمە واتە تاران خاوەنی هەموو زانیاری و تەکنەلۆژیا و کەرەستەی پێویستە بۆ دروستکردنی

بۆمبی ئەتۆمی. تەنها شتێک کە ماوە بڕیارێکی سیاسییە لە ئاستی بەرزی ڕێبەرایەتیدا.

هێرشەکانی ئیسرائیل، هەرچەندە وردیش بن، ناتوانن ئەم واقیعە بگۆڕن. زۆرینەی شارەزایانی بواری ئەتۆمی لەسەر ئەم ڕایەن کە هێرشی سەربازی تەنها دەتوانێت: ماوەی دروستکردنی بۆمبەکە لە چەند مانگەوە بۆ یەک تا دوو ساڵ درێژ بکاتەوە. تێچووی دارایی و تەکنیکیی پرۆژەکە زیاد بکات و هەندێک لە دامەزراوە سەرەکییەکان تێک بدات، بەڵام ناتوانێت بە تەواوی پرۆگرامەکە لەناو ببات، بە تایبەتی کە ئێران زۆرینەی چالاکییە هەستیارەکانی بۆ ژێر زەوی گواستووەتەوە.

## ستراتیژیی ترامپ

دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا، خۆی لە دۆخێکی زۆر دژواردا دەبینێتەوە. لە لایەکەوە، ئەو لە هەڵبژاردنەکەدا بەڵێنی دابوو کە ئەمریکا لە شەڕە بێسوودەکان دوور بخاتەوە و سەرچاوەکانی واشنتن بۆ بنیاتنانەوەی ناوخۆ تەرخان

بکات. لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل پەیوەندییەکی ستراتیژی و قووڵە کە ناتوانێت بە ئاسانی پشتگوێی بخات.

ترامپ دەیەوێت وەک "بازرگانی گەورە" یان "deal maker" دەربکەوێت، کەسێک کە دەتوانێت ڕێککەوتنی مەزن ئەنجام بدات. بەڵام نەتانیاهۆ بە کردارەکانی، دەرگەی هەموو چارەسەرێکی دیپلۆماسی داخستووە. ئەمە ترامپ دەخاتە بەردەم دوو ڕێگەی خراپ، یەکەم پشتگیریکردنی ئیسرائیل و بەشداریکردن لە شەڕێکی فراوان کە دەتوانێت ئەمریکا بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێڵێتەوە، دووەم جێهێشتنی ئیسرائیل بە تەنها، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوپەیمانێکی سەرەکی و ڕەخنەی توندی لۆبی ئیسرائیلی لە ناوخۆی ئەمریکادا.

## سیناریۆکانی داهاتوو

لەم ماوەیەدا، چاوەڕوان دەکرێت شەڕەکە بە هەمان شێوە درێژە بکێشێت. ئیسرائیل هەوڵ دەدات هێرشەکانی قووڵتر بکاتەوە و زیانی زیاتر بە ژێرخانی سەربازی و ئەتۆمیی ئێران بگەیەنێت. لە بەرامبەردا، ئێران و هاوپەیمانەکانی بەرپەرچدانەوەکانیان چڕتر دەکەنەوە. ئەم قۆناغە بە زیادبوونی ژمارەی قوربانییەکان و تێکچوونی زیاتری ژێرخانی ئابووری هەردوو وڵات تەواو دەبێت. هەروەها ئەگەرێکی بەرزە کە شەڕەکە کشانی زیاتری هەبێت و وڵاتانی تر ناچار بکات هەڵوێست وەربگرن.

## مامناوەند (١–٣ مانگ)

دوای ماندووبوونی هەردوو لای شەڕەکە و زیانە گەورەکان، چاوەڕوان دەکرێت هێزە نێودەوڵەتییەکان دەست بخەنە کار. چین و ڕووسیا، کە هەردووکیان پەیوەندیی باشیان لەگەڵ ئێران هەیە، هەوڵی ناوبژیوانی دەدەن. نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپاش هەوڵەکانیان چڕ تر دەکەنەوە. لەم قۆناغەدا، ئەگەری ڕاگەیاندنی ئاگربەستێکی کاتی یان ناجێگیر هەیە. بەڵام ئەم ئاگربەستە تەنها چارەسەرێکی

ڕووکەشە و گرێی کێشە بنەڕەتییەکان ناکاتەوە. هەردوولا بۆ قۆناغی داهاتوو خۆیان ئامادە دەکەن.

### درێژخایەن (٦ مانگ – ساڵێک)

ئەم قۆناغە گرنگترین و مەترسیدارترین قۆناغە. دوو ئەگەری سەرەکی لەبەردەمماندایە، ئەگەری یەکەم: ئێران بڕیاری کۆتایی دەدات، ئەگەر فشارە سەربازی و ئابوورییەکان درێژە بکێشن، ئێران دەتوانێت بڕیار بدات کە بە فەرمی ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی. ئەم بڕیارە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هاوسەنگی هێزی ناوچەکە دروست دەکات و دەبێتە هۆی دەستپێکردنی کێبڕکێیەکی ئەتۆمی لە ناوچەکە، هەوڵی عەرەبستانی سعودی و تورکیا بۆ دەستکەوتنی چەکی ئەتۆمی، گۆڕینی سیاسەتی ئیسرائیل لە "پێشگیری" بۆ "بەرگری". ئەگەری دووەم: گۆڕانی ڕژێم لە ئێران قەیرانی ئابووری، نارەزایەتیی ناوخۆ و فشارەکانی شەڕ دەتوانن ببنە هۆی لاوازبوونی زیاتر و تەنانەت ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران و گۆڕانکاریی بنەڕەتی.

## تراژیدیای بەردەوام

ئەوەی جێگەی داخە ئەوەیە کە هیچ لایەک ناتوانێت بە تەواوی سەرکەوتوو بێت لەم ململانێیەدا. ئیسرائیل ناتوانێت بە هێزی سەربازی کۆتایی بە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران بهێنێت. ئێرانیش ناتوانێت ئیسرائیل ناچار بکات دەست لە سیاسەتەکانی هەڵبگرێت. تەنها ڕێگەچارەی واقیعی بریتییە لە وەستانی دەستبەجێی شەڕ و کشانەوە بۆ سنوورە پێشووەکان، دەستپێکردنی دانوستانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە ناوبژیوانی ئەمریکا، دانانی میکانیزمێکی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و پێدانی گەرەنتیی ئەمنی بۆ هەردوو لا لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی فراوانەوە.

# پێنج ملیار دۆلار 'نەفرەت'

ئەگەر یەکێک پرسیاری لێکردی چۆن دەکرێت لە یەککاتدا هەم دۆست و هەم دوژمنی کەسێک بیت، پێی بڵێ سەیری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بکات- ئەو کەسەی کە هەردەم لە دوو شوێنی دژبەیەکدا بوونی هەیە و توانیویەتی فیزیای سیاسەت بشێوێنێت. ئەگەر ئاینشتاین زیندوو بوایە، دەیگوت "ئەمە دژی تیۆری ڕێژەیی گشتییە، بەڵام چۆن کار دەکات؟! نازانم!"

با لە نزیکەوە سەیری ئەم داهێنەرە سەرسوڕهێنەرە بکەین.ساڵی ڕابردوو "٢٠٢٤"، کاتێک ئەردۆغان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا هاواری دەکرد "ئیسڕائیل قەساب و تیرۆریستە"، هاوکات ئاستی بازرگانی نێوان تورکیا و ئیسڕائیل بە ٩.٥ ملیار دۆلار گەیشتبوو. واتە بۆ هەر وشەیەکی دژە ئیسڕائیلی کە ئەردۆغان دەیڵێت، نزیکەی ملیۆنێک دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەوێ. ئەگەر ئەمە بۆ نەفرەت بێت، ئەوا نەفرەت لێکراوێکی زۆر پارەدارە!

کاتێک ئەردۆغان دەڵێت "نەتانیاهۆ جیاوازیی لەگەڵ هیتلەر نییە"، هەمان کات کۆمپانیاکانی تورکیا چیمەنتۆ و شیش و پۆڵا بۆ ئیسرائیل دەنێرن. کەواتس دەتوانیت بڵێیت ئەردۆغان فەلسەفەیەکی نوێی داهێناوە:دیالێکتیکی دۆلار و دژمنایەتی. هێگڵ ئەگەر ئەمەی بدیبایە، کتێبەکانی خۆی دەسووتاند و دەستی بە فێربوونی تورکی دەکرد. ڕازی سەرکەوتنی ئەردۆغان لە توانای سەرسوڕهێنەرەکەیدایە بۆ قەناعەتپێکردنی خەڵک بەوەی کە ڕەش سپییە و سپیش ڕەش دەکات لە دیدیاندا. کاتێک دۆستە ئیسلامییەکانی دەپرسن "بۆچی لەگەڵ دوژمنانی ئیسلام بازرگانی دەکەی؟"، ئەردۆغان لە وڵامدا دەڵێت"ئەمە بەشێکە لە جیهادی ئابووری!" کاتێک ڕۆژاواش لێیدەپرسێت "بۆچی هێرش دەکەیتە سەر هاوپەیمانەکانمان؟"، دەڵێت "ئەمە بۆ پاراستنی دیموکراسییە!" تەنانەت شەیتانیش سەری لەم کابرایە دەرناچێت.

کاتیخۆی چۆن چارلی چاپلن توانی لە "دیکتاتۆری گەورە" دا هیتلەر بکاتە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی، دەی ئەردۆغانیش ئاوا توانیویەتی سیاسەت بکاتە سێرک. جیاوازییەکە لێرەدا

تەنها ئەوەیە کە چاپلن دەیزانی فیلم دەکات، بەڵام ئەردۆغان باوەڕی بەو فەیکە ڕۆڵگێڕانەی خۆیەتی. کاتێک لە کۆنگرەی پارتەکەیدا دەڵێت "من سوڵتانی سەدەی ٢١م"، مرۆڤ نازانێت بگریەت یان پێبکەنێت.

زیرەکی ئەردۆغان لەوەدایە کە توانیویەتی "دوژمنایەتی ئیسرائیل" بکاتە کاڵایەکی هەناردەکراو کە بە موسڵمانانی جیهانی دەفرۆشێتەوە بە "دەنگی ئوممە" بۆ ناسیۆنالیستەکان و بە "پارێزەری دەوڵەتی تورک"، بۆ چەپەکان و بە "دژە ئیمپریالیست" بۆ ڕۆژاوا بە "هاوسەنگکەری هێز"، وەک فرۆشیارێکی شارەزا کە هەمان کاڵا بە چەند ناوێک و لە یەککاتدا دەفرۆشێتە دەیانی جیاواز. هەڵبەتا لەناو ئەم گاڵتە و گەپەشدا، شتێکی تراژیدیش هەیە. ئەردۆغان لەو کاتە کە خەریکی ئەم گەمە فەیکە سیاسییەیە، خەڵکی ڕاستەقینە لە غەززە و لوبنان و تاران و شوێنانەکانی تر بەڕاستی دەمرن. کاتێک سیاسەت دەبێتە شانۆ و مەرگ دەبێتە پرۆپی شانۆکە، ئەوا مرۆڤایەتی شکست دەهێنێت. ئەردۆغان دەشێ "ڕیلپۆلیتیک" بێت، بەڵام قوربانییەکانی ئەم سیاسەتە ڕاستەقینەن، نەک لەسەر شانۆ.

**کۆتا پرسیار ئەوەیە: تا کەی ئەم شانۆیە بەردەوام دەبێت؟ تا کەی خەڵک ڕێگە دەدەن ئەردۆغان هەم کێکەکە بخوات و هەم هەیبێت؟ بەلای منەوە دژمنە، بەڵام کاتیشیەتی گەلانی ناوچەکە یەک دەنگ پێیبڵێن: یان دۆستبە یان دژمن، چیتر ناتوانیت هەردووکیان بیت. چونکە ئەمە نە فیزیای کوانتەمە و نە تۆش شرۆدینگە'ی.**

# خودا لە کۆنتێکستی دەسەڵاتدا

## بەخێربێن بۆ "شەڕی پیرۆز" ژمارە ٤٧٨٩

دوو سەرۆک، دوو وڵات – ملیۆنەها قوربانی، فۆرمولەی دنیابینییەکە ناشرین، کە بەداخەوە هزر و تێزی دەسەڵاتخوازانە لە کۆنەوە تاکوو ئەمڕۆ، کردوویەتی بە واقیعێکی تاڵ و، دەستاودەست بەرهەمی دەهێنێتەوە لە خۆ وێناکردنەوەدا. نەتانیاهو دەڵێت:"خودا لەگەڵمانە!" خامنەیی دەڵێت:"بە پشتیوانی خودا سەردەکەوین!" لێرەدا جیاوازییەکەیان تەنها ئەوەیە کە ئەمیان بە عیبری و ئەویان بە فارسی قسە دەکات. ئەم جۆرە بانگەشە کردنە لەوەها دۆخ و شەڕگەیەکدا، پرسیارێکی سادە دەهێنێتە پێشەوە: ئایا خودا دووڕوویە، یان سیاسەتمەداران درۆزنن؟ دیارە وەڵامەکە ڕوونە دەسەڵاتخوازان درۆزنن.

بڕواننە مێژوو. دەسەڵاتخوازان هەمیشە حەز بە پۆشینی "چاکەتی پیرۆزی" دەکەن. هەڵبەتا ئەمە نەک چونکە باوەڕیان بە خودا هەیە، نا، نەخێر، بەڵکوو چونکە لە پۆشینی ئەم چاکەتەدا، کەس نییە بوێرێ بڵێت ناشرینی. ئاخر کێ دەوێرێ

بە کەسێک بڵێت "نا" کە دەڵێت "من بە ویستی خودا قسە دەکەم"؟ ئەمە دەقیقەن ئەو شتەیە کە ئەم دوانە دەیانەوێت لە بەرژەوەندی خۆیان هەزار هێندەی تر بە کۆمەڵایەتی بکەن.

جێی سەرنجە کە نەتانیاهو و خامنەیی لە زۆر شتدا وەک دوو دڵۆپ ئاو لە یەکتر دەچن. هەردووکیان پێیانوایە تەنها ئەوان ڕێگە ڕاستەکە دەزانن. هەردووکیان متمانەیان بە دراوسێکانیان نییە. هەردووکیان باوەڕیان وایە جیهان دژیانە. هەردووکیان عاشقی میتینگ و وتاری گەرم و گوڕن و لە کاتی قەیرانەکانیشدا، هەردووکیان پەنا دەبەنەوە بەر وتنەوەی "پشتیوانی خودا" لە خۆیاندا.

باشە، ئەگەر خودا بە ڕاستی لەگەڵ تۆدایە، پێویستت بەم هەموو تانک و فڕۆکە و بۆمبە ئەتۆمییە چییە؟ مەگەر متمانەت بە خودا نییە؟ یان پێتوایە خودا کەمێک هاوکاری "تەکنیکی" دەوێت؟! ئاخر ئەی هاوار خودا خودایە، نەک هێزو و بزوێنەری شەڕ و کارخانەکانی چەک. بۆیە ئەم "خودا لەگەڵماندایە تەنها کارتێکە و کاتێک بەکاری دەهێنن کە هەموو کارتەکانی تریان دۆڕاندبێ. ڕێک ئەو کاتەی کە

ناتوانن بە لۆژیک و یاسا و مرۆڤانە ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن و ئەجێنداکانیان جێبەجێ بکەن، دێن دەڵێن "ئەمە ویستی خودایە". ئینجا کێ دەوێرێت دژی "ویستی خودا" بوەستێتەوە؟ تەنانەت ئەگەر بیشەوێت، دەترسێت نەکا تەکفیر بکرێت!

سەیرتر ئەوەیە ئەمانە تەنها کاتێک یادی خودا دەکەن جەنگیان دەوێت. کەی دیتووتە نەتانیاهو یان خامنەیی بڵێن "بە ویستی خودا، نرخی نەوت دادەبەزێنین" یان "بە پشتیوانی خودا، موچەی مامۆستایان زیاد دەکەین و ژیانی خەڵک و وڵاتەکەمان باش دەکەین و پێشدەخەین؟" نا، نەخێر! خودا تەنها بۆ جەنگ و کوشتن "بانگهێشت" دەکەن. لەوە دەچێت خودا وەک وەزیری بەرگری ببینن، نەک خودای گەردوونی! ڕاستییەکەی خوازەی ئەم بەکارهێنانەی خودا لە سیاسەتدا، وەک ئەوە وایە دارێکی شەترەنج بخەیتە ناو یاری مۆنۆپۆلییەوە، کە نە شەترەنجەکە دروستدەبێت، نە مۆنۆپۆلییەکە. ئەوەی ڕوودەدات تەنها خولْقاندنی ئاشوب و سەرلێشێواوییەکە کە هەموو کەس لێیەوە دۆڕاو دێتە دەرێ.

کاتێک دەسەڵاتدارێک دەڵێت "من بە ناوی خوداوە دەجەنگم"، بەشبەحاڵی خۆم تەنها سێ شت دەبیستم: یەکەم، ئەم کەسە هیچ بیانوویەکی لۆژیکی نییە لە ڕێگەیەوە ڕەوایەتی بە ناڕەوایەتییەکەی بدات. دووەم، دەیەوێت بیری ڕەخنەیی و ڕەخنەگران بێدەنگ بکات بە تۆمەتی "دژایەتی خودا". سێیەم، زۆر لە خۆی ڕازییە و پێیوایە کەس ناتوانێت لێیبپرسێتەوە. گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە کاتێ جەنگ "پیرۆز" دەکرێ، ئیتر ناتوانیت کۆتایی پێ بهێنیت. چونکە ڕاگرتنی جەنگ دەبێتە "سەرپێچی لە ویستی خودا". ئەمەش وادەکات کە جەنگ درێژە بکێشێت تا دوایین قوربانی، تا دوایین منداڵ، تا دوایین دایکی داماو.

خوڵاسەی کەلام، لێگەڕێن خودا با بمێنێتەوە بۆ نوێژ و عیبادەت، نەک بۆ جەنگ و کوشتن. چونکە ئەگەر خودا سەیری ئەم دیمەنانە بکات، دڵنیام دەفەرموێت: "من ئەمانەم بۆ ئەم کارە نەخوڵقاندوە." لەبری ئەوەی هەریەک لەم دوانە بڵێن "بە پشتیوانی خودا سەردەکەوین"، باشتر نییە کە لە خۆیان بپرسن ئایا خودا چی دەوێت؟ ئاشتی یان جەنگ؟ خۆشەویستی یان ڕق؟ ئاوەدانی یان وێرانکردن؟ هیوادارم

ڕۆژێکبێت سیاسەتمەدارەکان بەرپرسیارێتی کارەکانیان بگرنە ئەستۆ، بێ ئەوەی خودا بکەنە هاوبەشی تاوانەکانیان. تا ئەو کاتە، ئێمە دەبێت زیرەکانە گوێ لە لێدوانەکانیان بگرین و بزانین کە "خودا لەگەڵمە" تەنها کۆدێکی نهێنییە بۆ: "من هەرچی بکەم ڕەوایە."

# کاری ڕۆژنامەوانی

# لە سەردەمی شەڕە نادیارەکاندا

بۆچی ڕۆژنامەنووسان ناتوانن ڕاستەوخۆ لە "مەیدانی شەڕ" ی نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕاپۆرت بکەن، ئایا ئەسڵەن "مەیدانی شەڕ" بە مانا کلاسیکییەکەی لەم ململانێیەدا بوونی هەیە؟ وڵامەکە لە مفهومی ئەم شەڕەدا "شەڕی سێبەر" وەک دیاردەیەکی فیزیکی و جوگرافی گۆڕاو بۆ دیاردەیەکی سایبەری، سیاسی، و کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت، ئەم شەڕە سێ تایبەتمەندی سەرەکی هەیە، کە وای لێدەکات ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی تێیدا ئەگەر نەڵێین مەحاڵ، ئەوا چالێنجێکی زۆر دژوارە.

بەپێچەوانەی شەڕە کلاسیکییەکان کە گۆڕەپانێکی دیاریکراویان هەبوو – وەک خەندەقەکانی شەڕی جیهانی یەکەم یان بیابانەکانی شەڕی کەنداو – شەڕی سێبەر هیچ سنوورێکی جوگرافی ناناسێت. هێرشی سایبەری Stuxnet لە ٢٠١٠ کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانی تێکدا، لە

کۆمپیوتەرەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بەڕێوەبرا. بۆردومانی کەناڵی IRIB لە حوزەیرانی ٢٠٢٥، لە ئاسمانەوە ئەنجامدرا. ئەم نموونانە پیشانی دەدەن کە "مەیدان" لەم شەڕەدا مەجازییە، نەک فیزیکی. لە شەڕە تەقلیدییەکاندا، کاتی دەستپێکردن و کۆتایی شەڕ ڕوون بوو. بەڵام شەڕی سێبەری ئێران–ئیسرائیل بێوەستان بەردەوامە. تەنانەت لە کاتی "ئارامی" شدا، عەمەلیاتی سایبەری، چاودێری و کوشتنی نهێنی هەر هەبوون. ئەمە واتای ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس ناتوانێت بزانێت کەی "بچێتە مەیدان" چونکە ڕاستە شەڕەکە هەیە، بەڵام هەموو شتێکیشی نادیارە. زۆرجار ناڕوونە کێ هێرشەکە ئەنجام دەدات. ئایا هێرشە سایبەرییەکە دەوڵەتییە یان گروپێکاری؟ ئایا تەقینەوەکە کاری دەوڵەتین یان ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی؟ ئەم ناڕوونییە ڕێگری لە ڕۆژنامەنووسان دەکات کە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بدۆزنەوە.

گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تر کە ڕێگری لە حوزووری ڕۆژنامەنووسان دەکات، ئەوەیە کە میدیا خۆی بووەتە بەشێک لە شەڕەکە. ئەمە بە سێ شێواز ڕوودەدات: بۆمبارانی

کەناڵی IRIB و کوشتنی ٤ کارمەندی میدیاکە، لەوانە نیما ڕەجەبپوور و مەعسوومە عەزیمی، نیشانەی ئەوەن کە ناوەندەکانی میدیا بوونەتە ئامانجی ڕاستەوخۆی سەربازی. کاتێک ڕۆژنامەنووس خۆی دەبێتە ئامانج، ئیتر ناتوانێت ڕۆڵی چاودێری بێلایەن بگێڕێت. بەپێی کۆمپانیای Cyabra، یەک لە چوار پۆستی سۆشیال میدیا دەربارەی شەڕەکە ساختەن. هەردوو لایەن "ستراتیژی میدیایی ئاڵۆز" بەکاردەهێنن بۆ کاریگەری لەسەر بیروڕای گشتی. میدیا لێرەدا نەک تەنها ڕاپۆرت دەکات، بەڵکو دەبێتە ئامرازێک بۆ جەنگی دەروونی و پڕوپاگەندە. شەڕی زانیاری لە سۆشیال میدیادا بەشێکی گرنگە لە ستراتیژی هەردوو لایەن. ڕۆژنامەنووسان لە ناو شەپۆلە بەردەوامەکانی زانیاری دروستکراودا، ناتوانن بە ئاسانی ڕاستی لە درۆ جیابکەنەوە.

لە شەڕی نێودەوڵەتی کلاسیکدا، ڕۆژنامەنووسان دەتوانن پاراستنی یاسا نێودەوڵەتییەکان وەربگرن. بەڵام لە شەڕی سێبەردا، کێ بەرپرسە لە پاراستنی گیان و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان؟ کاتێک هێرشەکە لە سایبەرسپەیسەوە دێت، کام دەوڵەت یان ڕێکخراو دەتوانێت پاراستن دابین بکات؟

نموونەی ڕۆژنامەنووسە پەنابەرە ئێرانییەکان کە هەڕەشەی دەستگیرکردنی خێزانەکانیان لێدەکرێ، نیشانەی کێشەیەکی گەورەن لە شەڕی سێبەردا، سەرچاوەکان لە هەموو شوێنێک لەژێر چاودێرین. ئەمە وادەکات کەس نەتوانێ قسە بکات، لێرەدا ڕۆژنامەنووس بێ سەرچاوە دەمێنێتەوە. لە لایەک تەکنەلۆژیا دەتوانێ یارمەتی ڕۆژنامەنووسان بدات کە زانیاری کۆبکەنەوە. لە لایەکی ترەوە، هەمان تەکنەلۆژیا بۆ چاودێریکردن و هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان بەکاردێ. ئەم دووانەییە کاری ڕۆژنامەوانی زۆر ئاڵۆزتر کردوە.

ڕۆبەرت کاپلان کە ١٨ مانگ لەگەڵ هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا کاری کردووە، دەڵێت: "هەرچەندە حوزووری سەربازی کەمتر بێت، سەرکەوتن زیاترە." ئەم پرەنسیپە بۆ میدیاش ڕاستە – لە شەڕێکدا کە نادیاری و نهێنی کلیلی سەرکەوتنە، شەفافیەت و ڕاپۆرتی ڕاستەوخۆ دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەتی نەتەوەیی. ئەم واقیعە پێویستی بە گۆڕانکاری بنەڕەتی هەیە، لەوانە: پێناسە کردنەوەی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس، کە ناتوانێت تەنها چاودێری بێلایەن بێت کاتێک خۆی بەشێکە لە شەڕەکە. پێویستە ڕۆڵێکی نوێ بدۆزێتەوە کە تێیدا هاوسەنگی لە نێوان

ڕاپۆرتکردن و پاراستنی خۆی و سەرچاوەکانیدا بپارێزێت. هەروەها شیکاری سایبەری،و تەکنیکەکانی دەبێت ببنە بەشێکی سەرەکی لە پیشەی ڕۆژنامەوانی بۆ تێگەیشتن لە شەرە نوێیەکان. بەهۆی سروشتی فرەنەتەوەیی شەڕی سێبەریشەوە، ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بە تۆڕێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ هاوبەشکردنی زانیاری و پاراستنی یەکتر.

پرسیاری بۆچی ڕۆژنامەنووسان لە مەیدانی شەڕی ئێران–ئیسرائیل نابیندرێن، لە ڕاستیدا دەرگەیەک دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە قووڵەکانی سروشتی شەڕ و ڕۆژنامەوانی لە سەدەی ٢١دا. کاتێک شەڕ دەبێتە دیاردەیەکی مەجازی، نهێنی و بەردەوام، کاتێک میدیا لە چاودێرەوە دەگۆڕێت بۆ ئامانج و ئامراز، ئەوا پرسیارەکە نابێت ئەوە بێت کە بۆچی ڕۆژنامەنووسان نابیندرێن، بەڵکو دەبێت بپرسین: ئایا ڕۆژنامەوانی بە مانا کلاسیکییەکەی لەم جۆرە شەڕانەدا هێشتا مومکینە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە نەک تەنها بۆ پیشەی ڕۆژنامەوانی، بەڵکو بۆ پاراستنی دیموکراسی و حەقیقەت لە جیهانێکدا کە تێیدا شەڕ بووەتە شتێکی نادیار، بەردەوام و هەمەلایەن.

# له دەماوەند تا دەریای مردوو

له ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دوو وڵات وەک دوو کەوانەی جیاواز دەردەکەون، که هەریەکەیان مێژوو، کەلتوور و سیاسەتی تایبەت به خۆی هەیه. ئێران، میراتگری شارستانیەتی کۆنی پارس و ئیسڕائیل، دەوڵەتێکی مۆدێرن، که له ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دامەزراوە، دوو نموونەی جیاوازن له پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەم لێکۆڵینەوەیه هەوڵێکه بۆ خستنەڕووی وێنەیەکی هەمەلایەن له هەردوو وڵات، له ڕێگەی بەراوردکردنی لایەنه جیاوازەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووریان.

## جوگرافیا: له فراوانی تا چڕی

کاتێک باسی جوگرافیای ئەم دوو وڵاته دەکەین، جیاوازییەکی زەق دەردەکەوێت. ئێران به ڕووبەری ١,٦٤٨,١٩٥ کیلۆمەتر چوارگۆشه، پانزەیەمین وڵاتی گەورەی جیهانه و ٧٩ جار له ئیسڕائیل گەورەترە. ئیسڕائیل به ڕووبەری تەنها ٢٠,٧٧٠ کیلۆمەتر چوارگۆشه، له ڕیزبەندی ١٥٤ی جیهاندایه. ئەم

جیاوازییە قەبارەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ستراتیژی سەربازی، دابەشبوونی دانیشتوان و سەرچاوە سروشتییەکانی هەردوو وڵات هەیە.

توپۆگرافیای هەردوو وڵاتیش جیاوازی بەرچاوی تێدایە. چیای دەماوەند لە ئێران بە بەرزی ٥,٦١٠ مەتر، بەرزترین لووتکەی وڵاتە، لە کاتێکدا چیای هێرمۆن لە ئیسرائیل تەنها ٢,٨١٤ مەتر بەرزە. هەروەها نزمترین خاڵەکانیشیان جیاوازن – دەریای خەزەر لە ئێران ٢٨ مەتر لە خوار ئاستی ڕووی دەریاوەیە، بەڵام دەریای مردوو لە ئیسرائیل بە ٤٣٠ مەتر لە خوار ئاستی ڕووی دەریاوە، نزمترین خاڵی وشکانی جیهانە.

## پێکهاتەی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی

دانیشتووانی ئێران، کە نزیکەی ٨٥ ملیۆن کەسن، پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیان هەیە. فارسەکان ٦١٪ی دانیشتووان پێک دەهێنن، دواتر ئازەرییەکان بە ١٦٪ و کوردەکان بە ١٠٪. هەروەها عەرەب، بەلووچ، تورکمان و نەتەوەکانی تریش بەشێکن لە مۆزایکی دیمۆگرافی ئێران.

زمانی فەرمی فارسییە و زۆرینەی دانیشتووان (٩٠٪) شیعە مەزهەبن.

ئیسرائیل بە دانیشتووانی نزیکەی ٩.٧ ملیۆن کەس، پێکهاتەیەکی جیاوازی هەیە. جولەکەکان ٧٤٪ی دانیشتووان پێک دەهێنن، لەگەڵ کەمینەیەکی بەرچاوی عەرەب کە ٢١٪ی دانیشتووانن. زمانە فەرمییەکان عیبری و عەرەبین، و کۆمەڵگەکە فرەئایینییە و بە زۆرینەی جولەکەیە، کەمینەی موسوڵمان (١٨٪) و مەسیحی (٢٪).

چڕی دانیشتووان یەکێکە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی ئەم دوو وڵاتە – ئێران ٥١ کەس بۆ هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە هەیە، لە کاتێکدا ئیسرائیل ٤٦٨ کەسی هەیە، کە نیشاندەری چڕی زۆر زیاتری دانیشتووانە لە قەبارەیەکی بچووکتردا.

کەلتووری خواردن: لە سفرەی زەوی تا کافێکانی تێل ئەڤیڤ

کەلتووری خواردن لە هەردوو وڵاتدا ڕەنگدانەوەی مێژوو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانە. لە ئێران، چەلۆکەباب، خۆرشتە

جۆراوجۆرەکان وەک قۆرمەسەبزی و فەسەنجان لەگەڵ نانە تەقلیدییەکان وەک سەنگەک و لەواش، بنەمای خواردنی خۆماڵین. چا سەرەکیترین خواردنەوەیە و کەلتووری سفرەی زەوی و سماوەر بەشێکی گرنگن لە ژیانی ڕۆژانە.

ئیسرائیل کەلتووری خواردنی تێکەڵی هەیە، کە کاریگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای تێدا دیارە. حوموس، فەلافل، شاکشووکا و نانی پیتا خواردنە باوەکانن. جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە ڕووی کحولەوەیە – لە ئێران کحول لە ساڵی ١٩٧٩ وە، بە تەواوی قەدەغەیە، لە کاتێکدا لە ئیسرائیل ئازادی تەواو هەیە بۆ بەکارهێنانی و کەلتووری بار و کلوب باوە.

## کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کۆماری پەرلەمانی

ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە سیستەمی کۆماری ئیسلامی هەیە، کە تێکەڵەیەکە لە حوکمڕانی ئایینی و کۆماری. ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی وەک ڕابەری ئایینی، دەسەڵاتی کۆتایی هەیە

لە وڵاتەکەدا. سیستەمی هەڵبژاردن سنووردارە و کاندیدەکان پێویستە لەلایەن ئەنجومەنی چاودێری پەسەند بکرێن.

ئیسرائیل کۆمارێکی پەرلەمانییە، بە سیستەمی دیموکراسی فرەحیزبی. بەنیامین نەتەنیاهوو سەرۆک وەزیرانە و ئیسحاق هێرتسۆگ سەرۆکی وڵاتە. جیاوازی سەرەکی لەوەدایە کە ئیسرائیل دەستوورێکی نووسراوی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک یاسای بنەڕەتی هەیە. سیستەمی دەنگدان کراوەیە و هەموو هاووڵاتییەک مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنی هەیە.

## ئازادییەکان: دوو جیهانی جیاواز

لە ڕووی ئازادییەکانەوە، ئەم دوو وڵاتە لە دوو سەری جیاوازی تەیفدان. لە ئێران، ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان سنووردارە، کۆنترۆڵی توندی دەوڵەت بەسەر چالاکییە مەدەنییەکانەوە هەیە و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان قەدەغەن. حیجاب بۆ ژنان ناچارییە و سنووردارکردن هەیە لە کار و چالاکی لە هەندێک بواردا.

لە ئیسرائیل، ئازادی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان پارێزراون، پارتە سیاسییە جیاوازەکان ئازادانە چالاکی دەکەن و کۆمەڵگەی مەدەنی کارا و کاریگەرە. یەکسانی یاسایی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە و ژنان بەشداری بەرچاویان هەیە لە هێزی کار و سیاسەتدا، تەنانەت خزمەتی سەربازیش بۆ ژنان هەیە.

## میدیا: لە کۆنترۆڵەوە بۆ ئازادی

سیستەمی میدیا لە هەردوو وڵاتدا جیاوازی بنەڕەتی هەیە. لە ئێران، دەزگای دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی (IRIB) میدیای فەرمییە و لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی دەوڵەتدایە. میدیای تایبەت پێویستی بە مۆڵەت هەیە و سانسۆری پێش بڵاوکردنەوە باوە. ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی گرتن و سزادان دەبنەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە حکومەت.

لە ئیسرائیل، دەزگای پەخشی ئیسرائیل (KAN) سەربەخۆیی هەیە لە بەرنامەسازیدا. کەناڵ و ڕۆژنامەی زۆری تایبەت هەن کە کێبڕکێی ئازاد دەکەن. ڕۆژنامەنووسان پاراستنی یاساییان

هەیە و دەستڕاگەیشتن بە زانیاری ئازادە. میدیای نێودەوڵەتی بە چالاکی لە وڵات کار دەکەن.

## توانای سەربازی: هاوسەنگی هێز

لە ڕووی سەربازییەوە، هەردوو وڵات بە شێوەیەکی جیاواز خۆیان ڕێک خستووە. ئێران سوپای گەورەتری هەیە بە ٦١٠,٠٠٠ سەربازی چالاک و ٣٥٠,٠٠٠ یەدەگ، لەگەڵ سوپای پاسداران کە هێزێکی کاریگەرە. ئیسرائیل سوپای بچووکتری هەیە بە ١٦٩,٥٠٠ سەربازی چالاک، بەڵام سیستەمی یەدەگی بەهێزی هەیە بە ٤٦٥,٠٠٠ کەس.

جیاوازی سەرەکی لە چەکی ناوەکیدایە – ئێران پرۆگرامی ناوەکی هەیە، بەڵام بۆمبی ناوەکی نییە، لە کاتێکدا ئیسرائیل بەپێی ڕاپۆرتەکان خاوەنی ٨٠–٤٠٠ کڵاوەی ناوەکییە. هەردوو وڵات موشەکی بالیستی، فڕۆکەی جەنگی و تانکی پێشکەوتوویان هەیە.

## لاوازی ستراتیژی

هەردوو وڵات خاڵی لاوازی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئێران ڕووبەڕووی گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتی بووەتەوە و پێکهاتەیەکی نەتەوەیی ئاڵۆزی هەیە و ململانێی نێوخۆیی لە نێوان نەوەی گەنج و سیستەمی کۆنەپارێزدا هەیە.

ئیسرائیل قەبارەی جوگرافی زۆر بچووکی هەیە کە قووڵایی ستراتیژی پێ نادات، پشتبەستنی زۆری بە پشتگیری ئەمریکا هەیە و کێشەی دیمۆگرافی هەیە بە هۆی ڕێژەی بەرزی عەرەب لە ناوچەکەدا. هەروەها ڕووبەڕووی ڕەخنەی نێودەوڵەتییە بۆ سیاسەتەکانی لە فەلەستیندا.

## سیستەمی پەروەردە و زانستی

بواری پەروەردە و خوێندنی باڵا یەکێکی ترە لە بوارە جیاوازەکانی نێوان هەردوو وڵات. ئێران خاوەنی ٥٤٠ زانکۆ و دامەزراوەی خوێندنی باڵایە، لەگەڵ ٤.٨ ملیۆن خوێندکار. زانکۆی تاران، زانکۆی تەکنەلۆژیای شەریف و زانکۆی ئیسفەهان لە ناودارترین دامەزراوەکانی خوێندنی باڵان. بە

هەموو ئەمانەش، ئێران لە پلەی ٥٩ی جیهاندایە لە ڕووی پێشکەوتنی پەروەردەوە.

ئیسرائیل سەرەڕای قەبارە بچووکەکەی، ٦٥ زانکۆی هەیە بە ٣١٠,٠٠٠ خوێندکار. زانکۆی عیبری ئۆرشەلیم و زانکۆی تێل ئەڤیڤ لە پێشەنگەکانن و لە پلەی ٢٠ی جیهاندایە لە پێشکەوتنی خوێندندا. ئەم جیاوازییە پلەیە نیشاندەری وەبەرهێنانی زیاتری ئیسرائیلە لە کوالیتی پەروەردە و توێژینەوەی زانستیدا.

## جیۆپۆلیتیک و هاوپەیمانێتی

پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هەردوو وڵات ڕەنگدانەوەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای جیاوازیانە. ئێران پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیا و چین هەیە، هەروەها پشتگیری دەکات لە چەندین ڕێکخراو و بزووتنەوەی شیعە لە ناوچەکەدا وەک حیزبوڵڵا لە لوبنان و حووسییەکان لە یەمەن و حەشدەکان لە عیراق، ئەم سیاسەتە "میحوەری بەرگری"ی

دروست کردووە کە لە تاران دەست پێ دەکات و بە بەغدا و دیمەشق تێدەپەڕێت و دەگاتە بەیروت.

ئیسرائیل پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە، کە ساڵانە بڕی ٣.٨ ملیارد دۆلار یارمەتی سەربازی وەردەگرێت. لە ساڵانی دواییدا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ چەندین وڵاتی عەرەبی وەک ئیمارات، بەحرەین ئاسایی کردووەتەوە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکانی ئیبراهیم. هەروەها پەیوەندی بازرگانی و تەکنەلۆژی بەهێزی لەگەڵ هیندستان، ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی ئەورووپی هەیە.

## ئابووری: نەوت بەرامبەر نوێکاری

ئابووری ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبەستێت، بەتایبەتی نەوت و گاز. ئێران خاوەنی دووەمین یەدەگی گەورەی گازی سروشتییە لە جیهاندا و چوارەمین یەدەگی نەوت. بەڵام گەمارۆ ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری نەرێنی گەورەیان لەسەر ئابووری

وڵات هەبووە، کە بووەتە هۆی هەڵاوسان، دابەزینی نرخی دراو و کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت.

ئابووری ئیسرائیل نموونەیەکی جیاوازە کە پشت بە تەکنەلۆژیا، نوێکاری و زانست دەبەستێت. وڵاتەکە ناسراوە بە "نەتەوەی ستارت-ئەپ" و خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیای تەکنەلۆژیای پێشکەوتووە. بەشی کشتوکاڵیش سەرەڕای کەمی سەرچاوەی ئاو، یەکێکە لە پێشکەوتووترینەکانی جیهان بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئاودێری دڵۆپاندن و تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی.

## پێکهاتەی کارگێڕی و دابەشکردنی ناوچەیی

شێوازی بەڕێوەبردنی کارگێڕی لە هەردوو وڵاتدا جیاوازی بەرچاوی هەیە کە ڕەنگدانەوەی قەبارە و فەلسەفەی حوکمڕانییانە. ئێران دابەش کراوە بۆ ٣١ پارێزگا (ئۆستان)، کە هەریەکەیان پارێزگارێکی هەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەستنیشان دەکرێت. ئەم پارێزگایانە دابەش دەبن بۆ شارستان، بەخش و دێهات. پارێزگاکانی وەک

تاران، ئیسفەهان، فارس، خووزستان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات لە گرنگترینەکانن لە ڕووی ئابووری و دانیشتووانەوە.

ئیسرائیل سیستەمێکی سادەتری هەیە بە ٦ هەرێمی سەرەکی: ئۆرشەلیم، باکوور، حەیفا، ناوەند، تێل ئەڤیڤ و باشوور. هەر هەرێمێک چەندین قەزا و شارەوانی لەخۆ دەگرێت. ئەم دابەشکردنە ئیداریە لەبەر قەبارە بچووکی وڵاتەکە کارامەتری زیاتری هەیە و ڕێگە بە بەڕێوەبردنێکی ناوەندی دەدات.

## پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکان

ئێران بە هۆی شوێنی جوگرافی ستراتیژییەوە، سنووری وشکانی لەگەڵ ٧ وڵات هەیە: تورکیا و عیراق لە ڕۆژئاوا، ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە باکوور، تورکمانستان لە باکووری ڕۆژهەڵات، ئەفغانستان و پاکستان لە ڕۆژهەڵات. هەروەها سنووری دەریایی لەگەڵ چەندین وڵاتی کەنداو هەیە وەک کووەیت، عەرەبستان، بەحرەین، قەتەر، ئیمارات و

عومان. ئەم ژمارە زۆرەی دراوسێکان دەرفەت و هەروەها ئاڵۆزی دیپلۆماسی بۆ ئێران دروست دەکات.

ئیسرائیل تەنها ٤ دراوسێی هەیە: لوبنان لە باکوور، سووریا لە باکووری ڕۆژهەڵات، ئوردن لە ڕۆژهەڵات و میسر لە باشووری ڕۆژئاوا. پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم دراوسێیانە ئاڵۆز و گۆڕاون – ئاشتی لەگەڵ میسر (١٩٧٩) و ئوردن (١٩٩٤)، بەڵام دۆخی شەڕ یان دوژمنایەتی لەگەڵ لوبنان و سووریا. ناوچەکانی فەلەستینی (کەرانەی ڕۆژئاوا و غەزە) کێشەیەکی بەردەوامن.

## کاریگەری ناوچەیی

هەردوو وڵات کاریگەری بەرچاویان لەسەر دینامیکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەڵام بە شێوەی جیاواز. ئێران خۆی بە پارێزەری شیعەکان و بەرەنگاربووەوەی ڕۆژئاوا دەبینێت لە ناوچەکەدا. سیاسەتی دەرەوەی ئێران پشت بە ئایدیۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامی دەبەستێت و هەوڵ دەدات کاریگەری خۆی لە وڵاتانی دراوسێدا فراوان بکات.

ئیسرائیل وەک تاکە وڵاتی جولەکە لە ناوچەکەدا، هەمیشە نیگەرانی ئاسایشی هەیە. دۆکترینی سەربازی ئیسرائیل پشت بە "پێشەنگی کوالیتەتیڤ" دەبەستێت بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمی ژمارە. هەروەها سیاسەتی "دیوارەکانی ئاسن" پەیڕەو دەکات بۆ بەرگری لە خۆی و دەستپێشخەری دەکات بۆ ڕێگرتن لە هەڕەشە پۆتانسیەلەکان.

## ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی

کەلتووری کۆمەڵایەتی لە هەردوو وڵاتدا بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە. لە ئێران، خێزان ناوەندی ژیانی کۆمەڵایەتییە و ڕێزگرتن لە گەورەتر و نەریتە کۆنەکان بەهایەکی گرنگە. جەژن و بۆنە نەتەوەییەکان وەک نەورۆز، یەڵدا و چەهارشەنبە سوورە دەوری گرنگیان هەیە لە پاراستنی ناسنامەی کەلتووری. سەرەڕای سنووردارییە یاساییەکان، گەنجان هەوڵ دەدەن ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە بۆ دەربڕینی مۆدێرنیتە، بەتایبەتی لە شارە گەورەکاندا.

ئیسرائیل کۆمەڵگەیەکی فرەکەلتوورە، کە کاریگەری پێکهاتە جیاوازەکانی کۆچبەرانی تێدا دیارە. کەلتووری ئیسرائیلی تێکەڵەیەکە لە نەریتی جولەکە، کەلتووری ڕۆژئاوایی و کاریگەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. جەژنەکانی وەک پێساح، ڕۆش هەشانا و یۆم کیپوور لەگەڵ جەژنە نەتەوەییەکان وەک یۆمی هەعەتسمائوت (ڕۆژی سەربەخۆیی) پێکەوە دەژین. تێل ئەڤیڤ ناسراوە بە "شاری بێ وەستان" و ژیانێکی شەوانەی زیندوو و کەلتووری هونەری چالاکی هەیە.

## بەرەنگارییەکانی داهاتوو

هەردوو وڵات ڕووبەڕووی بەرەنگاری جۆراوجۆر دەبنەوە لە داهاتوودا. ئێران دەبێت مامەڵە لەگەڵ فشاری دیمۆگرافی بکات – نەوەیەکی گەنجی خوێندەوار کە داوای ئازادی زیاتر و دەرفەتی ئابووری دەکات. گەمارۆ ئابوورییەکان و دابەزینی داهاتی نەوت بەرەنگاری گەورەن بۆ ئابووری وڵات. هەروەها کێشەی ئاو و ژینگە، بەتایبەتی وشکبوونی زەریاچەی ورمێ و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو، هەڕەشەی جددین.

ئیسرائیل بەرەنگاری جیاوازی هەیە، لەوانە کێشەی هاوسەنگی دیمۆگرافی لە نێوان جولەکە و عەرەبدا، جیاوازی زۆری داهات لە کۆمەڵگەدا و پێویستی بە چارەسەری درێژخایەن بۆ کێشەی فەلەستین. هەروەها پاراستنی پێشەنگی تەکنەلۆژی لە بەرامبەر کێبڕکێی جیهانی و مانەوە لە دیموکراسی لە ناوچەیەکی ناسەقامگیردا، بەرەنگاری بەردەوامن.

## ڕوانگەی ستراتیژی

لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە، هەردوو وڵات لە خاڵێکی وەرچەرخاندان. ئێران هەوڵ دەدات خۆی وەک هێزێکی ناوچەیی جێگیر بکات و کاریگەری خۆی لە عیراق، سووریا، لوبنان و یەمەن بەهێز بکات. بەرنامە ناوەکییەکەی و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای موشەکی، بەشێکن لە ستراتیژیای بەرگری و دەستبەسەراگرتن.

ئیسرائیل هەوڵ دەدات پەیوەندییەکانی لە ناوچەکەدا فراوان بکات لە ڕێگەی دیپلۆماسی و هاوبەشی ئابووری، لە هەمان کاتدا توانای سەربازی خۆی بەهێز دەکات. پەیوەندییە

نوێیەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و هاوکاری لە بواری ئاسایش و تەکنەلۆژیا، گۆڕانکاری گرنگن لە ستراتیژیای درێژخایەنیدا.

## قسەی کۆتایی

لێکۆڵینەوە لە پرۆفایلی بەراوردکاری ئێران و ئیسڕائیل، دوو مۆدێلی جیاوازی گەشەسەندن و حوکمڕانی دەخاتە ڕوو. ئێران بە مێژووی دێرینی شارستانیەتی و سەرچاوە سروشتییە دەوڵەمەندەکانی، نموونەیەکە لە تێکەڵبوونی نەریت و مۆدێرنیتە لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئایینی-سیاسیدا. ئیسڕائیل، سەرەڕای تەمەنی کورتی وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن، نموونەیەکە لە گەشەسەندنی خێرا لە ڕێگەی نوێکاری و دیموکراسی[1].

[1]-تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوە بەراوردکارییە لەسەر بنەمای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیاری فەرمی و باوەڕپێکراو ئامادە کراوە. زانیارییە ئامارییەکان لە سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان، ڕاپۆرتە فەرمییەکانی حکومەت و توێژینەوە ئەکادیمییەکان وەرگیراون. هەوڵ دراوە کە گوتارەکە هاوسەنگ و بێلایەن بێت.

# له تەڵەی ١٩٧٩ەوە بۆ قەیرانی ٢٠٢٥

ئەو کاتەی میشێل فوکۆ، کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا، قسەی هێنایە سەر خیانەتی ڕۆشنبیران، ڕەنگە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهات بێت کە دوای ٤٥ ساڵ، نەوەیەکی نوێ لە ڕۆشنبیران هەمان هەڵە دووبارە بکەنەوە – هەڵەیەک بە ئاراستەیەکی پێچەوانە. فۆکۆ ئەو کات کە خۆی و هاوڕێکانی فریوی "ڕۆحانییەتی سیاسی" خومەینی'یان خوارد، پێیانوابوو شۆڕشی ئیسلامی دەتوانێت ئەڵتەرناتیڤێکی باش بێت بۆ ماددیگەرایی ڕۆژئاوا، ئەمڕۆ، لە سایەی ململانێی نێوان "ئێران – ئیسرائیل" کە لە ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ پێینایە قۆناغی پێکدادان و شەڕی ڕاستەوخۆوە، ڕۆشنبیران و تەنانەت خەڵکانێکی زۆر هەن لە کاردانەوەدا کەوتوونەتە هەمان هەڵە و تەڵەی هاوشێوە: لایانوایە هەر شتێک کە دژی کۆماری ئیسلامی بێت، بێگومان دەبێت باش بێت.

## چوارچێوەی تیۆری – تەڵەی بیرکردنەوەی دووانەیی

بیرکردنەوەی دووانەیی، میکانیزمێکی دەروونییە، کە تێیدا مرۆڤ جیهان دابەشی سەر دوو بەرەی ڕەش و سپیدا دەکات، واتا بێئەوەی جێگەیەک بۆ ڕەنگە بۆرەکان بهێڵێتەوە. ئەم شێوازە لە فکر و بیرکردنەوە، کە ڕەگی لە غەریزەی مانەوەی مرۆڤدا هەیە، ئەگەر لە سەردەمی کۆندا یارمەتیدەر بوو بێت بۆ دەربازبوون لە مەترسییەکان – دۆست یان دوژمن، خۆراک یان ژەهر، شوێنی سەلامەت یان مەترسیدار، ئەوا لە جیهانی پڕ ئاڵۆزی ئەمڕۆدا، ئەگەر زۆر بە وریایی و هۆشمەندانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، دەبێتە ئاریشەی قووڵ و کۆسپ لە بەردەم تێگەیشتنی ڕاستەقینەدا. وەک چۆن دەروونناسی کۆمەڵایەتی، لیۆن فێستینگەر، لە تیۆری "ناکۆکی مەعریفی"دا ڕوونی دەکاتەوە، کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی زانیاری دژبەیەک دەبێتەوە کە لەگەڵ بیرو باوەڕە پێشینەکانی ناگونجێ، زۆرجار بەجیاتی گۆڕینی بیروباوەڕەکانی، ئەو زانیارییە نوێیانە ڕەتدەکاتەوە یان تەئویلی دەکات بە شێوەیەک کە لەگەڵ قەناعەتە پێشینەکانیدا بگونجێت. دیارە ئەم دیاردەیە بە درێژایی مێژوو خۆی دووبارە کردووەتەوە. لە سەردەمی جەنگی سارددا، ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاوای دابەشی سەر کەمپی "کۆمۆنیست" و "سەرمایەداری" کرد، ئەمەش بوو بە مایەی

ئەوەی کە زۆربەیان نەتوانن وەک ئەوەی دەبێت ڕەخنە لە هەردوو سیستەمەکە بگرن. لە شەڕی ڤیەتنامدا، یان پشتیوانیان لە ئەمریکا دەکرد یان لە ڤیەتنامی باکوور – کەم کەسیان مانەوە بتوانێ بڵێت هەردوولا کوشتار و تاوان دەکەن.

## کەیسی ١٩٧٩ – کاتێک ڕۆژئاوا فریوی خومەینی خوارد

بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی کێشەکە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ و ببینین چۆن گەورەترین مێشکەکانی ڕۆژئاوا فریویانخوارد. ئێران لە ژێر دەسەڵاتی شادا، دیکتاتۆرییەتێکی سەرکوتکەر بوو کە بە پشتیوانی ئەمریکا توانیبووی دەست بە مانەوەی خۆیەوە بگرێ. ساواک، پۆلیسی نهێنی شا، ئەوسا بە یەکێک لە خوێناویترین دەزگا ئەمنییەکانی جیهان دەژمێردرا. لەم دۆخەدا هەر بزاوتێک دژی شا وەستابایەوە وەک هەناسەیەکی ئازادی دەبینرا. میشێل فوکۆ، کە بە یەکێک لە گەورەترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، دوو جار سەردانی ئێرانی کرد – یەکەم جار لە ١٦–٢٤ی سێپتەمبەری ١٩٧٨ و دووەم جار لە ٩–١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٧٨. ئەو لە نێوان پاییزی ١٩٧٨ و بەهاری ١٩٧٩دا، کۆمەڵە وتارێکی لە ڕۆژنامەی ئیتاڵی "Corriere della Sera"دا،

بڵاوکردەوە، کە تێیدا باسی لە "ڕۆحانییەتی سیاسی" دەکرد و پێیوابوو شۆڕشی ئێران دەتوانێت نموونەیەکی نوێ بێت بۆ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز کە نە کۆمۆنیستە و نە لیبراڵ. دیارە هاوشانی فوکۆ، سیمۆن دی بۆڤوار لە ٢٢ی مارسی ١٩٧٩ پشتیوانی خۆی بۆ بزافی ژنانی ئێرانی دەربڕی و پلانی هەبوو کە لەگەڵ "کەیت میلێت" بچێتە تاران و بەشداری خۆپیشاندان دژی حیجابی زۆرەملێ بکات. بەڵام جێی سەرنجە کە بۆڤوار گومانی هەبوو سەبارەت بە "مۆدێلی ئیسلامی ڕزگاری ژنان" و ڕەخنەی لە 'علی شەریعەتی' دەگرت. کەچی ژان پۆڵ سارتەر'ی هاوژینی بۆڤوار، لەبەرامبەردا سەرسام بوو بە لایەنە شۆڕشگێڕانەییەکەی بیری شەریعەتی.

لە ١ی شوباتی ١٩٧٩، کاتێک خومەینی لە فڕۆکەی 'ئێرئەیر' گەڕایەوە تاران، دەیان ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتی هاوەڵییان دەکرد. ئەوان هاتبوون تا " کاریزمایەک ڕاپۆرت بکەن کە ملیۆنان ئێرانی وەک ڕزگارکەر چاوەڕێیان دەکرد." بەڵام ئەوەی دوای ئەو ڕۆژە ڕوویدا، بووە وانەیەکی تاڵ لە مێژوودا. تەنها لە ماوەی چەند مانگێکدا، هەموو هێزە سیاسییە نا-ئیسلامییەکان، سەرکوت کران. حزبە چەپەکان،

لیبراڵەکان، ناسیۆنالیستەکان – هەمووی یان کوژران یان زیندانی کران یان وڵاتبەدەر و ناچار بە تەرکە وەتەنی کران. ئایەتوڵڵا مطهری، یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆماری ئیسلامی، مانگی پێنجی هەمان ئەو ساڵە تیرۆر کرا. ئایەتوڵڵا بهشتی ساڵی ١٩٨١ لە تەقینەوەیەکدا کوژرا. بنی صدر، ئەگەرچی بوو بە یەکەم سەرۆکی ئێران، بەڵام ناچار بەرەو فەڕەنسا ڕابکات. فوکۆ خۆی، دواتر لە وتارێکدا "١١–١٢ی مای ١٩٧٩ – ڕۆژنامەی Le Monde" بە ناوی "ئایا ڕاپەڕین بێسوودە؟" دانی بەوەدانا کە هەڵەی کردووە، نووسی: "خەونێک فریودام. خەونی ئەوەی کە دەکرێت شۆڕشێک هەبێت سەرئەنجامەکەی نە بێتە دیکتاتۆرییەت." ئەم دانپێدانانە، بووە بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوە لە میکانیزمەکانی فریوخواردنی ڕۆشنبیران.

## هەمان تەڵە، بەڵام بە ئاراستەی پێچەوانەدا

ئێستا" ٢٠٢٥"، تایبەت دوای هەڵگرسانی جەنگ و دوا پەرەسەندنە مەترسیدارەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، کاتێک سەیری میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، هەمان میکانیزمی بیرکردنەوەی دووانەیی بە ڕوونی دەبینیت، ئەوەی

جیاوازە ئاراستەیەکەیەتی، دوای دەیان ساڵ لە سەرکوت و دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی بەسەر کورد و گەلانی وڵاتەکە، تایبەت دوای سەرکوتی خوێناویی خەزەڵوەری ١٤٠١، زۆرێک لە ڕۆشنبیران و چالاکان و خەڵکان کەوتوونەتە هەمان تەڵەی ١٩٧٩، جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەم جارەیان پێیانوایە هەر شتێک دژی کۆماری ئیسلامی بێ، باشە و دەبێ پشتیوانی بکرێت. بەپێی ڕاپۆرتە میدیاییە نێودەوڵەتییەکان، لە دەستپێکی جەنگەکەوە، ڕاستە کە هێرشە مووشەکییەکانی ئێران بوونەتە هۆکاری کوژرانی ٢٤ ئیسرائیلی و برینداربوونی زیاتر لە ٨٠٠ کەس. بەڵام لە بەرامبەردا، وەزارەتی تەندروستی ئێران دەڵێ کە ژمارەی کوژراوانی ئێرانی لە دەستپێکی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە، گەیشتوونەتە ٢٢٤ کەس و زیاتر لە ١٢٠٠ بریندار، کە ٩٠٪یان هاوڵاتی مەدەنین.

ئەم دیاردەیە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، هاودەم لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، گەیشتووەتە لووتکە. لە میدیا و پۆستەکانی فەیسبووک و ئێکس و پلاتفۆرمەکانی تردا، زۆرێک دەبینین کە لە هەمان ئەو کەسانەن کە بە درێژایی ساڵان باسی مافی مرۆڤ و

دیموکراسییان دەکرد، ئێستا بێدەنگن بەرامبەر کوشتاری مەدەنییەکان لە غەززە، تەنها لەبەر ئەوەی حەماس لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی و ئاڕاستە دەکرێت. لە بەرامبەردا، کەسانی تریش هەن کە بەناوی دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیسرائیل، چاویان لە کردەوە سەرکوتکەرانەکانی کۆماری ئیسلامی دەپۆشن. کاتێک کە ئازادیخوازانی ئێرانی لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن و ملیان بە پەتدا دەکرێت، ئەم کەسانە بێدەنگن، بۆچی؟ بە حسابی خۆیان چونکە نایانەوێت "ئاو بکەنە ئاشی دوژمنانی ئێران." نموونەیەکی بەرچاوتر، کاردانەوەکانن بەرامبەر دەستپێکی جەنگەکە. لە سۆسیال میدیا پۆستەکان دابەش بوون بۆ دوو کەمپی ڕوون: یان "ئیسرائیل ناچار بوو پێشدەستی بکات" یان "ئێران قوربانی دەستدرێژییە." کەم کەس پرسیاری ئەوە دەکات، ئایا هەردوو ڕژێم بۆ بەرژەوەندییە سیاسیەکانی خۆیان خەریکی یاریکردن نین بە ژیانی خەڵکی ناوچەکەوە؟

## میکانیزمەکانی کارکردنی تەڵەکە

بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەم تەڵەیە کار دەکات، دەبێت سەیری چەند میکانیزمێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بکەین:

یەکەم، "هەڵبژاردنی زانیاری" کە تێیدا مرۆڤ تەنها ئەو زانیارییانە وەردەگرێت کە لەگەڵ بیروباوەڕە پێشینەکانیدا دەگونجێن. لە سەردەمی میدیای کۆمەڵایەتیدا، ئەلگۆریتمەکان ئەم کێشەیە قووڵتر دەکەنەوە، چونکە تەنها ئەو ناوەڕۆکانەمان نیشاندەدەن کە پێشتر حەزمان لێی کردووە و پێیدەڵێن "حەوزەکانی دەنگدانەوە" کە تێیدا تەنها دەنگە هاوڕاکان دەبیستین. دووەم، "پەیوەستبوونی عاتفی" بە دیدگەیەکەوە. کاتێک مرۆڤ ماوەیەکی درێژ باوەڕی بە شتێک هەبێت، ئەو شتە لەو کەسەدا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، دەبێتە بەشێک لە ناسنامەی هزری کەسەکە. لێرەدا، هەر ڕەخنەیەک لە دیدگەکەی وەک هێرشێک بۆ سەر کەسایەتی خۆی دەبینێت. بۆیە کاتێک کە تەنانەت کوێرانەش بەرگری لە دیدگەکەی دەکات وەک ئەوە دەنوێنێت کە بەرگری لە خۆی دەکات. سێیەم، "فشاری گروپ" ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بە توندی پۆلاریز بووە، وەرگرتنی هەڵوێستێکی ناوەند، دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی لە لایەن هەردوو لاوە. ئەمەش وا دەکات خەڵکی ناچاربن لایەنێک هەڵبژێرن، تەنانەت ئەگەر لە ناخی خۆشیاندا ڕەخنەیان لە هەردوولا هەبێت.

## چۆن لەم تەڵەیە دەربچین؟

دەربازبوون لە تەڵەی بیرکردنەوەی دووانەیی، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام نامومکینش نییە. لێرەدا چەند ڕێگەیەک دەخەینە ڕوو: لەسەر ئاستی تاکەکەسی، یەکەم هەنگاو بریتییە لە "خۆئاگایی"، وەک خود دەبێت بتوانین بناسینەوە کە کەی دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەم میکانیزمانەوە. کاتێک هەستدەکەین زۆر بە توندی دیفاع لە دیدگەیەک دەکەین یان کاتێک هەموو ئەوانەی دژە ڕامانن بە "دوژمن" دەبینین، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ڕەنگە بەبێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێت کەوتوویتە تەڵەکەوە. هەنگاوی دووەم، "گەڕان بە دوای دەنگە جیاوازەکان"ـە. دەبێت بە ئەنقەست گوێ لە کەسانێک بگرین کە دیدگەی جیاوازیان هەیە. ئەمە هەرگیز بە مانای قبووڵکردنی دیدگەکانیان نا، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی بیرکردنەوەیان. هەنگاوی سێیەم، "قبووڵکردنی ئاڵۆزی"یە. دەبێت بتوانین بڵێین 'نازانم' یان 'ڕەنگە هەردوولا هەم ڕاست بن هەم هەڵە.'، ئەمەش بە مانا دوفاقییەکە نا، بەڵکوو دەبێ بتوانین ڕەخنە لە هەردوو لای ململانێکە بگرین، بێئەوەی هەست بکەین نەخێر ئیللا دەبێت لایەنێکیان هەڵبژێرین. ئەمە بۆ میدیا و ڕۆژنامەنووانان بەرپرسیارێتییەکی گەورەترە. دەبێت هەوڵ بدەن دەنگە جیاوازەکان بگەیەنن، نەک تەنها ئەو

دەنگانەی کە لەگەڵ لاینی سیاسی ڕۆژنامەکە دەگونجێ، دەبێ پرسیارە سەختەکان لە هەردوولا بکەین، نەک تەنها لە " دژ و دژمن." بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێ فەزایەک بخولقێنن بۆ گفتوگۆی تەندروست. دەبێت کۆڕ و سیمینار ڕێکبخەن کە تێیدا دەنگە جیاوازەکان بتوانن بە ئاشتییانە دیالۆگ بکەن. دەبێ نەهێڵن کۆمەڵگە دابەش بێت بەسەر دوو کەمپی دوژمن.

## پرنسیپ لەجیاتی پۆزیشن

چارەسەری بنەڕەتی بریتییە لە گواستنەوەی "پۆزیشن" بۆ "پرنسیپ." لەجیاتی پرسیاری "لەگەڵ کێیت، ئێران یان ئیسرائیل؟"، دەبێت بپرسین "چ پرنسیپێک دەپارێزیت؟" ئەگەر پرنسیپمان مافی مرۆڤە، دەبێت دژی سەرکوتی گەلان بین لە ئێران، دژی کوشتنی منداڵان بین لە غەززە. هەروەها ئەگەر پرنسیپمان دیموکراسییە، دەبێت ڕەخنە لە نەبوونی بژاردەی ئازاد لە ئێران بگرین، ڕەخنە لە سیاسەتە جیاکاریخوازەکانی ئیسرائیل بگرین. ئەگەر پرەنسیپەکە ئاشتییە، ئەوا دەبێت دژ بەهەموو جۆرەکانی توندوتیژی بین، جا لە هەر لایەکەوە بێ، دەبێت داوای چارەسەری ئاشتییانە بکەین کە مافی هەموو لایەک بپارێزێت.

## وانە مێژووییەکان بۆ داهاتوو

خوڵاسەی کەلام، دەبێ لە مێژووەوە فێربین. هەڵەی ١٩٧٩ نابێت دووبارە بکەینەوە، جا بە هەر ئاراستەیەک بێت. دەبێت بزانین کە ڕیشەکێشکردنی دیکتاتۆرییەت بە دیکتاتۆرییەت ناکرێت، و توندوتیژی بە توندوتیژی چارەسەر ناکرێ. میراتی ڕاستەقینەی میشێل فوکۆ ئەوە نەبوو کە هەڵەی کرد – هەمووان هەڵە دەکەن. میراتەکەی ئەوە بوو کە توانی دان بە هەڵەکەیدا بنێت و لێی فێربێت. ئەو نووسی: "ڕۆشنبیر ئەو کەسە نییە کە هەرگیز هەڵە ناکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە لە هەڵەکانی فێر دەبێت." ئەمڕۆ، لە بەرامبەر جەنگی ئێران–ئیسرائیل و ئەوەی ڕوو دەدات لە ناوچەکەدا، ئێمە لە هەمان تاقیکردنەوەداین. ئایا دەتوانین لە تەڵەی بیرکردنەوەی دووانەیی دەربچین؟ ئایا دەتوانین هەم دژی سەرکوتی ناوخۆیی و هەم دژی کوشتاری دەرەکی بین؟ ئایا دەتوانین داوای ئازادی بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکە بکەین، بەبێ جیاوازی؟ وڵامی ئەم پرسیارانە دیاری دەکات کە ئایا ئێمە لە مێژوو فێربووین، یان مەحکومین بە دووبارەکردنەوەی. هیوادارم نەوەی ئەمڕۆ بتوانێت ئەو وانەیە فێربێت کە نەوەکانی پێشوو نەیانتوانی – ڕاستی هەمیشە ئاڵۆزترە لەوەی لە دوو وشەدا جێیبێتەوە، مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی هەمیشە گرنگترن لە ئایدیۆلۆژیا.

# گەورەترین جموجۆڵی سەربازی

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ کاتێک کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل بەرەو ئاسمانی ئێران بەرزبوونەوە، لە پشتەوەی دەریاکان و بیابانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، ماشێنێکی سەربازی گەورەتر دەستی بە جوڵەکرد. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا کە کاری لەسەر ئەوە دەکرد پێگە سەربازییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا کەم بکاتەوە، بە خێرایی گەورەترین جموجۆڵە سەربازییەکانی لە دوای داگیرکردنی عیراق " ٢٠٠٣" دەستپێکرد.

ئەم جموجۆڵە کە لە ماوەی تەنها ٨٠ کاتژمێری ڕابردودا ڕوویانداوە، نە تەنها پرسیارەکانی دەربارەی ڕۆڵی ئەمریکا لە ململانێیەکی نوێی ناوچەیی وروژاندون، بەڵکو نیشانەی گۆڕانکارییەکی قووڵیشی لە ستراتیژییەتی ئەمریکا بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەناو خۆیدا هەڵگرتوون. لە کاتێکدا سەرۆک "دۆناڵد ترامپ" لە کۆشکی سپی دانیشتبوو و

چاوەڕوانی ڕاپۆرتەکانی دەکرد، پێنتاگۆن پلانێکی وردی دانابوو کە هاوسەنگییەکی باریک لە نێوان پشتیوانی هاوپەیمانەکانی و دووری گرتن لە جەنگێکی ڕاستەوخۆ دەپاراست.

## کاتێک دەریاکان دەجولێن

دەریاوانەکانی هێڵی کەشتیگەلی USS Nimitz لە بەندەری یۆکۆسوکای ژاپۆن، خەریکی ئامادەکاری بوون بۆ سەردانێکی دۆستانە بەرەو ڤیەتنام، بەڵام فەرمانێکی لەناکاو پلانەکانی هەڵوەشاندنەوە. ئەم کەشتییە دەریاییە گەورەیە کە توانای هەڵگرتنی ٥،٠٠٠ کەس و زیاتر لە ٦٠ فڕۆکەی جەنگی هەیە، بە خێرایی لە تەنگەبەری مالاکا تێپەڕی و بەرەو دەریای عەرەب کەوتەڕێ. پیت هێگسێت، وەزیری بەرگری، لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا وتی "ئێمە دڵنیا دەبینەوە کە خەڵکەکەمان لە ئەمان و ئاسایشدا بن." بەڵام پشتەوەی ئەم قسە سادەیەوە، دەستپێکی ئاڵۆزترین جموجۆڵە دەریاییەکان بوون لە مێژووی هاوچەرخی دەریاوانی ئەمریکادا. لە دەریای ناوەڕاستیش، کەشتیگەلی USS Gerald R. Ford، نوێترین و پێشکەوتووترین هێڵی کەشتیگەلی ئەمریکا،

ئامادەکاری دەستپێکرد بۆ گەشتێکی ئاسایی بەرەو ئەوروپا. بەڵام ئەم گەشتەش ئیتر و چیتر ئاسایی نەما. ئەمە یەکەمجارە دوای کۆتایی جەنگی سارد، ئەمریکا سێ هێڵی کەشتیگەلی لە یەککاتدا بەرەو ناوچەیەک بنێرێت – دیاردەیەک کە تەنانەت لە سەردەمی جەنگی کەنداویشدا بەم چڕییە نەبینراوە.

## ئاسمانێک پڕ لە فڕۆکەی تانکەر

لە شەوی ١٥ی حوزەیران، چاودێرانی فڕۆکەوانی لە سەرانسەری جیهاندا، سەرسام بوون بە بینینی دیمەنێکی نائاسایی: زیاتر لە ٣٠ فڕۆکەی تانکەری هێزی ئاسمانی ئەمریکا، پێکەوە لە بنکەکانیانەوە، لە ئەمریکاوە، بەرز بوونەوە و بەرەو ئەوروپا فڕین. ئەم فڕۆکانە کە بە کۆدی "GOLD" ناسراون – نیشانەیەکی ناسراون بۆ جموجۆڵە گەورە سەربازییەکان – لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا لە بنکەکانی ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا و بەریتانیا نیشتنەوە. بۆ تێگەیشتن لە گرنگی ئەم جموجۆڵە، پێویستە بزانین کە فڕۆکەی تانکەر چییە: ئەوان "شیری دایک"ی هێزی ئاسمانین، بێئەوان هیچ فڕۆکەیەکی جەنگی ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ

لە ئاسماندا بمێنێتەوە. کاتێک ئەمریکا دەیان فڕۆکەی تانکەر دەنێرێت، مانای ئەوەیە ئامادەکاری دەکات بۆ عەمەلیاتێکی گەورەی ئاسمانی. دوو ڕۆژ دواتر، ڕاستی ئەم ئامادەکارییە دەرکەوت. دوازدە فڕۆکەی F-٢٢ Raptor – باشترین فڕۆکەی شەڕی نەبینراوی جیهان – لە بنکەی لانگلی لە ڤێرجینیا بەرز بوونەوە و بەرەو ئوردن فڕین. لە هەمانکاتدا، دوازدە فڕۆکەی F-٣٥ Lightning لە بەریتانیا بەرەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێکەوتن. ئەم جموجۆڵە لە بواری فڕۆکەوانی سەربازیدا هاوتای ناردنی سوپایەکی تەواوە بۆ ناوچەیەک.

## بۆمبەرە نهێنییەکان لە دوورگەی دییێگۆ گارسیا

لە ناوەڕاستی ئۆقیانووسی هیند، لە دوورگەیەکی بچووک بە ناوی دییێگۆ گارسیا کە زۆربەی خەڵک ناویان نەبیستووە، شەش فڕۆکەی B-٢ Spirit نیشتنەوە. ئەم فڕۆکە نهێنییانە کە هەر یەکێکیان نرخەکەی دوو ملیار دۆلارە، توانای هەڵگرتنی بۆمبی گەورە و تایبەتیان هەیە بە ناوی GBU-٥٧ کە دەتوانێت تا دەیان مەتر بە ژێر زەویدا ڕۆبچێتە خوارەوە – تاکە چەکێک کە دەتوانێت بگاتە ناوەندە ئەتۆمییە قووڵەکانی ئێران لە فۆردۆ. بوونی ئەم بۆمبەرانە لە دییێگۆ

گارسیا – کە ٢،٤٠٠ میل لە سنووری باشووری ئێران دوورە – پەیامێکی ڕوونە: ئەمریکا ئامادەیە بۆ هەموو سیناریۆیەک، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکات لە پڕۆگرامی ئەتۆمی ئێران.

## شانۆی زەمینی – پاراستنی بێپەلاماردان

بە پێچەوانەی جەنگەکانی پێشووی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمجارە هیچ نیشانەیەک لە ناردنی هێزی زەمینی گەورە، بوونی نییە. ژمارەی سەربازە ئەمریکییەکان لە ناوچەکەدا، هێشتان لە نێوان ٤٠،٠٠٠ تا ٥٠،٠٠٠ سەربازدا ماوەتەوە – زیادبوونێکی کەم لە ٣٠،٠٠٠ کەسی ئاسایی، بەڵام زۆر کەمتر لە ١٦٠،٠٠٠ سەربازی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە عیراق بوون. دیارە کە ئەم سەربازانە لە چەندین بنکەی سەرەکی دابەش کراون: بنکەی ئاسمانی ئەلعودەید لە قەتەر، کە ١٠،٠٠٠ سەربازی تێدایە و گەورەترین بنکەی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، کەمپی عەریفجان لە کوەیت، کە ٩،٠٠٠ سەربازی تێدایە و ناوەندێکی لۆجستیکە، چالاکی پشتیوانی دەریایی لە بەحرەین، کە ماڵی نێونجی و پێنجەمی دەریایی ئەمریکایە. ڕۆژی ١٤ی حوزەیران، سێ درۆنی چەکدار هێرشیان کردە سەر

بنکەی ئەلئەسەد لە ڕۆژئاوای عیراق، شوێنێک کە نزیکەی ٢،٠٠٠ سەربازی ئەمریکی تێدایە. هەرچەندە هەر سێ درۆنەکە لەلایەن سیستەمەکانی بەرگریەوە خرانە خوارەوە، بەڵام ئەم هێرشە نیشانیدا کە هێزە وەکیلەکانی ئێران هێشتا دەتوانن هەڕەشە بن بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا.

## دیپلۆماسییەت لە سێبەری چەکەکاندا

لەگەڵ بەردەوامی ئەم جموجۆڵە سەربازییە گەورانە، کاری دیپلۆماسی نهێنیش درێژەیان هەیە. ستیڤ ویتکۆف، نێردەی تایبەتی ترامپ، هێشتا لە پەیوەندی بەردەوامدا لەگەڵ عەباس عەراقچی، – وەزیری دەرەوەی ئێران. هەروەها وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا لە ژنێڤ کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی دیپلۆماسی. ترامپ لە ١٩ی حوزەیران ڕایگەیاند کە "لە ماوەی دوو هەفتەدا" بڕیار دەدات ئایا ئەمریکا ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە جەنگەکە یان نا. ئەم مۆڵەتە کاتییە فشارێکی گەورەی خستووەتە سەر هەموو لایەنەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک پێش ٣ی تەمموز.

## وڵاتانی کەنداو لە نێوان چەکوش و سنداندان

ئەم دۆخە بۆ وڵاتانی عەرەبی کەنداو، کابووسێکی دیپلۆماسییە. لە لایەک، ئەوان هاوپەیمانی دێرینی ئەمریکان و پێویستیان بە پاراستنی ئەمریکایی هەیە. لە لایەکی ترەوە، دراوسێی ئێرانن و دەزانن هەر ململانێیەکی فراوان دەتوانێت ژێرخانی نەوت و گازی ئەوانیش بکاتە ئامانج. عەرەبستانی سعودی، ئیمارات، قەتەر و عومان هەوڵی چڕیان دەستپێکردوە بۆ ناوبژیوانی. وەزیرانی دەرەوەی ئەم وڵاتانە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان لەگەڵ تاران و تەلئەبیب، هەوڵدەدەن ململانێکە سنووردار بکەن. ترسیان هەیە لەوەی وەک ساڵی ٢٠١٩ کە کاتێک ناوەندی نەوتی عەبقەیق لە عەرەبستان کرایە ئامانج، ژێرخانی ئابووریان ببێتەوە قوربانی جەنگێک کە هەڵگیرسێنەرەکانی ئەوان نین.

## پرسیاری گەورەکە – ئایا ئەمریکا دەکەوێتە ناو جەنگەکەوە؟

یەکەمجارە، دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەر، کۆنگرێسی ئەمریکا بە جددی مشتومڕی ئەوە دەکات ئایا پێویستە ڕەزامەندی بدات پێش هەر جۆرە دەستێوەردانێکی سەربازی دژی ئێران. سیناتۆر جۆن تون، سەرۆکی زۆرینەی سینا،

دەڵێت: " ئەمە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک خۆیدایە" بۆ وەڵامدانەوە، بەڵام زۆرێک لە یاسادانەران نیگەرانن لەوەی ئەمریکا بە نەزانی بکەوێتە ناو جەنگێکی درێژخایەنەوە. جەنەڕاڵ کێنێت مەکێنزی، فەرماندەی پێشووی ناوەندی ئەمریکا پێیوایە "ئیسرائیل دەیەوێت ڕژێمی ئێران بگۆڕێت" و "ئەم ململانێیە بۆ ماوەیەک درێژە دەکێشێت." ئەم بۆچوونە نیگەرانی ئەوە دەورووژێنێت کە ئەمریکا ڕەنگە ناچار بێت لە نێوان پشتیوانی لە هاوپەیمانێکی نزیک و دووری گرتن لە جەنگێکی نوێ هەڵبژێرێت.

## سەرەنجام – ستراتیژییەک بۆ سەردەمێکی نوێ

جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمریکا لە حوزەیرانی ٢٠٢٥وە، نە هەر ئاسایی نین، بەڵکوو نیشاندەری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتین لە چییەتی و چۆنیەتی مامەڵەی واشنتۆن لەگەڵ قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمریکا لەبری ناردنی سەدان هەزار سەرباز وەک عیراق و ئەفغانستان، ئێستا پشت دەبەستێت بە هێزی دەریایی و ئاسمانی بۆ دروستکردنی "چەتری بەرگری" بۆ هاوپەیمانەکانی، لە هەمانکاتدا دەرگا بۆ دیپلۆماسی کراوە دەهێڵێتەوە. بەڵام لە هەموو حالێکدا،

ئەم ستراتیژییە نوێیە، ڕەنگە نیشانەی ئامادەکاری بێت بۆ بەشداری سنووردار و ڕاستەوخۆ لە جەنگی ئێران-ئیسرائیل و کاردانەوە بەرامبەر بە ئەگەری لێکەوتە ناوچەییەکان. ئەوەی ڕوو دەدات و بەڕێوەیە ڕووبدات، دواجار هەرچۆنێکبێ، ئاماژەی کۆتایی هاتنی سەردەمی "جەنگە بێکۆتاییەکان" و دەستپێکی قۆناغی نوێیە کە تێیدا ئەمریکا هەوڵدەدات کاریگەری و هەژموونی خۆی بپارێزێت. بێگومان سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە، بەندە بە توانای واشنتۆن بۆ پاراستنی هاوسەنگییەکی باریک لە نێوان بەهێزی و خۆپارێزی، لە نێوان پشتیوانی لە هاوپەیمانان و خۆ بە دوور گرتن لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی جەنگەکەدا. بەهەرحاڵ! ئێستا کاتێک جیهان چاوەڕێی بڕیاری ترامپ دەکات لە ماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا، یەک شت ڕوونە: خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەمیشە ناوچەیەکی ئاڵۆز بووە، ئێستا لەسەر لێواری گۆڕانکارییەکی مێژوویی وەستاوە، کە کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتووی ناوچەکە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو[٢].

[٢]-سەرچاوەی ئەم بابەتە، بریتییە لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان و ڕاپۆرتە فەرمییەکانی بەرپرسانی ئەمریکی و ناوچەیی تا ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٢٥.

# سیمبۆلیزمی "ئەتۆم"ی لە سەردەمی نوێدا

ڕووداوەکانی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥و ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زیاتر لە هەر کاتێک پەردە لەسەر ڕاستییەکی قووڵ لادەبەن، کە لە ناخی نیزامی سیمبۆلی سیاسیی جیهانیدا شاردرابۆوە. ئەوەی ڕوودەدات تەنها ململانێیەکی سیاسی یان سەربازی نین، بەڵکو دەرخەری قەیرانێکی بنەڕەتین لە فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن و سیستمی سەرمایەداری نیولیبراڵدا.

کاتێک ئەمریکا بەرەبەیانی ٢٢ی حوزەیران ڕاستەوخۆ هاتە ناو ململانێکەوە، ئاماژەکانی بەکۆتایی هاتنی سەردەمێک و دەستپێکی سەردەمێکی نوێ ڕوونتر دەرکەوتن. ئەو سیاسەتەی کە پێی دەگوترا "دەوورە پەرێزی" دەرکەوت کە بۆ پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و زەمینەسازی بۆ دەستێوەردانە ڕاستەوخۆکان، لێرەوە دەبێ هەمووان تێبگەن کە ئیتر میکانیزمەکانی کۆنترۆڵی نەرم و دیپلۆماسی چیتر ناتوانن ناکۆکییە بنەڕەتییەکان بشاردرێنەوە.

بەپێی فەلسەفەی هیگڵ، ناکۆکییەکان هۆکاری سەرەکی گەشەسەندن و پێشکەوتنەکانن. ئەوەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، نموونەیەکی زیندووی ئەم تیۆرە نیشاندەدا. ململانێی ئێران – ئیسرائیل فراوانتر لە ململانێیەکی جوگرافی یان سیاسی دەڕوات، ئەوە ناکۆکییەکە لە نێوان دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ مۆدێرنیتە و ناسنامە.

دوای کۆتایی جەنگی سارد، جیهان خەونی بە سیستمێکەوە دەبینی کە تێیدا سەرمایەداری نیولیبراڵ دەتوانێت ئاشتی و سەقامگیری بۆ هەموو لایەک دابین بکات. بەڵام ئەم خەونە لەسەر بنەمای نادروست دامەزرابوو. توندوتیژی و ناکۆکی هەمیشە ئامادەییان هەبوو، تەنها بە شێوازی جیاواز دەردەکەوتوون. کۆمپانیا فڕۆکەوانییە نێودەوڵەتییەکان کە گەشتەکانیان ڕاگرت، ئەمە تەنها لە ترسی هێرشە ڕاستەوخۆکان نەبوو. ئەوان هەستیان بە گۆڕانکارییەکی قووڵتر دەکرد لە ستراکتۆری جیهانیدا، گۆڕانکارییەک کە ئاراستەکەی هێشتا نادیارە، یان نەگەیشتووەتە خاڵی سەلامەتی بۆ سەرمایەگوزاری ئەوان.

یەکێک لە دیاردە سەرنجڕاکێشەکان لەم قەیرانەدا، دووڕوویی ئەخلاقی هێزە مەزنەکانە. ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا لەو کاتەی کە بانگەشەی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەن، هەمان ئەو کاتە پشتیوانی لە کردەوە و سیاسەتێک دەکەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئەم مافانە. ئەم دووڕووییە تەنها گرفتێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو نیشانەی ناکۆکییەکی قووڵە لە ناخی خودی سیستمەکەدا، کە دواجار خۆیشیان لە ناجێگری و نا سەلامەتیدا دەخواتەوە.

کاتێک باس لە "ئەتۆم" دەکەین، لە چوارچێوەی ئەم قەیرانەدا، مەبەستمان تەنها چەکی ئەتۆمی نییە. "ئەتۆم" لێرەدا سیمبۆلێکە بۆ هێزێکی وێرانکەرتر کە دەتوانێت هەموو شتێک بگۆڕێت. ئێمە گەیشتووینەتە خاڵێکی مەترسیدار، یان دەبێت ڕێگایەکی نوێ بدۆزینەوە بۆ پێکەوەژیان، یان بەرەو وێرانییەکی گەورە دەچین. ئەوەی ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، هەم کۆتایی و هەم دەستپێکە. کۆتایی سیستمێکە کە لەسەر بنەمای هێزی سەربازی و هەژموونی سیاسی دامەزرابوو. دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە کە هێشتا شێوە و ناوەڕۆکەکەی دیار نییە.

چارەسەری ڕاستەقینە، لە بەهێزکردنی لایەنێک و لاوازکردنی لایەنەکەی تردا نییە، هەروەک چۆن دروستکردنی هاوسەنگییەکی نوێی هێزیشە. چارەسەر دروستکردنی "سپەیسێکی سیاسی نوێ"یە. سپەیسێک کە تێیدا هەموو کەس و گروپێک بتوانێت بەشداری بکات بۆ ئەوەی دەستبەرداری ناسنامەی کەلتووری و ئایینییەکەی خۆی بێت. ئەم سپەیسە نوێیە دەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە فرەیی و جیاوازی دابمەزرێت، نەک لەسەر بنەمای سەپاندنی مۆدێلێکی تاک لە حوکمڕانی یان کەلتووری.

خوێنی ڕژاوی سەد ساڵی ڕابردووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەی ئەمڕۆش دەڕژێت، هەموویان نیشانەی ئەوەن کە چیتر ناتوانین وەک پێشوو بەردەوام بین. ڕووداوەکان تا دێن، دەبنە زەنگێکی مەترسیدار تری ئاگادارکردنەوە و هەستیار کردنەوە بۆ هەموومان. تا ئەو کاتەش کە ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە نەبینەوە، ئەو ڕاستییەی کە سیستمی ئێستای لەسەر بنەمای توندوتیژی دامەزراندوە و تا ئەو کاتەش کە هەوڵ نەدەین بۆ دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕاستەقینە، ئێمە مەحکومین بە دووبارەبوونەوەی هەمان تراژیدیا، بێگومان هەر جارە بە شێوازێکی نوێ، بەڵام خراپتر و وێرانکەرتر.

کاتی ئەوە هاتووە هەمووان بیر لە پرسیارە بنەڕەتییەکان بکەینەوە: چۆن دەتوانین پێکەوە بژین؟ چۆن دەتوانین جیاوازییەکانمان بکەینە سەرچاوەی هێز، نەک هۆکاری ململانێ؟ ئەمانە پرسیاری سەردەمن و وەڵامەکانیان داهاتووی ناوچەکە و ڕەنگە تەواوی جیهانیش دیاری بکەن.

# پیلانگێڕییە ئیمپریالیستییەکان

پیلانگێڕییە ئیمپریالیستییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو ڕووداوانەی کە لە حوزەیرانی ٢٠٢٥دا ڕوویاندا و ڕاستەوخۆ هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ ناو جەنگەکەوە، دووبارە سەلماندیانەوە کە چۆن هێزە گەورەکان بەردەوام ناوچەکە وەک تەختەی شەترەنج بەکاردەهێنن، بێ گوێدانە ویستەکان و خواستەکانی گەلانی ناوچەکە. کاتێک ڕژێمی بەشار ئەسەد لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤دا ڕووخا، ئەمە تەنها ڕووخانی دیکتاتۆرێک نەبوو. ئەوە کۆتایی هاتنی پرۆژەیەکی ئێرانی بوو بۆ دروستکردنی کەمەربەندێکی وەکالەتی لە تارانەوە بۆ بەیروت. وەبەرهێنانی ٣٠ ملیار دۆلاری ئێران لە سوریادا، بە یەک شەو بوو بە هیچ، هێڵی حیزبوڵڵا پچڕا و سەرکردایەتی تەواوی ئەم ڕێکخراوە لەناوچوو، لە حەسەن نەسروڵڵاوە تا دوایین فەرماندەکانی.

بەڵام با لە ڕاستییەکی بنەڕەتیتر بکۆڵینەوە: ئەم "میحوەری بەرگری"یە لە بنەڕەتدا چی بوو؟ تەنها پرۆژەیەکی دیکەی هەژموونی ناوچەیی بوو، هیچ جیاوازییەکی جەوهەری لەگەڵ

پرۆژەکانی دیکەی ئیمپریالیستی نەبوو. کاتێک ئێران باسی "بەرگری لە مەزڵوومان" دەکرد، لە ڕاستیدا دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە و بەکارهێنانی میلیشیاکان بۆ بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکییەکانی خۆی دەکرد. هەڵبەتە، ڕووخانی ئەم تۆڕە دەرفەتی نوێی هێنایە ئاراوە – بەڵام بۆ کێ؟ ئایا بۆ گەلانی ناوچەکە، یان بۆ دیزاینەرە نوێیەکانی نەخشەی جیۆپۆلیتیکی؟

٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ ڕۆژێکی گرنگ بوو لە مێژووی دەستێوەردانە نوێیەکانی ئەمریکادا. بۆمبارانی دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێران بە فڕۆکە B-٢ەکانی، دۆکترینی جەنگی پێشگیرانە دەهێنێتەوە یاد، کە لە ٢٠٠٣ەوە کارەساتی بۆ ناوچەکە دروستکردووە. ناودێر کردنی ئۆپەراسیۆنەکە بە "Operation Midnight Hammer" نیشاندەری زیهنیەتی میلیتاریستییە و سەلماندنەوەیەکی نوێی ڕوونە کە ئەمریکا هێشتا باوەڕی بە چارەسەری سەربازی هەیە بۆ کێشە سیاسییەکان. پاساوی "ڕێگەگرتن لە پەرەپێدانی چەکی ناوەکی" هەمان پاساوە کە بۆ وێرانکردنی عیراق لە ٢٠٠٣ بەکارهێنرا. جێگەی سەرنجە کە زۆربەی میدیاکانی ڕۆژئاوا، ئەم کردارە وەک "بەرگری پێشوەخت" پێناسە دەکەن،

لەکاتێکدا وەک دەڵێن هیچ بەڵگەیەکی ڕوون نییە کە ئێران لە قۆناغی دروستکردنی چەکی ناوەکیدا بووبێت. ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوەکی، سەرەڕای نیگەرانییەکان، هێشتا باسیان لە بەرنامەیەکی مەدەنی دەکرد، نەک سەربازی.

## کورد، قوربانیی هەمیشەیی لە گەمە جیۆپۆلیتیکییەکاندا

لەناو ئەم گۆڕانکارییە مەزنانەدا، دیسان کورد خەریکە دەبێتەوە کارتی گەمەیەک کە یاریزانەکانی لە تاران، واشنتۆن، ئەنقەرە و تەل ئەبیبن. هێشتا ئەمریکا هێزەکانی سوریای دیموکرات وەک "کارتی فشار" دژی تورکیا بەکاردەهێنێت، لەکاتێکدا ٩٠٠ سەربازی ئەمریکی لە ڕۆژئاوای کوردستانن. ئەم دووفاقییە – پشتیوانی لە هێزە کوردییەکان کاتێک سوودیان هەیە و پشتگوێخستنیان کاتێک بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێن، نموونەی کلاسیکی سیاسەتی ئیمپریالیستییە. ئەمریکا بەردەوام کوردی بەکارهێناوە وەک سەربازی پیادە لە جەنگەکانیدا، پاشان لە کاتی پێویستدا بەجێی هێشتوون، وەک لە ١٩٧٥ و ١٩٩١ و دوای ڕاپرسییەکەی ٢٠١٧.

چەکدانانی PKK لە ئایاری ٢٠٢٥، کە وەک "دەستکەوتێکی مێژوویی" پێناسە دەکرێت، لە ڕاستیدا نیشانەیەکی دیکەی فشارە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانە، لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی. ئەردۆغان ئەمە وەک "سەرکەوتن" ناودەبات، کەچی لە هێشتا بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر YPG لە سوریا، چونکە تورکیا هێشتا هەموو فۆڕمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی وەک هەڕەشە دەبینێت. کاردانەوەی وڵاتانی عەرەبی بۆ بۆمبباراندنی ئێران زۆر ڕوونە. عەرەبستانی سعودی، کە لە مارسی ٢٠٢٣ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران چاککردەوە بە ناوبژیوانی چین، "نیگەرانی قووڵی" دەربڕی بەڵام داوای "خۆپاریزی"ی کرد. ئیمارات، قەتەر، هەتا ئوردن – هەموویان هەڵوێستی میانڕەویان گرت. ئەمە نیشاندەری گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە: وڵاتانی کەنداو چیتر ئامادە نین ببنە گۆڕەپانی ململانێی ئێران و ئەمریکا. بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، تایبەت نرخی نەوت کە گەیشتە٨٠ دۆلار بۆ بەرمیلێک – و سەقامگیری ناوچەیی لە پێشینەی سیاسەتەکانیاندان.

بەڵام ئەم "میانڕەوی"یە خۆی فۆڕمێکی دیکەی پاسیڤیەتە. لەجیاتی وەستانەوە دژی دەستێوەردانە نایاساییەکان، ئەم وڵاتانە تەنها نیگەرانی کاریگەرییەکان لەسەر خۆیانن. کەس باسی مافی سەروەری ئێران یان نایاسایی بوونی هێرشە یەکلایەنەکان ناکات. پێشڕەوی ئێران لە پیتاندنی یۆرانیۆمدا – کە گەیشتووەتە٤٠ هێندەی سنوورەکانیJCPOA ڕاستەوخۆ بەرهەمی سیاسەتی فشاری کەمەرشکێنی ئەمریکان. کاتێک ترامپ ٢٠١٨ لە ڕێککەوتنی ناوەکی هاتە دەرەوە و گەمارۆ توندەکانی گەڕاندەوە، ئێران بڕیاریدا بە هەمان شێوە وەڵام بداتەوە. کە زیانیان بە خەڵکی ئاسایی گەیاندووە نەک ڕێژیم. گەمارۆکان نابنە هۆی گۆڕانی ڕێژیم، بەڵکو خەڵکی ئاسایی دەچەوسێننەوە و ڕێژیمەکان بەهێزتر دەکەن.

## سیناریۆکانی داهاتوو – لە نێوان کارەسات و هیوادا

کورد دەبێتە قوربانی یان کارت، نەک کارگێڕی چارەنووسی خۆی. سیناریۆی "کۆنفیدراڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" خەیاڵێکی جوانە، بەڵام کێ باوەڕ دەکات کە دەوڵەتانی ناوچەکە ئامادەن دەسەڵات دابەش بکەن؟ سیناریۆی "دابەشبوون" مەترسیدارە، چونکە دەتوانێ ببێتە هۆی کۆچی

بەکۆمەڵ و پاکتاوی ئەتنیکی، وەک ئەوەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕوویدا. یادەوەری هەڵەبجە و ئەنفال هێشتا تازەیە و نابێت فەرامۆش بکرێن کە چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگ بوو لەو کاتەدا. گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێگومان دەرفەتی نوێ دەخەنە بەردەم، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: دەرفەت بۆ کێ؟ ئەگەر کورد بەردەوام لە چاوەڕوانی دەستی هێزە دەرەکییەکاندا بێت، دووبارە دەبێتەوە قوربانی. چارەسەری ڕاستەقینە لە دروستکردنی بەدیلێکی سەربەخۆدایە – بزووتنەوەیەک کە نە لەسەر بنەمای دژایەتی ئەمریکا و نە لەسەر بنەمای پشتبەستن بە ئەمریکا بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلانی ناوچەکەبێت. کورد پێویستی بە ستراتیژییەکی نوێیە کە تێیدا نە کارتی کەس بێت و نە بەشێک بێت لە پرۆژەی هەژموونی کەس.

کاتی ئەوەیە، کە کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە تێبگەن: نە "میحوەری بەرگری" و نە "هاوپەیمانی دیموکراسی" چارەسەری کێشەکانیان ناکەن. هەردووکیان فۆڕمی جیاوازی هەر هەمان سیستەمی سەرکوتکارن. تەنها ڕێگە دروستکردنی

بەدیلێکی ڕاستەقینەیە لەسەر بنەمای دادپەروەری، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دامەزرابێت. هێزە گەورەکان هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن. کاتی ئەوەیە کە گەلانی ناوچەکە، بەتایبەت کورد، ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە – ڕێگەیەک کە نە لە واشنتۆن و نە لە تاران و نە لە هیچ پایتەختێکی دیکەوە دەست پێنەکات بەڵکو لە ویست و ئیرادەی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

# نمایشەکان لە شەڕی "سارد و گەرم" دا

لە قووڵایی ململانێ نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکاندا، دیاردەیەک هەیە کە هەموو پێوەرە کلاسیکییەکانی دوژمنایەتی سەرووژێر کردوە. بیرۆکەکە سادەیە، بەڵام پێچاوپێچییەکەی سەرسووڕهێنەرە: کاتێک "ئێران–ئیسرائیل" و "ئێران–ئەمریکا" – دەیانەوێت دنیا باوەڕ بەوە بکات کە دووانیان مەرگی سێیەم دەخوازن و سێیەم مەرگی هەردوکیان، بەردەوام پێش هەر هێرشێکی سەربازی لە ڕێگەی کەناڵە نهێنییەکانەوە یەکتری لە وردەکارییەکان ئاگادار دەکەنەوە. ئەمە نەک بە شێوەیەکی گشتی، بەڵکو بە وردی: کاتەکە، شوێنەکە، تەنانەت ئامانجە دیاریکراوەکان دیاری دەکەن. ئەم ڕەفتارە، کە لە هەموو لۆژیکێکی شەڕ دەردەچێت، ناچارمان دەکات پرسیارێکی ناخۆش بکەین: ئایا ئەمە ململانێیەکی ڕاستەقینەیە، یان شانۆیەکی گەورەی نمایشی بۆ بینەرانی گشتی و خەڵکی وڵاتەکانی خۆیان بە دیاریکراوی؟

## کاتێک کینتۆرە دەبێتە مامۆستای جیۆپۆلیتیک

چینتۆرە ڕەخنەگرەکان – بیرمەندانی وەک سلاڤۆ ژیژەک کە بەدوای پەردە هەڵماڵین لە ڕووی میکانیزمەکانی دەسەڵاتدا دەگەڕێن – ناوێکی تایبەتیان بۆ ئەم دیاردەیە داناوە: "جیۆپۆلیتیکی نمایشی". بەڵام با لە وشە گەورەکان نەترسین. ئەوەی ژیژەک دەیڵێت سادەیە: حکومەتەکان فێربوون چۆن شەڕ بکەن بەبێ ئەوەی شەڕ بکەن، چۆن دوژمن دروست بکەن بەبێ دوژمنایەتی ڕاستەقینە، چۆن هێز نمایش بکەن بە شێوەیەک کە هەم مەترسیدار بێت هەم بێ مەترسی. تەماشای ڕووداوەکانی ئەم دواییە بکەن. ئێران مووشەک دەنێرێت بۆ ئیسرائیل، بۆ سەر پێگەکانی ئەمریکا لە قەتەڕ و هەر کوێ، بەڵام پێشتر ئاگاداریان دەکاتەوە. ئەمریکا و ئیسرائیل بە هەمان تۆن و سیاق وڵام دەدەنەوە، تەنانەت سوپاسی یەکتریش دەکەن، هەرسێکیان پێشوەختە دەزانن کەی و لە کوێ و چۆن بانگەشەی "سەرکەوتنی گەورە" دەکەن. خەڵکی هەرسێک وڵات هەست بە شانازی نیشتیمانی دەکەن. ڕژێمەکان لە دیدی خەڵکەکانیاندا پێگەکانیان دەچەسپێننەوە. ئەی لە ئەنجامدا؟ هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ڕووینەداوە، جگە لە بەهێزبوونی هەردوو ڕژێم لە چاوی خەڵکەکەی خۆیاندا.

## میدیا – هاوبەشی بێدەنگ لە نمایشەکەدا

لێرەدا، کارەکە زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت. کاتێک سیستەمی میدیای مۆدێرن، کە گوایە ڕاستەوخۆ ڕۆڵی ئاشکراکردنی ڕاستییەکان دەگێڕێت، بەمەبەست و بێ مەبەست زۆر سەیر دەبێتە بەشێک لە نمایشەکە. هەڵبەتا نەک پیشەگەرانە، بەڵکو بە میکانیزمێکی سادە: سووڕی ٢٤ کاتژمێری هەواڵەکان پێویستی بە درامایە و "شەڕی نمایشی" دراما دابین دەکات بەبێ ئەوەی هیچ ڕووداو یان کارەساتێکی ڕاستەقینە ڕوویدابێت. بیر بکەرەوە چۆن میدیا ئەم ڕووداوانە پێشکەش دەکات: گرافیکی بریقەدار، میوزیکی دراماتیک، شیکاری تایبەت، بەرز و نزمی تۆنی دەنگ و نمایشی بێژەر یان پێشکەشکار، کە هەمووی هەر هەمان پەیام دووبارە دەکەنەوە – مەترسی هەیە، بەڵام حکومەت کۆنترۆڵی دۆخەکەی هەیە. ئەمە پڕۆپاگەندا نییە بە مانا کلاسیکییەکەی؛ ئەمە شتێکی وردترە – هاوکاری بێئاگا لە دروستکردنی واقیعێکی هاوبەشدا کە هەمووان دەزانن ساختەیە بەڵام کەس نایەوێت دان بەوەدا بنێت.

## خەڵک وەک تەماشاکەرانی ئاگادار بەڵام بەشدار

ئەوەی زۆر سەیرترە ئەوەیە کە خەڵک – بەلایەنی کەمەوە بەشێکی زۆریان – تێدەگەن لەوەی ڕوودەدات. دڵنیام کە لە چایخانەکانی تاران، کافێکانی تەلئەبیب و ڕێستۆرانتەکانی واشنتۆن دا، خەڵکی بە گاڵتەوە باسی ئەو "شانۆی سیاسی"یە دەکەن. بەڵام کاتێک سروودی نیشتیمانی لێدەدرێت، کاتێک بەلاغە و بەیانەکانی "سەرکەوتن" بڵاودەکرێنەوە، هەمان ئەو خەڵکە بە گەرمییەوە بەشداری دەکەن. ژیژەک ناو لەمە دەنێت "ناسینی گومانکارانە" – دۆخێک کە تێیدا ئێمە دەزانین شتێک ڕاست نییە، بەڵام هەڵسوکەوت دەکەین وەک ئەوەی باوەڕمان پێی هەبێت. ئەمە نە لەبەر ئەوەی گەمژەین، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم "درۆیە هاوبەشە" شتێکمان پێدەبەخشێت کە پێویستمانە – هەستی پێکەوەیی، مانا، پێناسەی کۆمەڵایەتی لە جیهانێکدا کە پارچەپارچە بووە.

## نمایشەکان لە شەڕی "سارد و گەرم" دا

ئەم مۆدێلە تازە نییە. لە سەردەمی شەڕی ساردیشدا، ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت گەمەیەکی هاوشێوەیان دەکرد – هەڕەشەی لەناوبردنی یەکتر، پێشبڕکێی چەک، بەڵام لە ڕاستیدا

هەردووکیان دەیانزانی شەڕی ڕاستەقینە مانای کۆتایی هەردووکیانە. جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەوکات لەبەر ترسی ئەتۆم بوو؛ ئەمڕۆ لەبەر شتێکی قووڵترە – تێگەیشتن لەوەی کە "دوژمنی دەرەکی" پێویستییەکی ناوخۆییە بۆ پاراستنی دەسەڵات. دۆخی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەپێدانێکی ئەم مۆدێلەیە بۆ سەردەمێکی تر. لە جیهانێکی فرەقوتبیدا، دەسەڵاتە هەرێمییەکان فێربوون چۆن یاری دووانەیی و سیانەی و گروپکاری بکەن: پیشاندانی سەربەخۆیی بۆ خەڵکی خۆیان، هاوکات پاراستنی سیستەمێک کە سوودی هەیە بۆ هەموو لایەنەکان.

## کاتێک نمایش دەبێتە واقیع

بەڵام با خۆشمان فریو نەدەین – ئەم سیستەمە مەترسی مەزنیشی لەخۆیدا هەڵگرتووە. هەر نمایشێک پێویستی بە دراماتیزەکردنی زیاترە بۆ ڕاکێشانی سەرنج. هەر "شەڕێک" دەبێت گەورەتر بێت لە پێشووتر. هەر هەنگاوێک بەشداربووەکان نزیکتر دەکاتەوە لە خاڵێک کە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. تەماشای مێژوو بکە. زۆرێک لە شەڕە گەورەکان بە "ڕووداوی بچووک" دەستیان پێکردووە و دواتر لە کۆنترۆڵ

دەرچووە. جەنگی جیهانی یەکەم لە تەقەیەکی سەرایڤۆوە دەستیپێکرد. کێ دڵنیایی دەدات کە مووشەکێکی "نمایشی" ڕۆژێک نابێتە مایەی دەستپێکی شەڕێکی ڕاستەقینەی وێرانکەر؟

## ئایندەی شەڕ و نمایش یان کارەسات؟

کاتێک لە ئایندەی ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانین، دوو ڕێگە لەبەردەممانندایە. یەکەم، ئەم سیستەمە نمایشییە دەتوانێت درێژە بکێشێت و ببێتە مۆدێلی باو بۆ "چارەسەرکردنی" ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان – جیهانێک کە تێیدا شەڕ دەبێتە سپۆرت، دوژمنایەتی دەبێتە پیشە و خەڵک دەبنە تەماشاکەرانی ڕازی. دووەم، کە ئەمە ترسناکترینیانە، سیستەمەکە دەتوانێت بتەقێتەوە. خەڵک دەتوانن ئەوەندە ماندوو بن لە "نمایش" کە داوای شتێکی "ڕاستەقینە" بکەن. یان ڕابەرێک دەتوانێت سەرهەڵبدات کە باوەڕی بە نمایشەکە هەبێت و بیەوێت بیکاتە ڕاستی. یان تەنها، ڕۆژێک، هەڵەیەک ڕووبدات.

## پرسیارێک بۆ سەردەمی ئێمە

دواجار، ئەوەی ڕوودەدا لە نێوان ئێران، ئیسرائیل و ئەمریکادا گەورەترە لە کێشەیەکی ناوچەیی. ئەمە پرسیارێکە دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی دەسەڵات لە سەردەمی ئێمەدا، دەربارەی پەیوەندی نێوان حەقیقەت و درۆ، نێوان نمایش و واقیع. ڕەنگە پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوە نەبێت کە "ئایا ئەمە شەڕی ڕاستەقینەیە یان نا؟" بەڵکو ئەوە بێت "لە جیهانێکدا کە شەڕی نمایشی بۆتر واقیع، چۆن جیاوازی بکەین؟ گرنگتر لەوەش، ئایا جیاوازییەکە گرنگە؟" شانۆکە بەردەوامە. پەردەکە بەرز دێ و دەڕوا. کارەکتەرەکان ڕۆڵەکانیان دەگێڕن. ئێمەی بینەران لە تاریکی هۆڵەکانەوە تەماشا دەکەین، لە نێوان باوەڕ و گوماندا، لە نێوان ترس و دڵنیاییدا، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین بزانین ئایا پەردەی کۆتایی دراما دەبێت یان تراژیدیا.

# کاتێک بۆمبەکان دەبنە ئایدیۆلۆژیای ئاشتی

ئەمڕۆ ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، دوای ١٢ ڕۆژ لە پێکدادانە خوێناوییە مەترسیدارەکانی نێوان "ئێران - ئیسرائیل" و "ئێران-ئەمریکا" خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەگشتی، دەڵەمەی یەکێک لە سەیرترین ئاگربەستەکانی مێژووی هاوچەرخ بە خۆیانەوە دەبینن. دۆناڵد ترامپ ڕوو قایمانە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا خۆی وەک "پاڵەوانی ئاشتی" ئەو مەهزەلەیە ناساند.

ئەم دیمەنە - سەرۆکێک لەسەر خوێنی کوژراوەکان وەستاوە و باسی ئاشتی دەکات - ئەمە وێنەیەکی تەواوی پارادۆکسە سیاسییەکانی سەردەمی ئێمەیە. چۆن دەکرێت هەمان ئەو کەسەی فەرمانی بە B-٢ کرد بۆ بەشداری لە جەنگەکەدا، ئێستا وەک "دروستکەری ئاشتی و ئاشتیخواز" دەرکەوێت؟ ئێوە دەزانن، کە ڕووداوەکان لە ١٣ی حوزەیرانەوە دەستیان پێکرد، کاتێک ئیسرائیل بە بیانووی "نزیکبوونەوەی ئێران لە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی" هێرشێکی سەرسوڕهێنەری کردە

سەر ئێران. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ڕێک ڕۆژێک پێش ئەم هێرشە، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی (IAEA) ڕاپۆرتێکی بڵاوکردبووەوە کە تێیدا جەختی دەکردەوە "هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئێران بەرەو دروستکردنی چەکی ناوەکی دەڕوات." ئەمە دەمانباتەوە بۆ پرسیارێکی قووڵ: ئایا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، ڕاستی هیچ بایەخێکی ماوە؟ یان وەک چۆن فەیلەسوفی فەرەنسی ژاک لاکان دەڵێت، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە "ڕاستییەکان بوونەتە کاڵا" و دەکرێت بکڕدرێن و بفرۆشرێن بەپێی بەرژەوەندییە سیاسییەکان؟

بۆ نۆ ڕۆژی تەواو، جیهان شایەتحاڵی پێکدادانێکی خوێناوی بوو کە تێیدا دەیان گەورە بەرپرس و فەرماندەی باڵای ئێرانی و سەدان هاوڵاتی کوژران، بنکە سەربازییەکان وێران کران و ملیارەها دۆلار زیانی ئابووری لە هەردوو لا تۆمار کرا. ئیسرائیل و ئێران بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شەڕیان دەکرد، لە کاتێکدا جیهان بە نیگەرانییەوە چاوەڕێی ئەوە بوو کە ئایا ئەم شەڕە دەبێتە هۆی جەنگێکی گەورەتری ناوچەیی. لەناکاو، لە ڕۆژی نۆیەمی شەڕدا، ئەمریکا وەک "پاڵەوانێک" دەرکەوت. فڕۆکە B-2 ـەکان - کە هەر یەکێکیان بە نرخی ٢.٢

ملیار دۆلارن – بەرەو ئاسمانی ئێران فڕین، هەڵگری بۆمبی "بانکەر باستەر" کە دەتوانن تا ٨٠–٩٠مەتر بچنە ژێر زەوییەوە. مەبەستەکەی ڕوون بوو: لەناوبردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگتر دێتە ئاراوە: بۆچی ئەمریکا تا ڕۆژی نۆیەم چاوەڕی کرد؟ ئایا ئەمە ستراتیژییەکی وردی حساب بۆ کراو بوو بۆ ئەوەی ئێران و ئیسرائیل یەکتر لاواز بکەن، پاشان ئەمریکا وەک "چارەسەرکەر" یان یەکلاکەرەوە دەرکەوێت؟

یەکێک لە لایەنە نادیارەکانی ئەم ئاگربەستە، ڕۆڵی قەتەر بوو وەک نێوەندگیر. سەرچاوە دیپلۆماسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە قەتەر بۆ چەندین ڕۆژ میوانداری نوێنەرانی نهێنیی ئێران و ئەمریکای کردووە. ئەمە دیاردەیەکی نوێیە لە دیپلۆماسیی ناوچەکە: "دیپلۆماسی بە پرۆکسی دیپلۆماتیک" – کاتێک دوو دوژمن ناتوانن ڕاستەوخۆ قسە بکەن، بەڵام لە ڕێگەی لایەنی سێیەمەوە پەیوەندی دەکەن. لەوانەیە سەیرترین لایەنی ئەم ڕووداوانە، ڕەخنەی توندی هاوڕێ نزیکەکانی ترامپ بێت. ستیڤ بانن، ڕاوێژکاری پێشووی ترامپ، لە پۆدکاستەکەیدا گوتی: "ئەمە هەمان هەڵەیە کە

بووش کردی. ئێمە نابێت لە جەنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێوەگلێین." تاکەر کارلسۆن، پێشکەشکاری ناسراوی میدیای ڕاستڕەو، گوتی: "ترامپ هەموو شتێکی بە لۆبی جەنگ گۆڕییەوە و فرۆشتەوە." ئەم ڕەخنانە نیشاندەری دابەشبوونە قووڵەکانی ناو بزووتنەوەی کۆنسەرڤاتیڤی ئەمریکاین. ئەوانەی باوەڕیان بە "ئەمریکا هەیە، لە لایەک "دژی تێوەگلانی سەربازین. لە لایەکی تر، ئەوانەی پێیان وایە ئەمریکا دەبێت وەک یەکەم "هێزی جیهانی" بمێنێتەوە.

ئەگەر بە وردی لە لێدوانەکانی هەر سێ لایەن بڕوانین، دیاردەیەکی سەیر دەبینین: هەموویان خۆیان وەک قوربانی پێناسە دەکەن. ئیسرائیل دەڵێت: "ئێمە بەرگری لە بوونمان دەکەین دژی هەڕەشەی لەناوچوونی ناوەکی." ئێران دەڵێت: "ئێمە قوربانیی پیلانگێڕیی ئیمپریالیستین بۆ لەناوبردنی سەربەخۆییمان." ئەمریکا دەڵێت: "ئێمە ناچار بووین دەستێوەردان بکەین بۆ پاراستنی ئاشتیی جیهانی."

سیگمۆند فرۆید، دەروونناسی ناوداری نەمساوی، بەم دیاردە سەیرە دەڵێت: "نەرگسیزمی جیاوازییە بچووکەکان" – کاتێک

گرووپە جیاوازەکان زۆر لە یەکتر دەچن، بەڵام هەر یەکێکیان پێداگری لەسەر جیاوازیی خۆی دەکات و خۆی وەک قوربانیی ئەوانی تر دەبینێت. دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستەکە، بازاڕە داراییەکانی جیهان بە شێوەیەکی ئەرێنی کاردانەوەیان نیشاندا. نرخی نەوت کە گەیشتبووە ١٢٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، دابەزی بۆ ٩٥ دۆلار. بۆرسەکانی نیویۆرک و لەندەن بەرزبوونەوەیەکی بەرچاویان تۆمار کرد. بەڵام لە گەڕەکە هەژارەکانی تاران و تەلئەبیب و بەیروت، خەڵک هێشتا لە ترسدا دەژین. دایکێک لە تاران دەڵێت: "نازانم ئەم ئاشتییە چەند دەخایەنێت. هەمیشە نیگەرانم کە ڕۆژێک لە خەو هەستم و ببینم جەنگ دەستی پێکردووەتەوە."

گەورگ ڤیلهێلم فریدریش هیگڵ، فەیلەسوفی ئەڵمانی، باسی پرۆسەیەک دەکات کە پێی دەڵێت "دیالەکتیک" – کاتێک دوو دژبەیەک (تێزیس و ئەنتی تێزیس) دەبنە هۆی دروستبوونی شتێکی نوێ (سینتێزیس). لەم حاڵەتەدا: تێزیس، ئێران وەک "هەڕەشەی ناوەکی". ئەنتی تێزیس، توندوتیژیی سەربازی بۆ "چارەسەرکردنی" ئەم هەڕەشەیە. سینتێزیس، ئاشتییەک کە لە دڵی جەنگدا لەدایک بووە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا

ئەم سینتێزیسە ڕاستەقینەیە؟ یان تەنها پشوویەکە پێش دەستپێکردنەوەی چەرخێکی نوێی توندوتیژی؟

سیناریۆکانی ئەم گەمەیە، یان گۆڕانکاری قووڵ لە ساختاری سیاسیی ناوچەکەدا، کە ئێران پێویستە دان بە مافی بوونی ئیسرائیلدا بنێت و ئیسرائیل پێویستە دەست لە سیاسەتە دژە ئێرانییەکانی هەڵگرێت و ئەمریکا ڕۆڵی نێوەندگیرانەی هەبێت نەک لایەنگیرانە. یان ئاگربەست دەپارێزرێت بەڵام بە شێوەیەکی ناجێگیر. هەر ڕووداوێکی بچووک - تیرۆرکردنی بەرپرسێک، هێرشێکی سایبەری، پێکدادانێک لە سنوورەکان - دەتوانێت ببێتە هۆی گەڕانەوەی جەنگ. یانیش ململانێی سەربازیی ڕاستەوخۆ کۆتایی دێت، بەڵام شەڕەکە بە شێوەی تر درێژەی دەبێت: جەنگی سایبەری، گەمارۆی ئابووری، پرۆپاگەندەی میدیایی، دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر، کە دووەم و سێیەمیان مسۆگەرترن تا خەونی بەدیهاتنی سیناریۆی یەکەم.

ڕووداوەکانی ئەم ١٢ ڕۆژە، جارێکی تر ئەوەیان سەلماندوە کە هیچ میکانیزمی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بەبێ توندوتیژی هێشتا لە ئارادا نییە. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین

که تێیدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژی توانای لەناوبردنی زیاتر کردوە تا گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەخلاقی و سیاسی هێشتا لە ئاستی سەدەکانی ناوەڕاستە. ئاگربەستی ئەمڕۆ، وەک زۆربەی ئاگربەستەکانی مێژوو، لەوانەیە تەنها کاتکوژییەک بێت. چارەسەری ڕاستەقینە پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بیرکردنەوەی سیاسیدا هەیە، گواستنەوە لە لۆژیکی "من یان تۆ" بۆ لۆژیکی "من و تۆ".

تا ئەو کاتەی ئەم گۆڕانکارییە ڕوو نەدات، ئێمە مەحکومین بە ژیان لە سێبەری جەنگەکاندا، تەنانەت کاتێک باسی ئاشتیش دەکەین. وەک چۆن شاعیری گەورەی ئینگلیز، ویلیام بلەیک، دەڵێت: "ئێمە ئاشتی دروست ناکەین، ئێمە تەنها ماندووبوون لە جەنگ ڕادەگەیەنین." ئەمڕۆ، لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٥دا، جیهان دیسان ماندووە لە جەنگ. بەڵام ئایا ئەمجارە فێری شتێک دەبین؟ کات وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

# چیرۆکی ١٢ ڕۆژە خوێناوییەکە

سپێدەیەکی حوزەیرانی ٢٠٢٥، لە دامێنی چیاکانی ئەلبورز. پەڵە بەفرە سپییەکانی سەر لووتکەکان هێشتا لە تاریکایی بەرەبەیاندا دەدرەوشانەوە، دەتگوت ئەستێرەی زەوین. لە قووڵایی کێوەکاندا، لەناو دامەزراوەیەکی نهێنیدا، کارمەندانی شیفتی شەو لە دامەزراوەی ناوەکی فۆردۆ ماندوو ببوون و چاوەڕێی کۆتایی ئەو شەوەی دەوامەکەیان دەکرد و هیچیان نەیاندەزانی ئەمە دوا کاتژمێرەکانی ژیانیانە.

کتوپڕ، لە ئاسمانی باکووری کەنداوەوە، لە دووری سەدان کیلۆمەترەوە، ڕەوە فڕۆکەیەکی گەورەی شەڕکەر، بە خێراییەکی پێشوەختە بڕیار لێدراو بەرەو باکوور دەفڕین. دوو سەد فڕۆکەی جەنگیی ئیسرائیلی F-٣٥ و F-١٦، کە هەریەکەیان بە بۆمبی قورس و مووشەکی وردەوە چەکدار کرابوون. تیژڕەو بەرەو ئامانجەکانیان، ئامادە بۆ باراندنی مەرگ لە ڕێدا بوون. ئەمە تەنها سەرەتا و دەستپێکی هێرشە ئاسمانییەکە بوو، کە کۆتاییەکەی دوازدە ڕۆژی برد

ناو کۆدی ئۆپەراسیۆنەکە "Rising Lion – شێری ڕاساو" بوو – شێرێکی دەیان ساڵە خەوتووی ناو بێشە، بێگومان لە خەیاڵدانی ئیسرائیلیەکاندا، بە پلانێکی دۆزەخی پیشوەختە بەرنامە بۆ دارێژراوی چەند مانگە، کۆتایی بە دەیان ساڵە ململانێی نهێنی هێنا و بوون بە دەستپێکی شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا کە کەس نەیدەزانی کۆتاییەکەی چییە و چۆن دەگاتە دوا وێستگە.

کاتژمێر شەش و سی خولەک. فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە دوگمەی سەوزی داگرت. یەکەم بۆمب بەرەو خوارەوە، ڕێک بەرەو دامەزراوەی فۆردۆ ئاڕاستەکرا. تەنها لە ماوەی چەند چرکەیەکدا، دەنگی تەقینەوەکان ئەو ناوەیان هەژاند. ئەوەی ڕوویدا تەنها هێرشێکی سەربازی نەبوو – دەستپێکی گۆڕانی مێژوو بوو. زەنگی یەکەمی شەڕێک بوو ڕاستەوخۆ، کە نزیکەی شەش سەد و دە قوربانیی لێکەوتەوە و ناوچەکەی بە تەواوی خستە ناو گێژاوێکی نادیارەوە.

## ڕیشەی کینەیەک کە لە ١٩٧٩ چێنرا

لێرەدا بۆ تێگەیشتن لەم شەڕە، دەبێت بەخێرایی بگەڕێینەوە بۆ چل و شەش ساڵ لەمەوبەر – ڕێک بۆ ئەو ساتەی کە دۆستایەتی تێدا بوو بە دوژمنایەتی، هاوپەیمانێتی نهێنی کرد بە کینە، ساڵ ساڵی ١٩٧٩ بوو. ئێران و ئیسڕائیل ئەوسا، دوو وڵاتی دۆستبوون – نەک هەر دۆست، بەڵکوو هاوپەیمانی نهێنی بوون. محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران و سەرانی ئیسڕائیل لە پەیوەندییەکی تایبەتدا بوون، "دۆکترینی پەراوێز – بازرگانی هەواڵگری"، تەنانەت هاوکاری سەربازیش لە نێوانیاندا هەبوو. وەک دوو هاوڕێ، کە لە شوێنە گشتییەکاندا خۆیان لە یەکتر دەدزییەوە، بەڵام لە نهێنیدا پشتی یەکتریان دەگرن.

شۆڕشی ئیسلامی هات و هەموو شتێکی گۆڕی. خومەینی هاتە سەر دەسەڵات و یەکەم کارەکانی داخستنی باڵیۆزخانەی ئیسڕائیل و کردنەوەی باڵیۆزخانەی فەلەستین بوو. ئەو دۆستایەتییەی کە دەیان ساڵ بوو لە نهێنیدا گەشەی کردبوو، لە شەوێکدا بوو بە دوژمنایەتییەکی سوێندخواردوو. ئەم گۆڕانکارییە، نە هەر تەنها سیاسی نەبوو – بەڵکوو گۆڕانێک

بوو ڕۆحی. ئایدیۆلۆژیای نوێی ئێران، لێرەوە ئیسرائیلی وەک "دوژمنی سەرەکی" و "ڕژێمی زایۆنی" ناساند. هەروەک چۆن لە بەرامبەردا، ئیسرائیل ئێرانی وەک هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆ سەر هەبوونی خۆی لە دیدی دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە و دونیاداویناکرد. "دوو برای پێشوو بوون بە دوو دوژمنی خوێنەخۆری یەکتری. مێژوو گاڵتەیجاڕییەکی تاڵە!".

## سەردەمی کینەکان– لە شەڕی سێبەرەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە

دوژمنایەتییەکە مێژوو کردی کرد، بە چەندان قۆناغدا تێپەڕی، هەر قۆناغێکی لە پێشخۆی خراپتر و مەترسیدارتر دەرکەوت. سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئێران دەستی بە دروستکردن و پشتگیری کردنی گروپی حزبوڵڵای لوبنانی کرد. ئەو ڕێکخراوەی کە دواجار بوو بە دەستی درێژکراوەی ئێران لە دژبەرایەتی ئیسرائیل و بەرەی ئیسرائیلیدا.

ئیسرائیلیش بێدەنگ نەبوو – پشتگیری گروپە دژبەرەکانی ڕژێمی ئێرانی دەستپێکرد، هەموو ڕێگەکانی لەو پێناوەدا

گرتنەبەر، لاوازکردنی ئێران و گروپەکانی هێنایە ڕۆژەڤی کارکردنییەوە. پاشان لە ساڵی دوو هەزاردا، کاتێک جیهان لە بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران بەئاگا هات، ململانێکە پێینایە قۆناغێکی نوێ.

ئیسرائیل بەرنامە ناوەکییەکەی ئێرانی وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر هەبوونی هەژمارد، هێرشە سایبەرییەکان دەستیانپێکرد، ڤایرۆسی ستاکسنێت کۆمپیوتەرەکانی دامەزراوە ناوەکییەکانی ئێرانی تێکدان. زانایانی ناوەکی ئێران خرانە بەر هەڕەشە و لە شەقامەکانی تاراندا تیرۆر دەکران. ئێران بێوڵام نەمایەوە. هێزەکانی لە سوریا جێگیر کرد، چەک و پارەی نارد بۆ حەماس و جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین، پشتگیری حووسییەکانی کرد لە یەمەن. ناوچەکە بوو بە گۆڕەپانی شەڕێکی نهێنی و ناڕاستەوخۆ کە کەم ڕۆژ بوو خوێنی تێدا نەڕژێت.

## ڕێککەوتنە ناوەکییەکە – ئەو هیوایەی بە مردویی لەدایکبوو

ساڵی دوو هەزار و پازدە، دوای ماوەیەکی درێژ لە دانوستان، ڕێککەوتنێکی ناوەکی واژۆ کرا. جیهان هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵمژی – گریمانەی گەڕانەوەی ئاشتی ناوچەکە خەریک بوو شکۆفەی دەکرد. بەڵام ئیسرائیل هەر لە سەرەتاوە دژی ڕێککەوتنەکە وەستایەوە، پێیوابوو تەنها کاتێکی زیاتر دەدات بە ئێران تا لە ڕێگەیەوە گەشە بە بەرنامە ناوەکییەکەی بدات. کاتێک کە ترامپ ساڵی دوو هەزار و هەژدەدا ئەمریکای لە ڕێککەوتنەکە کشاندەوە، گرژییەکان دووبارە سەریانهەڵدایەوە. ئێران دەستی کردەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم، ئیسرائیلیش هێرشەکانی چڕتر کردنەوە. ناوچەکە جارێکی تر کەوتەوە سەر لێواری جەنگ. ئەو ئاگربەستەی کە بە ڕێککەوتن پێشبینیان کردبوو، دەرکەوت خەونێک یان هیوایەک بوو کە بە مردویی لە دایک ببوو.

## ساڵساتی شێتبوونەکە

ساڵی دوو هەزار و بیست و چوار، بوو بە خاڵی وەرچەرخان. لە نیساندا، پەلامارەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کونسوڵخانەی ئێران لە دیمەشق، وڵامە مووشەکییەکانی ئێران، پاشان

وەڵامی ئیسرائیل – زنجیرەیەک لە کردەوە و کاردانەوە کە وەک هەڵمەتێکی ترسناک گەشەی دەکرد. لە حوزەیراندا دووبارە. لە کانوونی یەکەمدا سێبارە. بەردەوام، هەر جارێک هێرشەکان گەورەتر دەبوون، زیانەکان زیاتر دەبوون، کینەکان قووڵتر دەبوون. وەک دوو شەڕکەر کە بەرەبەرە نزیک ببنەوە لە یەکتر و بزانن کە دەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەبێت ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و ئەوەی نادیاربێ کەی و چۆنییەکەیەتی. ئەو شەڕەی کە دەیان ساڵبوو بە وەکالەت دەکرا، ئێستا ئامادە بوو ببێت ڕاستەوخۆ.

## نەتەنیاهو دوگمەکە دادەگرێت

سەرچاوە ئاسایشییەکان، کە دواتر ئاشکرایان کرد، پلانی "شێری ڕاساو" لە کانوونی یەکەمی دوو هەزار و بیست و چوارەوە ئامادەکاری بۆ دەکرێ. شکستی دانوستانەکانی بیست و دووی حوزەیران کۆتا میخ بوو. ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم لە دوازدەی حوزەیران، ئێرانی بە پێشێلکردنی بەڵێنەکانی تاوانبار کرد. نەتەنیاهو لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی کابینە ئاسایشییەکەیدا وتی: "کاتی قسە تەواو بووە. ئەگەر ئەمڕۆ نەجووڵێین، سبەینێ کۆتایی

ئەرسەلان مەحمود

دەبێت." دوای دەنگدانێکی نهێنی، بڕیاری هێرش درا. ئامانجەکان ورد دەستنیشان کران دامەزراوە ناوەکییەکانی فۆردۆ لە قووڵایی چیاکاندا، نەتەنز لە بیابانەکانی ناوەڕاست، ئەسفەهان لەو شوێنەی کە تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەکان گەشەیان پێدەدرا. هەروەها دەیان بنکەکانی سوپای پاسداران لە تاران و دەوروبەری، سیستەمە پێشکەوتووەکانی بەرگری مووشەکی، خانەکانی مانەوە و ژووری خەوتنی گەورە بەرپرس و فەرماندە باڵاکان، هەمووی کەوتنە بە بۆردومانی دڕندانەی فڕۆکەکان – دوو سەد فڕۆکە پێکەوە، وەک شەپۆلەکانی تسونامی .

## خوێن بە خوێنەکەی تاران

کاتێک یەکەم ڕاپۆرتەکان گەیشتنە تاران، ئاژەنسەکانی هەواڵ دواتر وتیان کە پزیشکیان لە کۆشکی سەرۆکایەتی بووە. وتوویەتی: "ئەمە ئیعلانی جەنگە، وڵامەکەمان دەبێ خێرا و بەهێز بێ." خولەک دوای خولەک، سیستەمی بەرگری ئێران هەوڵیدەدا بەرەنگاری شەپۆلە هێرشکارەکان ببێتەوە، بەڵام چڕی هێرشەکان لە توانای بەرگریکردن زیاتر بوون. فۆردۆ لەرزی، نەتەنز سووتا، ئیسفەهان وێران بوو. بیست

سەرکردەی پایەبەرزی سوپا، چەندان زانای ناوەکی کوژران، دوو لەسەر سێی لانچەرە مووشەکەکان و هەشتا سیستەمی بەرگری پارچە پارچە بوو. ئێوارەی هەمان ڕۆژ، نەتەنیاهو لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا دەرکەوت. "ئێمە بە ئێران دەڵێین: واز لە خەونی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی بهێنێت. ئەگەرنا ئەمە تەنها دەستپێکە." ئاماژەی بۆ شکستی دانوستانەکان و سەرپێچییەکانی ئێران کرد.

زۆری نەبرد ئێران وڵامیدایەوە. شەوی سێزدە بۆ چواردەی حوزەیران، ئاسمانی ئیسرائیل ڕووناک بۆوە، پێنج سەد و پەنجا مووشەکی بالیستی و هەزار درۆنی چەکدار گەیشتنە تەل ئەڤیف، حەیفا، بئیر شێڤا، جگە لە قودس تێکرا کەوتنە بەر مووشەکبارانەکان. لەم هێرشەدا ئێران یەکەمجار بوو مووشەکە نوێییەکانی وەک "سولەیمانی، فاتیح وخەیبەر" بەکاربهێنێت، مووشەکی بالیستی دوورمەودا کە بۆ ماوەیەکی درێژ بە نهێنی کار لەسەر دروستکردنیان کرابوو، ترامپ دوای کۆتاهاتنی جەنگەکە سەبارەت بە مووشەکەکانی ئێران وتی: " کاریگەر بوون".

سیستەمی بەرگری ئیسرائیل - گومبەزی ئاسنین، داود، تیرەکانی ئارۆ - توانی زۆربەی مووشەکەکان لە ئاسماندا بتەقێننەوە. بەڵام گومبەزی ئاسنین ئەوەندە پۆلایین نەبوو کە هەموو شتێک ڕابگرێت. سی و یەک مووشەک گەیشتنە ئامانجی ستراتیژی و زیانی بەرچاویان گەیاند.

## ستراتیژە سێ ڕەهەندییەکەی ئێران

ئێران تەنها بە مووشەک نەوەستا. ستراتیژییەتێکی فرەڕەهەندی دەستی پێکرد: یەکەم، بەکارهێنانی مووشەکە دوورمەوداکان وەک کوتانی قووڵایی ئیسرائیل. دووەم، چالاککردنی گروپە هاوپەیمانەکان - حووسییەکانی یەمەن دەستیانکرد بە ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور و تەنگەی بابەلمەندەب. سێیەمیان، هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمز هاتە ناو باسەوە، ئەو تەنگەیەی کە بیست و یەک لە سەدای نەوتی جیهانی پێدا دەڕوات. بەڵام کاتێک هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان دەکرێ، دیارە ئێران لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە دواکەوتووە. توانای ویرانکاری هێرشەکانی زۆر کەمتر دەرکەوت لەوەی ئیسرائیل کە توانی بیکات. دەرکەوتنی نیشانەی ئەو بۆشاییە

تەکنۆلۆژییە ئەرکی ئێرانی قورستر کرد– قورساییەک لە سەدەی بیست و یەکەدا بە چەکەکانی سەدەی بیستەم.

## واشنتن دێتە گۆڕەپانەکەوە – ئەمریکا دەستتێوەردان دەکات

هێشتا دووکەڵی یەکەم تەقینەوەکان لە ئاسمانی تاران بەرز نەبووە، کە ترامپ لە کۆشکی سپییەوە، بڕیاری دەستێوەردانی دا. "ڕێگە نادەین ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، ئێران خاوەن وزەیەی ترە و پێویستی بە وزەی ئەتۆمی نییە، ئێمە ناهێڵین دۆستەکانمان بە تەنها بجەنگن."

کەشتیگەلی USS Theodore Roosevelt فەرمانیان پێکرا فراوانتر بگەنە ناوچەکە. فڕە فڕی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکی لە بنکە جیاکانی جیهان و ناوچەکەوە بۆ پاراستنی ئاسمانی ئیسرائیل، هەروەها وەک ئامادەکاری بۆ هەر ئەگەرێک دەستیان پێکرد. سیستەمی پێشکەوتووی بەرگری THAAD خێرا و بە نهێنی نێردرایە ئیسرائیل و دامەزرێنرا. دواجار – ڕۆژی بیست و دووی حوزەیران، تدۆناڵد رامپ لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا "ئێستا کاتی ئەوە هاتووە

کۆتایی بە هەڕەشەی ناوەکی ئێران بهێنین، بۆ هەمیشە، تەنها دوو هەفتە و ڕەنگە کەمتر لەبەردەم ئێراندا هەیە."

بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ترامپ، بۆمبەڕە ستراتیژییەکانی B-2 Spirit لە بنکەی Diego Garcia هەڵفڕین، هەریەکەیان دوو بۆمبی قووڵبڕی GBU-٥٧، کە بە "دایکی هەموو بۆمبەکان" ناسراون، هەڵگرتبوو. کە هەر دانەیەکیان سی هەزار پاوەند کێشی هەیە و دەتوانێ دەیان مەتر بچێتە ناو قووڵایی زەوییەوە، پێش ئەوەی بتەقێتەوە.

ئامانجەکان سێ شوێنی ناوەکی ئێران بوون. بەرەبەیان بوو، کاتێک بۆمبەکان کەوتن، لەرزەیەکی بەهێز ناوچەکەی داگرت بە جۆرێک کە لە دەیان کیلۆمەتر دوورییەوە هەستی پێکرا. ئەم شوێنانە ئێستا تەواو لەناوچوون، ترامپ دواتر ڕایگەیاند. "ئێران ناتوانێ چیتر هەڕەشە لە ئاسایشی جیهان بکات، ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران بە تەواوی خاپور کران."

وەڵامی ئێران خێرا بوو. کەمتر بوو لەو وەختەی ئەمریکا پێشبینی دەکرد، هێرشی کردە سەر بنکەی گەورەی سەربازی ئەمریکی لە "العدید"ی قەتەر، کە گەورەترین بنکەی ئەمریکییە لە ناوچەکەدا. هەرچەندە بە وتەی ترامپ "سیستەمی بەرگری بنکەکە سەدا نەوەدی مووشەکەکانی بە ئاسمانەوە تەقاندووەتەوە،" ئەوەی کەوت تەنها زیانی ماددی گەیاند.

ئەمە کۆی وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیشی هەستیار کرد، گەشتە ئاسمانییەکان کانسڵ کران، داوا لە خەڵک کرا نزیک دامەزراوەکان نەکەون و تەنانەت لە ماڵەکانیان دەرنەچنە دەروە. لە هەمان کاتدا، هەواڵەکان باسیان لە داخڵی بوونی کۆماندۆی ئیسرائیلی بە شێوەیەکی نهینی بۆ ناو ئێران دەکرد، کە دواتر دەرکەوت پتر پڕوپاگەندەی جەنگی بوو. دیمەنی شەڕەکە ئاڵۆزتر دەردەکەوت – بەجۆرێ نەک تەنها ئێران و ئیسرائیل، بەڵکوو هەمووان وا وێنایان دەکرد کە ئیتر هەموونیان تێوەگلاون و جیهان کەوتووەتە سەرەمەرگی شەڕی سێیەمی جیهانییەوە.

## دوای ١٢ ڕۆژ – کاتێک چەکەکان بێدەنگکران

دوازدە ڕۆژ. دوازدە ڕۆژی پڕ لە هەڕەشە و ترس، تۆقاندن، خوێن، ویرانەیی. شەوانە خەڵکانی نزیک، لە قووڵایی پەناگەکاندا دەخەوتن، بەیانیان بە دەنگی سایرێن و تەقینەوە شۆکهێنەرەکان لە خەو ڕادەبوون. منداڵان دەگریان، دایکان نوێژیان دەکرد، پیاوان چاویان لە ئاسمان بوو، وەک ئەوەی چاوەڕوانی نەهاتێک بکەن ترسناک.

کەچی بەرەبەیانی بیست و چواری حوزەیران، کاتێک خۆر تازە لە ڕۆژهەڵاتەوە سەری دەرهێنا بوو، دۆناڵد ترامپ لە کۆشکی سپییەوە، دەرکەوت و ئاگربەستێکی "بەرفراوان و دەستبەجێ"ی ڕاگەیاند. " شەڕ بووەستێنن، ئێستا کات کاتی ئاشتییە، کاتی گەڕانەوەیە بۆ سەر مێزی دانوستان."

دواتر دەرکەوت کە قەتەر ڕۆڵی سەرەکی لەو نێوەندگیرییەدا گێڕاوە، میری وڵات لەسەر ڕاسپاردەی ترامپ، شەو و ڕۆژی نابۆوە سەریەک بۆ دروستکردنی کەناڵێکی پەیوەندی لە نێوان

واشنتۆن و تاران. سەرەنجام، دوای گفتوگۆی تەلەفۆنی درێژ و ناردنی نامە نهێنییەکان، ڕێککەوتنێک بەدی هات.

مەرجەکانی ئاگربەستەکە زۆر سادە بوون: وەستاندنی دەستبەجێی هەموو کردەوە سەربازییەکان. گەڕانەوە بۆ دانووستان. بەڵێنی ڕێگرێکردنی هاوبەش لە پەرەسەندنی شەر. بەڵام ئاگربەست لەسەر کاغەز یان زارەکی و هەوایی لە ژێر فشاردا شتێکە و لەسەر زەوی و لە واقیعدا شتێکی ترە. ئەوەی گۆڕا فۆڕمی شەڕ و ململانێکە بوو، ئەوەتا هێشتان هەردوولا یەکتری بە پێشێلکاری ڕێککەوتنەکە تاوانبار دەکەن. ئێران ئیسرائیل بە "دەستدرێژی" و "پەلاماری نابەجێ" تۆمەتبار دەکات، ئیسڕائیل هەڕەشە دەکات و هۆشداری دەدا لە ئەگەری بەردەوامی هەوڵی پیتاندنی یۆرانیۆم و بە دەستهێنانی چەکی ئەتۆم، کە ئامادەی وەشاندنی هەر جۆرە گورزێکە. بێگومان، هەموو ئەمانە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاگربەستەکە دروست دەکەن و دەستنوێژی دەستپێوەگرتنی تەواو لەرزۆک دەکەن، وەک چۆن شووشەیەکی باریک کە لە هەر ساتێکدا چاوەڕوانکراوە بشکێت. هەرچۆنێ بوو، لێرەوە دوازدە ڕۆژی خوێن، لە دوازدە ساعاتی دیپلۆماسیدا وەستان.

## کاتێک ژمارەکان بوون بە ماتەم

ئەنجامەکانی ئەم دوازدە ڕۆژە وێرانکەرەی شەر لە ئێران، بەپێی ئامارە فەرمییەکان، شەش سەد و دە کەس گیانیان لەدەستداوە. لەوانە دەیان گەورە بەرپرس و فەرماندە باڵاکانی سوپا و چەندان زانای ناوەکی، نزیکەی چوار سەد کەس هاوڵاتی مەدەنی بوون – ژن و پیاوانێک کە هیچ دەستێکیان لە هەڵگرساندنی شەڕدا نەبوو، تەنها لە شوێن و کاتی هەڵەدابوون. ناوی سێزدە منداڵیش لەناو کوژراوەکاندا تۆمارکراون، منداڵانێک کە لەگەڵیاندا خەونەکانیشیان نێژران.

هەروەها نزیکەی چوار هەزار و حەوت سەد کەسی تریش بریندار بوون، زۆربەیان برینی قورسیان هەبوو کە ژیانیانی بۆ هەمیشە گۆڕی. نەخۆشخانەکان پڕ بوون لە برینداران، پزیشکان شەو و ڕۆژ کاریان دەکرد بۆ ڕزگارکردنی ژیان.

زیانە ئابوورییەکان سەرسوڕهێنەرتر بوون، بیست و چوار بۆ سی و پێنج ملیارد دۆلار بۆ ئێران – بڕێک کە دەکرا دەیان

ساڵ بودجەی گەشەپێدەری کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی بێ. ژێرخانی وزەی ئێران، کە پشتی ئابووری وڵاتەکەیە، زیانێکی گەورەی بەرکەوت. پیشەسازییە ستراتیژییەکان ویران بوون، یان زیانی گەورەیان پێگەیشت. لە ئیسرائیلیش مەرگ و ماتەم باڵیان کێشا بوو. بەپێی ڕاگەیەندراوە فەرمییەکان ٢٨ کەس کوژران – ژمارەیەک کە لەوانەیە کەم دیار بێت بەراورد بە ئێران، بەڵام هەر ژیانێک بەنرخە، هەر مردنێک تراژیدیایەکە. زیاتر لە سێ هەزار و دوو سەد و سی و هەشت کەس بریندار بوون، دوو هەزار و سی کەسیان برینی سووک بوو، بەڵام ماوەکەی تر برینی قورس و ماوەدرێژیان بۆ دروستبوو. تێچووی سەربازی ڕۆژانەی ئیسرائیل دوو سەد ملیۆن دۆلار بوو، سەرجەمی دوازدە ملیارد دۆلار تەنها بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان، کە لەوانەیە بگاتە بیست ملیارد دۆلار کە زیانە گەورەکانی ئابووری و کەرتەکانی تری لەخۆگرتووە. کەرتی گەشتیاری کە یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی ئیسرائیل، بە تەواوی وەستا. ئەمە نرخی دوازدە ڕۆژ بوو – بە خوێن و دۆلار.

کاریگەرییەکانی شەڕ سنوور بڕ بوون، تەنها لە دوو وڵاتەکە نەبوو. هەموو ناوچەکە، بگرە هەموو جیهان، هەستی بە لەرزەکانی کرد. نرخی نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکاندا لە شەست دۆلارەوە بۆ هەر بەرمیلێک گەیشتە سەد و دە بۆ سەد و سی دۆلار – زیادبوونێک کە کاریگەری لەسەر نرخی بەنزین و وزە لە هەموو جیهاندا هەبوو.

گواستنەوەی بازرگانی لە تەنگەی هورمز، کە بیست و یەک لە سەدای نەوتی جیهانی پێدا دەڕوات، پڕمەترسی بوو. کۆمپانیاکانی گواستنەوەی دەریایی نرخەکانیان بەرز کردەوە، هەندێکیان هەر بە تەواوی وازیان لە گەشتەکانیان هێنا. کۆمپانیاکانی کەرتی گواستنەوەی ئاسمانی ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بوونەوە، بە تایبەت لە ناوچەکەدا، ئەمەش تێکڕا بوونە هۆکاری بەرزبوونەوە و زیادبوونی نرخی کاڵاکان لە بازاڕەکانی جیهاندا.

زێڕ، ئەو کانزایەی کە لە کاتی قەیراندا دەبێتە پەناگەی سەلامەت، نرخەکەی بە خێرایی بەرز بۆوە کاتێک کە وەبەرهێنەران هەوڵیاندەدا داراییەکانیان بپارێزن. بۆرسەکانی

ناوچەکە دابەزین، سەرمایەی بیانی کشانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، نائومێدییەکی گەورە باڵی کێشا. جیهان بە درێژایی ئەو دوازدە ڕۆژە هەناسە تەنگ ببوو.

## دراوسێیەکان لە نێوان ترس و بێدەنگیدا

دەوڵەتانی دراوسێ خۆیان لە بارودۆخێکی سەختدا بینییەوە. عیراق، تورکیا، سعوودیە و ئیمارات و قەتەر و سووریا، داوای دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دەکرد، بەڵام خۆیان لە هەر جۆرە تێوەگلانێکی ڕاستەوخۆ پاراست. ڕێک وەک ئەوانە وابوون کە شەڕی دوو لە دراوسێکانیان دەبینن و دەزانن بەڵام نایانەوێ هیچ بکەن – دەستێوەردان بکەن و خۆیان بخەنە مەترسییەوە، یان تەماشا بکەن و بهێڵن ئاگرەکە بڵاو ببێتەوە.

عیراق، کە لە نێوان دوو ئاگرەکەدا گیریخواردبوو، ئاسمانی خۆی بە ڕووی هەموو فڕینێکی سەربازیدا داخست. میلیشیا شیعەکان کەوتنە هەڕەشەی نا ڕاستەوخۆ و سەدر خۆپیشاندانی دژی ئیسرائیل بەڕێوەبر، – ئەوانیش دەیانزانی

تێوەگلان لەم شەڕەدا لێکەوتەکانی تەنها هەر لە زیانی زیاتردا خۆیان نابیننەوە و ڕەنگە فراوانبوونی بەرەی شەڕەکەی بەدوادا بێت. هەمووان لە نێوان چەکوچ و ئاسیندا گیریانخوارد بوو.

## لە شەققەی باڵەکانەوە بۆ تێکشکاوی شەقامەکان

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی شەڕەکە، بێدەنگی نیسبی گروپە هاوپەیمانەکانی ئێران بوو. حزبوڵڵا، کە هەمیشە وەک سوپای سەرەکی ئێران لە دژی ئیسرائیل کاری کردووە، ئەمجارە تەنها بەشدارییەکی سنووورداری هەبوو. دوای زیانە گەورەکانی ساڵانی ڕابردوو، ڕێبەرانی حزبوڵڵا بڕیاریان دا خۆیان نەخەنە ناو جەنگێکی گەورەترەوە. تەنها چەند هێرشێکی سنوورداریان ئەنجام دا، ئەویش زیاتر بۆ پاراستنی ناو و ناوبانگیان بوو نەک دانانی کاریگەری ڕاستەقینە لەسەر ئاڕاستەی شەڕەکە.

حەماس لە غەززە، کە خۆی هێشتا لە شەڕێکی درێژخایەندایە لەگەڵ ئیسرائیلدا، نەیتوانی هیچ کاردانەوەیەکی بەرچاو لە

بەرژەوەندی ئێران پێشکەش بکات. جوڵەی ئەوانیش پتر دەستگرتن بوو بە کڵاوەکەیانەوە تا زیاتر با نەیبات. تەنها حووسییەکانی یەمەن هەندێ چالاکی سنوورداریان کرد، کاتێک شەڕ دەستی پێکرد، دەستیان بە هێرشکردنە سەر کەشتییە بازرگانییەکان لە دەریای سوور و نزیک تەنگەی بابەلمەندەب کرد. ئەکسی مقاومەت لە کاتی تاقیکردنەوەدا پەکیکەوت.

## جیهان بە نیگەرانییەوە سەیر دەکات

کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر خێرا و فرەلایەنە بوو. ئەوروپا، کە خۆی لە بارودۆخێکی سەختدا دەبینییەوە، هەوڵیدا هاوسەنگی بپارێزێت. بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا بە یەک دەنگ داوای خۆپاراستنیان کرد، بەڵام هەر یەکەیان بە جۆرێک. ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەڕەنسا، هۆشداری جددیدا دژی هەر هەوڵێک بۆ گۆڕینی ڕژێم بە هێز. "دەستێوەردانە سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنها کارەسات دەخوڵقێنن." بەرلین داوای دیالۆگ و ئارامگرتنی کرد. چین، کە یەکێکە لە کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ئێران، نیگەرانی قووڵی دەربڕی بەڵام ویستی خۆی لە هەڵوێستی کردەیی و توند بە دوور بگرێ. بەیاننامەکانی بەیجین پڕ

بوون لە وشەی دیپلۆماسی بێ ناوەڕۆک، داوای "خۆپاراستن لە هەموو لایەک" و "چارەسەری ئاشتیانە" دەکرا. ڕووسیا، هەوڵی دا لەم قەیرانە سوود وەربگرێت. خۆی وەک نێوەندگیر پێشکەش کرد، ترامپ بە گاڵتەجاڕییەوە " بڕۆن کێشەی خۆتان لەگەڵ ئۆکرانیا چارەسەر بکەن" هەمانکات هیوای ئەوەی هەبوو کە درێژەکێشانی قەیران سەرنج و وزەی ئەمریکا لە ئۆکرانیا دوور بخاتەوە. هەرکەسێک بە شێوەیەک هەوڵیدەدا سوود لەم ئاگرە وەربگرێت.

## نەتەوە یەکگرتووەکان – دەنگێک لە بیاباندا

ئەنتۆنیۆ گوتێرێس، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەر داوای ئێران داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد. بەڵام وەک هەمیشە، ئەنجومەنەکەش دابەش بوو. ئەمریکا و بەریتانیا پشتگیری "مافی ئیسرائیل بۆ بەرگری لە خۆی" دەکرد، ڕووسیا و چین داوای "ڕاگرتنی دەستبەجێی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان"یان دەکرد. بڕیاری کۆتایی داوای "خۆپاراستن" و "دیالۆگ"ی دەکرد – وشەگەلێک کە هیچ کاریگەرییەکی ڕاستەقینەیان لەسەر واقیعەکە نەبوو. نەتەوە

یەکگرتووەکان جارێکی تر دەرخستیان کە لە کاتی قەیرانەکانی ڕاستەقینەدا بێهێزن.

## کۆمەڵگەی مەدەنی – دەنگی خەڵک

لە شارە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ناوچەکە، خۆپیشاندانی سنووردار بەڕێوەچوو. لەندەن، پاریس، بەرلین، نیویۆرک، واشنتن–عیراق، عومان، یەمەن، خەڵکی ڕژانە سەر شەقامەکان. بەڵام ئەوانەشی ببوون بە دوو بەرە – هەندێک وەک "مافی بەرگری" پشتگیری ئیسرائیلیان دەکرد، هەندێکی تر دژی "کوشتاری خەڵکی مەدەنی" و "شەڕی نادادپەروەرانە"بوون. ڕێکخراوە مرۆییەکان هەوڵیاندەدا یارمەتی بگەیەننە قوربانیان، بەڵام دەستگەیشتن زۆر سەخت بوو. نەخۆشخانەکان پڕ بوون، دەرمان و پێداویستی پزیشکی کەم بوو، ژێرخانی تەندروستی زیانی پێگەیشتبوو. تەنها دەنگی خەڵک بوو کە بەڕاستی داوای ئاشتی دەکرد.

## ناو و مانا جیاوازەکانی شەڕی ١٢ ڕۆژە

ئەم شەڕە، دەکرێ ناودێر بکرێ بە زیاتر لە ناوێک، چونکە هەر ناوێک دەتوانێت تێگە و ڕوانگە و بەرژەوەندی جیاواز دەربخات: لە ڕووی سەربازییەوە دەکرێ بە "یەکەمین شەڕی ڕاستەوخۆی ئێران-ئیسڕائیل" پێناسە بکرێت - ئەمە وە پەسەندکردنی حەقیقەتێک کە ئەم دوو دوژمنە کۆنە، بۆ یەکەمجارە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. لە ڕووی سیاسییەوە بە "پەرەسەندنی ململانێی وەکیلەکان" -- وەک ئاماژەیەک بەوەی کە شەڕی دەیان ساڵە و بەوەکالەتی نهێنی ئێستا بووەتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا. لە ڕووی ناوەکییەوە کە وەک کرۆکی شەڕەکە وێنادەکرا، بە "شەڕی ناوەکی-پارێزکارانە" - وەک تەرکیزکردنە سەر ئەوەی ئیسڕائیل و ئەمریکا هەوڵیاندا ڕێگری لە ئێران بکەن کە نەگاتە چەکی ناوەکی. خەڵکی ناوچەکە وەک "قەیرانی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ٢٠٢٥" باسیان دەکرد. دیپلۆماتەکان پێیان دەگوت "شکستی سیستەمی فرەلایەنگەرایی" وەک ئاماژە بە شکستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگریکردنی شەڕ. بەڵام لە کۆتاییدا، هەموو ناوەکان دەگەڕانەوە بۆ یەک ڕاستی: دوازدە ڕۆژ کە جیهانی گۆڕی.

## کاریگەرییەکان – نەخشەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە

کاتێک دووکەڵی شەڕ نیشتەوە و ئاگربەست جێگیر بوو، گۆڕانکارییە ستراتیژییەکان دەرکەوتن: ئێران وەک وڵاتێکی بریندار دەرکەوت. بەرنامە ناوەکییەکەی پەک خرا، یان بۆ چەندان ساڵ دواکەوت، سیستەمە بەرگرییەکەی زیانی گەورەی بەرکەوتبوو و پێویستی بە ساڵانێک هەبوو بۆ نۆژەنکردنەوە. پێگەی ناوچەیی لاواز ببوو، هاوپەیمانەکانی متمانە لەق ببوون. بەڵام ئێران هێشتا لەسەر پێیەکانی خۆی بوو. توانیبووی بەرگری بکات و یەکپارچەییەکەی بپارێزێت. نیشانیدا کە دەتوانێت وڵامی هێرش بداتەوە، هەرچەندە بە کاریگەری سنووردار. پشتگیری چین و ڕووسیاشی هێشتا هەبوو.

یسرائیل، جۆرە سەرکەوتنێکی سەربازی بەدەستهێنا. توانای لێدانی ئامانجی دوور و قووڵی سەلماند. پشتگیری بێسنووری ئەمریکای دووپات کردەوە. بەرنامەی ناوەکی ئێرانی دواخست. بەڵام ئەمە بە چ نرخێک؟ خوێنی هاوڵاتیانی مەدەنی، ملیاردها دۆلار و ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی درێژخایەنی کردە واقیعێکی هەمیشەیی.

گروپە وەکیلەکان، بێهێز بوونیان دەرکەوت. حزبوڵڵا پێشتر وەک هێزێکی گەورە دەناسرا، نەیتوانی کاریگەری بەرچاو دروست بکات. حەماس خەریکی برینەکانی خۆی بوو. میلیشیا شیعەکانی عیراق هیچ کاردانەوەیەکی کردەییان نە نواند، تەنها حووسییەکان چالاکی سنووردار نواند. هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا.

## کاریگەرییە ئابوورییەکان

کاریگەرییە ئابوورییەکان وێرانکەر بوون. پێشبینییەکانی گەشەی ئابووری بۆ دەوڵەتانی کەنداو لە چوار لە سەداوە دابەزی بۆ شەش لە سەد – دابەزینێکی گەورە کە کاریگەری لەسەر ملیۆنەها خێزان دەبێت. وەبەرهێنانی بیانی وەستا. پڕۆژە گەورەکان دواخران. بێکاری زیادیکرد. نائومێدییەکان لەناو گەنجاندا بەرز بوونەوە. ناوچەکە نرخی دوازدە ڕۆژەکەی بە دەیان ساڵ پاشەکشە دەدایەوە.

## جێگۆڕکێی جیۆپۆلیتیکی هێز

لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە، ئەمریکا جارێکی تر خۆی وەک هێزی سەرەکی ناوچەکە سەلماندەوە. چین نیگەرانی دەربڕی لەبارەی سەقامگیری وزە. ڕووسیا هەوڵیدا سوود وەربگرێت بۆ لاواز کردنی فۆکەسی ئەمریکا لەسەر ئۆکرانیا. سیستەمی نێودەوڵەتی جارێکی تر دەرخستی شکستی لە پێشگیری کردن لە شەڕ.

## چاوەڕوانییەکانی داهاتوو

پرسیاری گەورە: ئایا ئێران هەوڵ دەداتەوە بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی؟ ئایا دەگەڕێتەوە بۆ مێزی دانوستان؟ ئایا بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم بە نهێنی بەردەوامی پێدەدات؟ ئەگەرەکان زۆرن. بەڵام لە کورتخایەندا، پاراستنی ئاگربەست گرنگترین ئەرک بوو لەو کاتەدا. دەستپێکردنەوەی دیالۆگ، نوێکردنەوەی دانوستانە ناوەکییەکان. لە درێژخایەندا، پێویستە چوارچێوەی ئاسایشی نوێ بۆ ناوچەکە دروست بکرێت. ڕێککەوتنی ناوەکی نوێ کە هەموو لایەک قبووڵی بکەن. سیستەمی ئاگادارکردنەوە بۆ ڕێگریکردن لە شەڕی داهاتوو.

## وانە وێنەدارەکان

لە شەڕی دوازدە ڕۆژەدا، هاوسەنگی تۆقاندن شکستی خوارد. ئیسرائیل نیشانیدا کە دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر هێرش بکات. دەرکەوت ئێران دواکەوتووە لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە. سیستەمی بەرگری پێشکەوتوو توانی زۆربەی هێرشەکان بەرپەرچبداتەوە. هاوپەیمانی گرنگە. بەبێ ئەمریکا، ئیسرائیل نەیدەتوانی ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت. تەنیایی کێشەی ئێرانی قورستر کرد. وەکیلەکان بێهێزن. گروپە نادەوڵەتییەکان ناتوانن لە شەڕێکی گەورەدا کاریگەری گەورە دروست بکەن.

هەروەها، دەرکەوت کە شەڕ لە سەدەی بیست و یەکەمدا بە خێرایی دەکرێت بە شەڕێکی جیهانی. تەکنۆلۆژیا سنوورەکانی سڕیوەتەوە. دیپلۆماسی کۆن ناتوانێت لەگەڵ خێرایی هەڕەشەکانی نوێدا تێکبگات. سەرئەنجام، دوازدە ڕۆژەی شەڕ نیشانیدا جیهان نزیکترە لە شەڕ وەک لەوەی کە خەڵک دەیزانی.

## -کۆتایی یان دەستپێک؟

ئاگربەستی بیست و چواری حوزەیران کۆتایی هێنا بە دوازدە ڕۆژی ترس و خوێن. بەڵام ئایا کۆتایی کێشەکەیە یان تەنها پشوویەکە بۆ توفانی داهاتوو؟ ڕیشەکانی کێشە – دوژمنایەتی ئایدیۆلۆژی، ململانێی ناوچەیی، ترسی بوونەوی – هێشتا هەر هەن. ئاگربەست بریتییە لە چارەسەرێکی کاتی بۆ نەخۆشییەکی درێژخایەن. ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کە ناوچەکە ناتوانێت شەڕێکی تری وەک ئەمە قەبووڵ بکات. خەڵک ماندووە لە جەنگ، ویستی ئاشتی و ئارامییان هەیە. بەڵام ئایا وڵاتەکانیش هەمان خواست و هەستیان هەیە؟ مێژوو چاوەڕێیە ئەم وەڵامەیە. چاوەڕێی ئەوەیە بزانێت ئایا دەرسەکانی ئەم دوازدە ڕۆژە دەبنە هۆکاری ئاشتی، یان دەبنە ئامادەکاری بۆ جەنگێکی گەورەتر. ئایا داهاتوو بە ڕەنگی خوێن دەنووسرێتەوە دەبێت، یان بە ڕەنگی ئاشتی؟ ئەمە کات یەکلای دەکاتەوە، بەڵام لێرەدا یەک شت ڕوونە: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز وەک پێشوو نابێت. دوازدە ڕۆژ کە جیهانی گۆڕی، دوازدە ڕۆژ کە وەک خەونێکی خراپ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەمێننەوە[٣].

---

[٣]-زانیارییەکان، پشتبەست بە سەرچاوە فەرمییە نێودەوڵەتییەکان ٢٥-٢٦ی حوزەیران ئامادەکراوە.

# له جەنگی ڕاستەوخۆوە بۆ شەڕە کۆمێنت

٢٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٥، کاتێک کە فڕۆکە B–٢کانی ئەمریکا دوای ٣٧ کاتژمێر مانەوە بە ئاسمانەوە، لە بۆردومانکردنی سێ دامەزراوە ئەتۆمییەکەی ئێران، بەرەو بنکەکانیان گەڕانەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قۆناغێکی نوێی لە ململانێ بەخۆیەوە بینی. شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل–ئێران سەربازی و ڕاستەوخۆ دەستی پێکردبوو، گۆڕا بۆ جەنگی زارەکی، ئەم ڕووداوێکی بێوێنەی مێژووی دیپلۆماسی بوو. "ئۆپەراسیۆنی چەکوشی نیوەشەو"ی ترامپ کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی فوردۆ، نەتەنز و ئەسفەهانی کردنە ئامانج، نەک تەنها کۆتایی بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی ئێران–ئیسرائیل هێنا، بەڵکو دەروازەیەکی نوێشی کردەوە بۆ شێوازێکی نوێ لە ململانێ – ململانێیەک کە تێیدا کۆمێنت و پۆستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوون بە جێگرەوەی مووشەک و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان.

**نەتانیاهۆ، لە هەڕەشەی سەربازییەوە بۆ جەنگی وشەکان**

نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، هێشتان زووترین و توندترین دەنگی ناو شەڕە کۆمێنتەکانە. کاتژمێرەکانی یەکەمی دوای هێرشەکەی ئەمریکا، نەتانیاهۆ لە لێدوانێکیدا بە زمانی عیبری ڕایگەیاند: "بیرتان دێت لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەوە، بەڵێنم پێتاندا کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران لەناو دەبرێن؟ ئەمە ئەمڕۆ ئەو بەڵێنەیە جێبەجێ کراوە."

ئەم لێدوانە تەنها سەرەتا بوو. نەتانیاهۆ ڕۆژانە و بەردەوام لێدوان و هەڵوێستەکانی بەیان دەکات، بە جۆرێک هەموو سنوورە کلاسیک-دیپلۆماسییەکان دەبەزێنێت. لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا کە بووە خاڵی وەرچەرخان لە شەڕە کۆمێنتەکاندا، ڕۆژنامەنووسێک پرسیاری لێدەکات: "ئایا خامنەیی مردوویەکی بەپێوە وەستاوە؟" وەڵامی نەتانیاهۆ شۆکێکی دیپلۆماسی بوو: "ڕێنماییم داوە کە کەس بەرگری لێناکرێت. نامەوێ هیچ سەرپێچییەک دروستبەکەم. با کردەوەکان قسە بکەن."

ئەم وەڵامە، کە بە ئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی ڕێبەری دەوڵەتێکی تری لەخۆگرتبوو، پێشێلکردنێکی ئاشکرای هەموو نۆرمە نێودەوڵەتییەکان بوو. نەتانیاهۆ تەنها بە هەڕەشەکردن لە ڕێبەری ئێران نەوەستا. لە هەنگاوێکی تری ستراتیژیکدا، ڕاستەوخۆ ڕووی لە خەڵکی ئێران کرد و دروشمی خۆپیشاندانەکانی ئەوانی بەکارهێنایەوە: "ڕژێم هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە و هەرگیز هێندەی ئێستا لاواز نەبووە. ئیتر ئەمە دەرفەتی ئێوەیە بۆ ڕاپەڕین. با دەنگتان ببیسترێت. ژن، ژیان، ئازادی!" بەکارهێنانی ئەم دروشمە، کە دروشمی سەرەکی خۆپیشاندانەکانی ڕابردووی دژی ڕژێمی ئێران بوو، هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی کەلێنێک لە نێوان خەڵک و حکومەتی ئێراندا.

## ترامپ، دیپلۆماسی لە سەردەمی Truth Social

دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا، Truth Socialی کردە پلاتفۆرمی سەرەکی بەڕێوەبردنی دیپلۆماسی و ڕاگەیاندنی سیاسەتەکانی. پۆستی یەکەمی دوای هێرشەکان نموونەیەکی تایبەت بوو لە تێکەڵکردنی زمانی سەربازی و ئاشتیخوازی: "هێرشە زۆر سەرکەوتووەکەمان بۆ سەر سێ شوێنی ئەتۆمی

ئێران تەواو بوو. هەموو فڕۆکەکان ئێستا لە دەرەوەی ئاسمانی ئێرانن. بارێکی تەواو لە بۆمب فڕێدرا بۆ سەر فوردۆ... ئێستا کاتی ئاشتییە!"

کاتێک ڕووداوەکان گەشەیان کرد و هەردوولا "ئیسرائیل–ئێران" دەستیان بە پێشێلکردنی سەرەتای ئاگربەستەکە کرد، ترامپ گۆڕا لە سەرۆکەوە بۆ باوکێکی تووڕە. پۆستەکەی لە Truth Social دا وەک سەرزەنشتکردنی منداڵە یاخییەکان وابوو: "ئیسرائیل. ئەو بۆمبانە مەهاوێن. پێشێلکارییەکی گەورەیە. فڕۆکەوانەکانتان بگەڕێننەوە ماڵەوە، ئێستا! دۆناڵد جەی ترامپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا." ئەم شێوازە لە دیپلۆماسییەت، کە تێیدا سەرۆکی زلهێزترین دەوڵەتی جیهان وەک باوکێکی تووڕە قسە دەکات، بێوێنە بوو لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## خامنەیی، شەڕی چیرۆکەکان

عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران، دوای چوار ڕۆژ بێدەنگی، لە ٢٦ی حوزەیران دەرکەوتەوە. لە ڕێگەی پەیامێکی

ڤیدیۆیی پێشوەختە تۆمارکراوی نادیار شوێنەوە، قسەی کرد، کە خۆی لە خۆیدا پەیامێک بوو. وتیشی: "نەیانتوانی هیچ بکەن. نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدی بهێنن. زیادەڕەوی دەکەن بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان. هێرشەکانی ئەمریکا هیچ زیانێکی گرنگیان بە دامەزراوە ئەتۆمییەکانمان نەگەیاندوە." ئەم بانگەشەیە نموونەیەک بوو لە "شەڕی چیرۆکەکان" وەک بەشێکی گرنگ لە شەڕە کۆمێنتەکان، کە تێیدا هەر لایەک هەوڵدەدات چیرۆکی خۆی بسەپێنێت.

## هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکان – لە نێوان پشتیوانی و ڕەخنەدا

چین، وەک هاوپەیمانێکی نزیکی ئێران و ڕکابەری ستراتیژی ئەمریکا، هەڵوێستێکی پارێزکارانەی وەرگرت. شی جینپینگ ڕایگەیاند: "چین بە قووڵی نیگەرانە لەو دۆخە. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسەقامگیر بێت، جیهان لە ئاشتیدا نابێت." ڤلادیمیر پوتین توندتر بوو لە ڕەخنەکانیدا: "هێزەکانی دەرەوەی ناوچە ڕادەکێشرێنە ناو ململانێکە. هەموو ئەمانەش جیهان دەبەنە سەر هێڵێکی زۆر مەترسیدار." ئەوروپا دابەشبوو لە نێوان یاسا و ستراتیژیدا. ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەڕەنسا، جەختی لەسەر لایەنی یاسایی

کردەوە: "هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە بۆ ئەم هێرشانە." لە بەرامبەردا، فریدریش میرتس، سەروەزیری ئەڵمانیا، پشتیوانی کرد: "ئیسرائیل کاری پێویست دەکات بۆ هەموومان." بەڵام لە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراودا، محەمەد بن سەلمان، وەلیعەهدی سعودیە، پشتیوانی بۆ ئێران دەربڕی: "عەرەبستانی سعودی لە تەنیشت براکانی لە کۆماری ئیسلامیدا دەوەستێت." ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەوڵیدا تورکیا وەک ناوبژیوان پێشکەش بکات: "ململانێی ئێران–ئیسرائیل بە خێرایی دەگاتە خاڵی نەگەڕاوە، ئەگەر بەرپێینەگیرێ، تورکیا ئامادەیە بەشداری چارەسەری دیپلۆماسی بکات."

## دەرئەنجام: سەردەمێکی نوێ لە ململانێ نێودەوڵەتییەکان

شەڕە کۆمێنتی دوای هێرشەکانی ٢٢ی حوزەیران، نیشانەی گۆڕانکارییەکی قووڵن لە شێوازی بەڕێوەبردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا. لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، مەیدانی جەنگ تەنها شوێنی فیزیکی نییە، بەڵکو بۆشایی مەجازیش دەگرێتەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە مەیدانی جەنگی نوێ کە تێیدا سەرکردەکان هەوڵدەدەن هەر لایەکیان چیرۆکی خۆیان بسەپێنێت، دەستبەسەر ڕای گشتیدا بگرێت و هەست و

سۆز بەکاربهێنێت بۆ کاریگەری لەسەر بیرورِا و دروستکردنی فشاری دیپلۆماسی.

## شەڕە کۆمێنت وەک نیشانەی گۆڕانکاری بنەڕەتی

یەکەم، شکستی میکانیزمە کلاسیکەکانی دیپلۆماسی: کەناڵە فەرمییەکان کاریگەرییان نەماوە، سەرکردەکان ڕاستەوخۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان قسە دەکەن و پرۆتۆکۆڵە دیپلۆماسییەکان پشتگوێ دەخرێن لە پێناو دانانی کاریگەری خێرا. دووەم، گۆڕینی سروشتی هەڕەشەکان: کاتێک هەڕەشەکان دەبنە گشتی و ئاشکرا، گەڕانەوە بۆ دواوە قورستر دەبێت. نهێنی و شاراوەیی جێگەی خۆی داوە بە شەفافیەتی زیادەڕۆیی و پرۆپاگەندە. سێیەم، لەدەستدانی کەناڵەکانی پەیوەندی: کاتێک دیپلۆماسی دەبێتە شانۆگەری، دەرفەتی گفتوگۆی نهێنی و چارەسەری ئاشتیانە کەم دەبێتەوە. زمانی توندوتیژ دەبێتە هۆی دابەشبوونی زیاتر و دروستبوونی کەلێنی قووڵتر.

ئەم گۆڕانکارییە لە شێوازی ململانێ کاریگەری درێژخایەنی دەبێت. ئەوەی پێشتر قەدەغە بوو لە دیپلۆماسیدا، ئێستا بووە بە شتێکی ئاسایی. پلاتفۆرمەکانی وەک Truth Social و X

بوونەتە ئامێری سەرەکی سیاسەتی دەرەوە. ئەو سەرکردانەی باشتر دەتوانن لە میدیای نوێ کەڵک وەربگرن، دەستی باڵایان دەبێت. گواستنەوە لە "جەنگی ڕاستەوخۆ" بۆ "شەڕە کۆمێنت" دیاردەیەکی قووڵی سەردەمی دیجیتاڵییە. ئێمە ئەمڕۆ کەوتووینەتە قۆناغێکی مێژوویی کە تێیدا کاریگەری کۆمێنتێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت وەک هێرشێکی سەربازی بێت. ئەوەی خەڵک باوەڕی پێدەکەن گرنگتر بووە لەوەی ڕاستە. جیاوازی نێوان جەنگ و ئاشتی، دیپلۆماسی و پرۆپاگەندە، ڕاستی و درۆ لێڵ بووە.

ئەم دیاردەیە، پێویستی بە تێگە و خوێندنەوەیەکی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و داڕشتنەوەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان هەیە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕاستییە نوێیە. ئایا مرۆڤایەتی دەتوانێت ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامێرە نوێیانە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە، یان دەکەوینە داوی شەڕێکی بێکۆتای وشە و نەفرەت؟ وڵامی ئەم پرسیارە ئایندەی ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە و جیهاندا دیاریدەکات.

# پێنج کلیل و ١٩٣ دەرگە

پرسیارێکی سادە بەڵام بنەڕەتی: بۆچی لە جیهانێکدا کە گوایە پابەندە بە دیموکراسی و یەکسانی، پێنج دەوڵەت، تەنها پێنج دەوڵەت – دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی هەر بڕیارێکیان هەیە کە کاریگەری لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی هەبێ؟ وڵامەکە وەک وڵامی زۆربەی پرسیارەکان سەبارەت بە دەسەڵاتی نێودەوڵەتی، لە خودی ستراکتۆری سیستەمەکەدا شاردراوەتەوە.

کاتێک لە ١٩٤٥دا ئەنجومەنی ئاسایش دامەزرا، جیهان تازە لە کارەساتی دووەم جەنگی جیهانی دەربازی ببوو. براوەکانی جەنگ ویلایەتە یەکگرتووەکان، یەکێتی سۆڤیەت، بەریتانیا، فەڕەنسا و چین – بڕیاریاندا نەخشەیەک بۆ "ئاشتی" دابڕێژن. بەڵام چۆن "ئاشتی"یەک؟ لە بنەڕەتدا، بۆ پاراستنی هەژموونی خۆیان بوو بەسەر سیستەمی نوێی جیهانیدا.

گرنگە لەوە تێبگەین: مافی ڤیتۆ تەنها ئامرازێکی دیپلۆماسی نییە – میکانیزمی کۆنترۆڵە کە ڕێگە بە پێنج دەوڵەت دەدات هەر جووڵەیەکی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵ بکەن کە دژی ویست و بەرژەوەندییان بێت. بیر لە نموونەکان بکەرەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە ٤٠ جار ڤیتۆی بەکارهێناوە بۆ پاراستنی ئیسرائیل لە بڕیارە ڕەخنەییەکانی ژوور سەری، تەنانەت کاتێ بە ڕوونیش سەرپێچی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات. ڕووسیا هەمان شت دەکات بۆ سوریا. چین بۆ میانمار.

ئەمە ئەوە نییە پێیدەڵێن 'دووستانداردی' ئەمە سیستەمێکە بە مەبەست دیزاینکراوە بۆ بە قانوونیکردنی دووستانداردی. کاتێ دەوڵەتێکی بچووکی وەک عیراق کووەیت داگیر دەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە خێرایی کاردانەوە نیشان دەدات. بەڵام کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان عیراق داگیر دەکات هیچ سزایەک نییە. بۆچی؟ چونکە سیستەمەکە بەم شێوەیە دروستکراوە.

یەکێک لە گەورەترین دەنگە فریودەرەکان ئەوەیە کە گوایە بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان "ڕێگرە لە بەردەم هەڵگرسانی

جەنگی سێیەمی جیهانی "، ئەم ئیددیعایە پشت بە لۆژیکێکی هەڵە دەبەستێت: بەوەی کە جەنگی جیهانی ڕووی نەداوە، ئەوا دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکەوتوو بووبێت. بەڵام نا، بەڵکوو ڕاستی ڕوونەدانەکە ترسە لە تەقینەوە ناوەکییەکان نەک ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمەیە کە هێزە گەورەکانی لە جەنگی ڕاستەوخۆ پاراستووە.

لە ڕاستیدا، نەتەوە یەکگرتووەکان شکستی هێناوە لە ڕێگری کردنی زۆربەی جەنگە گەورەکانی دوای ١٩٤٥، کۆریا، ڤیەتنام، ئەفغانستان –چەندین جار، عیراق –چەندین جار، یوگسلاڤیا، ڕواندا و دەیان کەیسی دیکە. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، یان ئەنجومەنی ئاسایش لەلایەن یەکێک لە ئەندامە هەمیشەییەکانەوە پەکخراوە، یان خودی ئەندامە هەمیشەییەکان ڕاستەوخۆ لە ململانێکەدا بەشدار بوون.

کاتێک سەیری پێکهاتەی ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین، نەخشەیەکی ڕوون دەردەکەوێت، سێ لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە، هێزی کۆلۆنیالی ئەوروپین یان بوون. دوانی دیکە هێزی ئیمپریالی نوێن. ئەفریقا، بە زیاتر لە ملیارێک

دانیشتوان، هیچ نوێنەرێکی هەمیشەیی نییە. ئەمەریکای لاتین، باشووری ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – هەموو ئەم ناوچانە کە زۆربەی دانیشتووانی جیهانیان تێدا چڕ بۆتەوە، لە پرۆسەی بڕیاردان دوورخراونەتەوە.

ئەمە ڕێکەوت نییە. ڕەنگدانەوەی ستراکتۆرێکی دەسەڵاتە کە مەبەست لێی پاراستنی سەروەری باکوور بەسەر باشووردایە. هەر وەک چۆن سیستەمی کۆلۆنیالی کۆن بە یاسای نێودەوڵەتی دەپارێزرا، سیستەمی نوێش هەمان کار دەکات، گۆڕانەکە تەنها پەردەیەکی "یاسایی" و "نێودەوڵەتی"یە.

ناکرێ باس لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین بەبێ تێگەیشتنی ڕۆڵی لە پاراستنی سیستەمی ئابووری جیهانی. کاتێ کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانی ڕۆژئاوا سەرچاوەکانی وڵاتانی باشوور دەردەهێنن، نەتەوە یەکگرتووەکان "سەقامگیری" دابین دەکات. کاتێ وڵاتێکی باشوور هەوڵ دەدات کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانی خۆی بکات – وەک چیلی لە ١٩٧٣ یان ئێران لە ١٩٥٣ – "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی" بە خێرایی

کاردانەوە نیشان دەدات، زۆرجار بە دەستێوەردانی نهێنی یان ڕاشکاوانە.

هەمیشە سەبارەت بە ڕیفۆرمی نەتەوە یەکگرتووەکان قسە هەیە. بەڵام دەبێت بپرسین: ڕیفۆرمی چی؟ زیادکردنی چەند کورسییەک لە ئەنجومەنی ئاسایش؟ ئەمە وەک چارەسەری کێشەی غولامی بە فراوانکردنی خاوەندارێتی غولامەکان وایە. کێشە بنەڕەتییەکە لە خودی سیستەمێکەدایە کە دەسەڵاتی یەکلاکەرەوە دەداتە چەند دەوڵەتێک بەسەر پاشماوەی جیهاندا.

ڕیفۆرمی ڕاستەقینە مانای گۆڕینی بنەڕەتی ستراکتۆری دەسەڵاتە، نەک تەنها دابەشکردنەوەی هەمان دەسەڵات بەسەر چەند ئەکتەری زیاتردا. بەڵام ئایا ئەو دەوڵەتانەی کە سوودمەند دەبن لە سیستەمی ئێستا ڕێگە بە گۆڕانکاری بنەڕەتی دەدەن؟ مێژوو پێمان دەڵێت وڵامەکە نەخێرە.

نەتەوە یەکگرتووەکان، لە شێوەی ئێستایدا، ناتوانێ چارەسەر بۆ کێشە گەورەکانی ئەم سەردەمە بکات گۆڕانی

کەشوهەوا، نایەکسانی جیهانی، جەنگ و ململانێ، چونکە خۆی بەشێکە لە ستراکتۆرەکانی دەسەڵات کە ئەم کێشانە دروست دەکەن و دەیانپارێزن. کاتی ئەوە هاتووە جیهان بیر لە ئاڵتەرناتیڤ بکاتەوە، ڕێکخراوێکی نوێی نێودەوڵەتی دروست دیموکراتی بێت، تێیدا هەموو نەتەوەکان – نەک تەنها ئەوانەی خاوەن چەکی ناوەکین – دەنگی یەکسانیان هەبێت لە دیاریکردنی چارەنووسی هاوبەشی مرۆڤایەتیدا. تا ئەو کاتە، دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان بەوە بناسینەوە کە هەیە، ئامرازێک بۆ پاراستنی ستاتوس کوۆ، نەک چارەسەرێک بۆ کێشەکانی جیهان.

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو ڕێیاندا

دۆخەکە گەیشتووەتە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی، کە تێیدا ناسەقامگیری ناوچەیی بێوێنە هاوکات بووە لەگەڵ گۆڕانکاری دیمۆگرافی و جیۆپۆلەتیکی بنەڕەتی. دامەزراوە لێکۆڵەرە پێشەنگەکانی دونیا یەکدەنگ ئەم قۆناغە وەک ترسناکترین سەردەمی سەقامگیری ناوچەیی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەناسێنن، لە هەمانکاتدا دەرفەتی بێوێنە بۆ گۆڕانکاری سیاسی لە نێو نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا دەبینن.

## ناسەقامگیری ناوچەیی دەگاتە ئاستێکی بێ وێنە

کۆدەنگی نێوان ناوەندە فکرییە گەورەکان (think tanks) زۆر ڕوونە: ٢٠٢٥ مەترسیدارترین ساتە وەختی سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە مێژووی هاوچەرخدا. ڕووپێوی ساڵانەی "ئەولەویەتە خۆپارێزییەکان"ی ئەنجومەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێنج مەترسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە "ئەگەری بەرز/کاریگەری بەرز" هەڵدەسەنگێنن

– ئەمە بەرزترین ژمارەیە لەوەتەی ڕووپێوەکە لە ٢٠٠٨ەوە دەستیپێکردوە. هەڵسەنگاندنی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٥ی ناوەندی کارنیگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرئەنجام دەگرێت بەوەی کە شەڕی نێوان ئیسرائیل، ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران ناوچەکەی بردووەتە نێو "ناسەقامگیری قووڵ"ەوە، بە شێوەیەکی بنەڕەتی میکانیزمەکانی ئاسایشی هاوبەشی تێکشکاندووە، کە بۆ چەندین دەیە سەقامگیرییان دابینکردووە.

ناسەقامگیرییەکە لە چەندان قەیرانی هاوکاتدا دەردەکەوێت. شیکارییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ی دامەزراوەی RAND هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی حەماس وەک "بوومەلەرزەیەک" دەناسێنێت کە پاشەکشەکانی بەردەوام مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٢٥دا دروست دەکەن. گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی "ئێران دژی ئەمریکا و ئیسرائیل" وەک یەکەم ململانێی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٢٥ دەستنیشان دەکات، لەگەڵ ئاگاداری شارەزا عەلی ڤەعیز کە دەڵێت "ئێران لەگەڵ بۆمب یان ئێرانی بۆمبباران کراو، هەردووکیان ئەنجامی خراپیان بۆ ناوچەکە هەیە."

قەبارەی پێداویستی مرۆیی ڕەنگدانەوەی قووڵی ئەم قەیرانەیە. ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA) ڕاپۆرتکردوە، کە ٥٣.٨ ملیۆن کەس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە ساڵی ٢٠٢٥دا پێویستیان بە یارمەتی مرۆیی هەیە – نزیکەی ١٨٪ی دانیشتووانی ناوچەکە. داواکاری مرۆیی جیهانی ٤٧ ملیار دۆلاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٣.٩ ملیار دۆلار (٣٠٪) بۆ ناوچەی MENA تەرخان دەکات، لەگەڵ ئەوەی کە تێکڕای قەیرانە مرۆییەکان ئێستا١٠ ساڵ دەخایەنن ئەمەش نیشانەی سروشتی درێژخایەنی ململانێ ناوچەییەکانە.

## گۆڕانکاری کوردی دینامیکی سیاسی نوێ دروست دەکات

گرنگترین پێشهاتی سیاسی ساڵی ٢٠٢٥ هەڵوەشاندنەوەی (PKK) لە مانگی مایسی ٢٠٢٥ـە، کە کۆتایی بە زیاتر لە ٤٠ ساڵ ململانێی چەکداری لەگەڵ تورکیا دەهێنێ. ئەم بڕیارە مێژووییە کە لە کۆنگرەی دوازدەهەمی PKKدا ڕاگەیەنرا، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئایدیۆلۆژی لە شەڕی پارتیزانییەوە، بۆ بەشداری سیاسی دیموکراتیک دەنوێنێت. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە ئێستا تەمەنی ٧٧ ساڵە، بانگەوازی بۆ دانانی

چەک و پەیڕەوکردنی ڕێگە دیموکراتیکەکان کردوە – گۆڕانکارییەک کە گۆڤاری جۆرج تاون بۆ کاروباری نێودەوڵەتی وەسفی دەکات، کە سیاسەتی کوردی "چیتر تەنها بە شەڕ پێناسە ناکرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن دیالۆگی بەردەوام و دینامیکی سیاسی گەشە سەندوو شێوە دەگرێت."

دیمەنی سیاسی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێوان ناوچەکاندا جیاوازە. لە کوردستانی عیراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر دۆزی خۆبەڕێوەبەری خۆی دەبێتەوە لەوەتەی دامەزراوە، لەگەڵ بڕیاری دادگای فیدراڵی باڵای عیراق لە شوباتی ٢٠٢٥دا، کە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات کۆنترۆڵی مووچەی فەرمانبەران ڕادەستی بەغداد بکاتەوە. قەیرانی ئابووری هەرێم قووڵتر بووەوە دوای وەستانی ناردنی نەوتی سەربەخۆ، بێکاری دروست کرد کە لە ٢٤٪ تێپەڕی و کۆی گشتی قەرزەکان نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلارە.

کوردەکانی سووریا دراماتیکترین گۆڕانکارییان بەخۆویە بینی، لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات بە فەرمی لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥دا لە ڕێگەی ڕێککەوتنی یەکگرتنەوە لەگەڵ دیمەشق، هەوڵەکانی سەربەخۆیی وازیان لێهێنا. بە پێچەوانەی ناسینەوەی یاسایی نێودەوڵەتی کوردستانی عیراق، خۆبەڕێوەبەری کوردی سووریا پشتگیری فەرمی نێودەوڵەتی نییە، ئەمەش پێگەیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی جیاواز دەکات. شیکاری ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی LSE دەرئەنجام دەگرێ کە "جیاوازییە مێژوویی، جیۆپۆلەتیکی و پێکهاتەیی بنەڕەتییەکان دەرئەنجامێکی وەک عیراق بۆ کوردەکانی سووریا نامۆ دەکەن."

کوردستانی ئێران بەردەوام ڕووبەڕووی سەرکوتی سیستماتیک دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کوردەکان نزیکەی نیوەی هەموو زیندانییە سیاسییەکان پێکدەهێنن سەرەڕای ئەوەی تەنها ١٥٪ی دانیشتووانی ئێرانن. ناوچەکە بەرزترین ڕێژەی بێکاری وڵاتدا دەڕوات بە ١٣.٨٪، لەگەڵ پارێزگای کرماشان کە دەگاتە ١٧.٤٪. هەڵسەنگاندنەکانی شارەزایان نیشاندەدات کە ئەگەری کەمە بۆ خۆبەڕێوەبەری کوردی لە ئێران، لەگەڵ ئەوەی ڕژێم

به سەرکەوتوویی ئۆپۆزسیۆنی کوردی وەک دوژمنی ناوخۆیی وێنا دەکات.

## سیناریۆکانی گۆڕانکاری ڕژێم ڕێڕەوی جیاواز ئاشکرا دەکەن

ئێران وەک لاوازترین لە نێو هێزە ناوچەییەکان بۆ گۆڕانی ڕژێم دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەی چەندین شارەزا پێشبینی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە چوارچێوەی زەمەنی ٢٠٢٥دا دەکەن. پاوڵ سالێم لە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەش سیناریۆی ورد دەخاتە ڕوو، لەگەڵ بەرگەگرتنی ستراتیژی، کە وەک بەرزترین ئەگەر هەڵسەنگێندراوە – هەڵگرتنی زەربە سەربازییەکان لە کاتێکدا پێکهاتە سەرەکییەکان دەپارێزرێن. بەڵام لە ئەنجومەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەڵسەنگاندن دەکات کە دەسەڵاتی خامنەیی "ئەگەری زۆرە کەم بکرێتەوە" دوای قەیران، لەگەڵ چاوەڕوانکردن لەوەی ڕژێم "بەرنامەی نهێنی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی خێرا بکات."

لاوازی ڕژێم لە چەندین فاکتەرەوە سەرچاوە دەگرێت: لەدەستدانی تۆڕەکانی پرۆکسی لەوانە لاواز بوونی حەماس و حیزبوڵلا، ئەگەری ئامانجگرتنی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و

نەبوونی پاڵپشتی گشتی لە نێو ٩٠ ملیۆن هاوڵاتیدا. نوریێل ڕوبینی پێشبینی ڕووخانی ڕژێم لە ماوەی ساڵێکدا دەکات دوای بۆمبارانی دامەزراوە ئەتۆمییەکان لە لایەن ئەمریکاوە، لە کاتێکدا فاکتەرە جوڵێنەرەکان بریتین لە قەیرانی جێگرەوەیی خامنەیی، ڕووخانی ئابووری و پارچەبوونی ئیتنیکی لە نێو کەمینە کورد، بەلووچ و عەرەبەکاندا.

سووریا سەرکەوتووترین گواستنەوە نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ هەیئەت تەحریر شام کە کۆنترۆڵ یەکدەخا لە ژێر سەرکردایەتی ئەحمەد شەرع. ماوەی گواستنەوەی پێنج ساڵە لەگەڵ دەستووری کاتی کە لە ١٣ی ئازاری ٢٠٢٥دا واژۆ کرا چوارچێوەیەک بۆ نۆژەنکردنەوە دابیندەکات، هەرچەندە تەحەدداکان بریتین لە بەشداریپێکردنی سیاسی، نۆژەنکردنەوەی ئابووری و ئەگەری دابەشبوونی خاکی نێوان سووریای ڕۆژئاوا کە لە ژێر کۆنترۆڵی HTSدایە و ناوچەکانی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندایە.

تورکیا بەردەوام ڕووبەڕووی پاشەکشەی دیموکراتی دەبێتەوە لە ژێر سایەی ئەردۆغان، لەگەڵ شیکاری پەیمانگەی بروکینگز کە نیشان دەدات تورکیا پلەی ١٤٨ دەگرێت لە پێوەری

دیموکراسی لیبراڵ. دەستگیرکردنی شارەداری ئەستەنبوڵ ئەکرەم ئیماموغڵو لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥ کەمێک پێش نامزەدی ئەگەری سەرۆکایەتی ئەو نوێنەرایەتی ئەوە دەکات کە د. بێرک ئێسەن وەسفی دەکات وەک "هێرش بۆ سەر ئەوەی لە دامەزراوە هەڵبژاردنەکانی تورکیا ماوەتەوە،" کە "مەترسی جددی دروست دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری تەواو."

عیراق 'پەنجەرەیەکی دەگمەنی سەقامگیری پەیوەست' دەپارێزێ لە ژێر سەرۆک وەزیران محەممەد شیاع سوودانی، بەپێی شیکاری چاتەم هاوس بەڵام هاوسەنگی ناسک لە بەغداد دەتوانرێ بشکێت بە شۆکە سیاسییەکان لە تارانەوە، لەگەڵ سیستەمی موحاصەصەی ئیتنۆ-تایەفی کە ڕووبەڕووی نارەزایەتی بەرفراوان لە نێو بەشە فراوانەکانی دانیشتووانی عیراقدا دەبێتەوە.

## دیمۆگرافیای گەنجان فشار بۆ گۆڕانکاری دروست دەکات

پێکهاتەی دیمۆگرافی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فشارێکی بێوێنە بۆ گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری دروست دەکات، لەگەڵ زیاتر

لە ٥٠٪ی دانیشتووانی MENA کە تەمەنیان لە خوار ٢٥ ساڵەوەیە. ئەم هەڵئاوسانی گەنجان هەم دەرفەت و هەم مەترسی دروست دەکات، چونکە بێکاری گەنجانی MENA گەیشتە ٢٤.٤٪ لە ٢٠٢٣ – بەرزترین لە جیهان و دوو ئەوەندەی تێکڕای جیهانی. پەنجەرەی سوودی دیمۆگرافی لە ١٠–٢٠ ساڵدا دادەخرێت، کە پێویستی بە کردەوەی خێرای سیاسەت هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم توانایە.

قەبارەی تەحەددا سەرسوڕهێنەرە: ٣٩ ملیۆن داخڵبووی نوێ بۆ هێزی کار پێویستە تا ٢٠٣٠، لە کاتێکدا تەنها ١ لە ١٠ ژنی گەنج ئێستا کار دەکەن. جیاوازی ڕەگەزی بە تایبەتی توندە، لەگەڵ ژنانی گەنج کە ڕووبەڕووی ٣٥.٤٪ بێکاری دەبنەوە بەراورد بە ٢١.٥٪ بۆ پیاوان. ڕێژەی کارکردن–بۆ–دانیشتوان نزمترینە لە جیهاندا بە ١٨.٥٪، لەگەڵ ژنانی گەنج بە تەنها ٦.٤٪. ئەم فشارە دیمۆگرافییە کاریگەری ڕاستەوخۆی سیاسی هەیە. بێزاری گەنجان بەشدار بوو لە بەهاری عەرەبی و بەردەوام هەڕەشە بۆ سەقامگیری دروستدەکات لە ڕێگەی دیاردەی "چاوەڕوانی" – دواخستنی گواستنەوە بۆ تەمەنی پێگەیشتوویی کە بەشداری مەدەنی کەم دەکاتەوە لە کاتێکدا

گلەییەکان زیاد دەکات. بەڵام، گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕێکی بەهێز بە گۆڕانکاری بە ڕابەرایەتی حکومەت نیشان دەدەن، جیاواز لە ڕەوتە جیهانییەکان و دروستکردنی توانای گۆڕانکاری ئەرێنی ئەگەر سیاسەتەکان پەروەردە لەگەڵ پێداویستییەکانی بازاڕ هاوئاهەنگ بکەن.

**ململانێی هێزە گەورەکان شێوەی دینامیکی ناوچەیی دەگۆڕێت**

بەشداری بەڵێننامەی کەمەربەند و ڕێگەی چین گەیشتە ڕیکۆردی ٣٩ ملیار دۆلار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ٢٠٢٤ – بەرزترین لە جیهاندا – بە شێوەیەکی بنەڕەتی دینامیکی هێزی ناوچەیی دەگۆڕێ. عەرەبستانی سعوودی پێشەنگە وەک بەرزترین وەرگر بە ١٩ ملیار دۆلار، کە نوێنەرایەتی سێ ئەوەندە زیادبوون لە ٢٠٢٣ەوە دەکات. گرنگیدانی چین بە ژێرخانی وزە، تەکنەلۆژیا و بەرهەمهێنان هاوبەشی بەدیل دروست دەکات کە کاریگەری ڕۆژئاوایی باو کەم دەکاتەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشداری هەڵبژاردەیی دەپارێزێ لە ڕێگەی چوارچێوەی "دۆکترینی بایدن"، بە گرنگیدان بە هاوبەشی، بەرگری و دیپلۆماسی. بەڵام شارەزایانی ناوچەیی دوورکەوتنەوەی ستراتیژی و ڕەفتاری کاردانەوەیی بەجێی

چالاکانە دەستنیشان دەکەن. گەڕانەوەی کارگێڕی ترامپ ئەگەری زۆرە گرنگی بداتە "ئەمریکا یەکەم" لە کاتێکدا پاڵپشتی ئیسرائیل دەپارێزێت، لەگەڵ کشانەوەی ئەگەری سوپا لە عیراق لە ژێر ڕێککەوتنی کاتی ٢٠٢٥–٢٠٢٦.

ڕووسیا ڕووبەڕووی پاشەکشەی بەرچاو دەبێتەوە، ئەمە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لە سووریا، پێویستی بە جێگۆڕکێی هێز هەیە لە کاتێکدا کاریگەری لە ڕێگەی هاریکاری وزە لە ڕێگەی چێوەی OPEC+ دەپارێزێت. ململانێی "فرە جەمسەری" دەرفەت بۆ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات بۆ پەیڕەوکردنی ستراتیژییەکانی پارێزگاری، یاری بە هێزە گەورەکان دژ بە یەکتر لە کاتێکدا خۆبەڕێوەبەری ستراتیژی دەپارێزن.

**هەمەچەشنکردنی ئابووری خێرا دەبێت لە پاڵ وابەستەیی نەوت**

پێشبینی دەکرێت گەشەی GDP ی MENA لە ٢.٨٪ لە ٢٠٢٤ەوە بۆ ٤.٢٪ لە ٢٠٢٥ خێرا بێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن کەرتە نا–هایدرۆکاربۆنییەکانی GCC وە

پاڵپشت دەکرێت. دیدی ٢٠٣٠ی عەرەبستانی سعوودی (Vision ٢٠٣٠) پێشدەکەوێ لەگەڵ گەشەی نا-نەوتی کە ساڵانە ٣-٤٪ دەپارێزێت، لە کاتێکدا ئیمارات ٧١٪ی GDPی خۆی لە کەرتە نا-نەوتییەکانەوە بەدەست دەهێنێت. بەڵام، سەقامگیری نرخی نەوت لە ٧٠-٩٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک سەرەڕای ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشاندەری لاوازبوونی پەیوەندی نێوان مەترسی ناوچەیی و نرخەکانی وزەیە. گۆڕانکاری ئابووری دینامیکی سەقامگیری نوێ دروست دەکات. میسر گەیشتە وەرچەرخانی ئابووری لەگەڵ وەبەرهێنانی ٣٥ ملیار دۆلاری ئیمارات، لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا، وزەی نوێبووەوە و خزمەتگوزارییە داراییەکان لە سەرانسەری ناوچەکە فراوان دەبن. کەرتی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان گرنگی زیاتر بەدەست دەهێنن، هەرچەندە ئاستی قەرزی بەرز لە چەندین وڵاتدا بۆشایی دارایی سنووردار دەکات و ململانێ ناوچەییەکان ڕێڕەوەکانی بازرگانی تێکدەدەن، بە تایبەت گواستنەوەی دەریای سوور.

## سیناریۆکانی داهاتوو و هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکان

کۆدەنگی شارەزایان سێ سیناریۆی سەرەکی بۆ گۆڕانکاری ناوچەیی لە ٢٠٢٥–٢٠٢٧ دەستنیشان دەکات. سیناریۆی بنەڕەتی (ئەگەری ٥٠٪) چاوەڕوانی سەقامگیری شپرزەی بەردەوام دەکات لەگەڵ هەمەچەشنکردنی ئابووری تەدریجی، بێکاری گەنجان کە لە دەوروبەری ٢٢–٢٤٪ دەوەستێت، و ململانێی هێزە گەورەکان کە بەڕێوەبردنی دەکرێت. گرژییە ناوچەییەکان بەردەوام دەبن بەڵام لە هەڵکشانی گەورە دوور دەکەونەوە.

سیناریۆی گەشبینانە (ئەگەری ٣٠٪) بەرنامەکانی کارپێکردنی گەنجانی سەرکەوتوو دەبینێت، کە بێکاری دادەبەزێنێتە ١٨٪ تا ٢٠٢٦، هەمەچەشنکردنی ئابووری خێراتر لەگەڵ وەبەرهێنانی تەکنەلۆژیای کەنداو، چوارچێوەکانی هاریکاری ناوچەیی فراوانکراو و ململانێی هێزە گەورەکان بە شێوەی ئابووری نەک سەربازی.

سیناریۆی ڕەشبینانە (ئەگەری ٢٠٪) پێشبینی بێکاری گەنجان دەکات کە لە ٣٠٪ تێپەڕێت و ناڕەزایەتی بەرفراوان دەوروژێنێ، ململانێ ناوچەییە فراوانکراوەکان پەرەپێدانی ئابووری تێکدەدەن، ململانێی پرۆکسی هێزە گەورەکانی هەڵکشاو و کۆچی خێراکراو بەهۆی کەشوهەوا و ململانێکانی سەرچاوەکان.

## دەرەنجام: پەنجەرەی گۆڕانکاری تەسک دەبێتەوە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی دووڕیانی دیمۆگرافی و ئابووری دەبێتەوە کە تێیدا هەڵئاوسانی گەنجان هەم گەورەترین مەترسی و هەم دەرفەت بۆ گۆڕانکاری ناوچەیی پێشکەش دەکات. پەنجەرە بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی کراوە دەمێنێتەوە بەڵام تەسک دەبێتەوە، پێویستی بە کردەوەی بڕیاردەر لە ماوەی ٥-٧ ساڵی داهاتوودا هەیە. سەرکەوتن پشت بەستووە بە دروستکردنی کاری خێرا، هەمەچەشنکردنی ئابووری و بەکارهێنانی ململانێی هێزە گەورەکان بۆ پەرەپێدان نەک ململانێ.

سروشتی مێژوویی پەرەپێدانەکانی ٢٠٢٥ – لە هەڵوەشاندنەوەی PKK تا گواستنەوەی سووریا تا ناسەقامگیری ناوچەیی بێوێنە – دەرفەتی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی ناڕەزایەتییە درێژخایەنەکان دروست دەکات لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی و ئابووری بەردەوامتر بنیات دەنێت. بەڵام، قەبارەی تەحەدداکان کە پێویستیان بە گرنگیدانی هاوکات هەیە لە سەرانسەری ڕەهەندە دیمۆگرافی، ئابووری و ئەمنییەکان داوای بەشداری نێودەوڵەتی هەماهەنگ و پابەندبوونی دارایی بەرچاو دەکات بۆ دیاریکردنی ئایا ٢٠٢٥ خاڵی وەرچەرخان بەرەو سەقامگیری یان خراپبوونی بەردەوام نیشان دەدات[٤].

---

[٤]–تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوە، لەسەر بنەمای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیاری فەرمی و باوەڕپێکراو، پشتبەست بە ڕاپۆرتەکانی حکومەتەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، پرسە ئابووری و دیمۆگرافییەکان، سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان، ڕاپۆرتە فەرمییەکانی حکومەت و توێژینەوە ئەکادیمییەکان ئامادە کراوە.

# نەوەی دیجیتاڵی و

# دینامیکی ململانێ نێودەوڵەتییەکان

**کاتێک مێژوونووسانی داهاتوو سەیری سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دەکەنەوە، بێگومان یەکێک لە گرنگترین وەرچەرخانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەبینن. ئەم وەرچەرخانە بریتییە لە دەرکەوتنی نەوەیەکی تەواو جیاواز، کە توانیویەتی مانای سنوور، ناسنامە و ململانێ لە بنەڕەتەوە بگۆڕێت. ئەم نەوە دیجیتاڵییە، کە لە سێبەری ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گەورە بووە، نەک تەنها شێوازی پەیوەندیکردنی گۆڕیوە، بەڵکو خودی بنەمای تێگەیشتن لە چەمکەکانی وەک "ئەوی تر" و "دوژمن" و "هاوڕێ"ی لەناو بردووە و لە جێگەیاندا چەمکی نوێی داناوە کە پێشتر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونیان نەبووە.**

**ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە، کە ئێمە دەیبینین، تەنها پرسیارێکی تەکنیکی یان بابەتێکی ڕووکەشی نییە. بەڵکو شۆڕشێکی ڕاستەقینەیە لە مێشک و دەروون و ڕۆحی مرۆڤدا.**

بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، نەوەیەک دەرکەوتووە، کە پێش ئەوەی فێری نەخشەی وڵاتی خۆی بێت، فێری نەخشەی جیهان بووە. پێش ئەوەی تەنها دەنگی میدیای نیشتمانی و خوێندنگەی خۆی ببیستێت، گوێی لە هەزاران دەنگی جیاواز بووە لە سەرانسەری جیهاندا، ئەم نەوەیە لە جیهانێکدا چاوی هەڵێناوە کە تێیدا مانای "نزیک" و "دوور" گۆڕاوە و کەسێک لەوپەڕی جیهان دەتوانێت نزیکتر بێت لە دڵت تا دراوسێکەت.

جیاوازییەکی بنەڕەتی و فەلسەفی هەیە لە نێوان نەوەی دیجیتاڵی و نەوەکانی پێشوودا، کە دەکەوێتە سەر تێگەیشتنیان لە چەمکی سنوور. بۆ نەوەکانی پێشوو، سنوور دیوارێکی فیزیکی و سایکۆلۆژی بوو کە بە ڕوونی "ئێمە"ی لە "ئەوان" جیا دەکردەوە. ئەم سنوورانە نەک تەنها خاک و میللەت، بەڵکو هزر و هەست و سۆز و خەونەکانیشیان دابەش دەکرد. مرۆڤەکان لەم لا و ئەو لای سنوورەکان وەک بوونەوەری جیاواز سەیر دەکران، خاوەنی ئارەزوو و ترس و خەونی جیاواز. بەڵام بۆ نەوەی دیجیتاڵی، سنوور بووەتە چەمکێکی مەجازی و ڕێژەیی، نەک ڕەها. ئەوان لە جیهانێکدا

گەورە بوون کە تێیدا پەیوەندییەکان سنوور ناناسن و دۆستایەتی دەتوانێت لە نێوان کەسانێکدا دروست بێت کە هەرگیز یەکتریان نەبینیوە بەڵام ڕۆحیان یەکتری دەناسێت.

وێنا بکە گەنجێکی بیست ساڵەی فەلەستینی لە غەززە، کە لە ژێر گەمارۆ و قەیراندا دەژی، لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە دەتوانێت لە هەمان کاتدا لەگەڵ دۆستێکی ئیسرائیلی لە حەیفا دەربارەی مۆسیقای هاوبەش کە هەردووکیان حەزیان لێیەتی قسە بکات، لەگەڵ کچێکی ئێرانی لە تاران گفتوگۆ بکات دەربارەی شیعری حافز و مەولانا، لەگەڵ کوڕە کوردێک لە ڕانیە و قەڵادزێ پڕۆژەیەکی تەکنەلۆژی ئەنجام بدات، کە دەتوانێت یارمەتی کۆمەڵگەکەیان بدات و لەگەڵ کچێکی ئەمریکی لە نیویۆرک بەشداری لە کەمپەینێکی ژینگەیی بکات بۆ پاراستنی زەوی، کە هی هەموومانە. ئەم پەیوەندییانە تەنها "گفتوگۆی ئینتەرنێتی" نین. ئەمانە پەیوەندی مرۆیی ڕاستەقینەن کە دەتوانن ببنە هۆی گۆڕینی تەواوی جیهانبینی و تێگەیشتن لە "ئەوی تر".

کاتێک ئەم گەنجە فەلەستینییە لە ڕێگەی گفتوگۆ و هاوبەشکردنی ئەزموونەکانیەوە دەبینێت کە دۆستە ئیسرائیلییەکەی هەمان ترس لە داهاتوو و خەون بە ئاشتی و ئاواتی ژیانێکی ئاسایی هەیە، کاتێک دەبینێت کە هاوڕێ ئێرانییەکەی حەز لە هەمان شاعیر دەکات و هەمان کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە، کاتێک دەزانێت کە دۆستە کوردەکەی هەمان تامەزرۆیی هەیە بۆ پەروەردەیەکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر، ئەوا چیدی ناتوانێت بە هەمان شێوەی باوکی و باپیری بیر بکاتەوە. ئەم ئەزموونە ڕاستەوخۆیانە کاریگەرییەکی قووڵیان هەیە کە هیچ پڕوپاگەندەیەک ناتوانێت لەناوی بەرێت.

ئەم دەستڕاگەیشتنە بێسنوورە بە زانیاری، چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی بەرهەم هێناوە کە پێویستە بە وردی لێیان بکۆڵینەوە. یەکەمیان و گرنگترینیان لەناوچوونی مۆنۆپۆلی زانیارییە. لە سەردەمی پێشوودا، حکومەتەکان و دەزگا میدیاییە سەرەکییەکان خاوەنی کۆنترۆڵی تەواو بوون بەسەر ئەو زانیاریانەی کە دەگەیشتە دەست خەڵک. دەیانتوانی بڕیار بدەن خەڵک چی بزانێت و چی نەزانێت، چۆن ڕووداوەکان

تەفسیر بکرێن و کام دەنگ بیسترێت و کام دەنگ خامۆش بکرێت. ئەم کۆنترۆڵە وای دەکرد کە دروستکردنی "دوژمن" و "ڕقیبی نەتەوەیی" ئاسانتر بێت، چونکە زانیاری لەسەر "ئەوی تر" تەنها لە ڕێگەی فیلتەری دەسەڵاتەوە دەگەیشت.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم مۆنۆپۆلییە بە تەواوی شکاوە. هەر کەسێ بە مۆبایل دەتوانێ ببێتە ڕۆژنامەنووس و ڕاپۆرتەر. زانیاری لە ملیۆنان سەرچاوەی جیاوازەوە بەردەستە و خەڵک دەتوانێت ڕاستەوخۆ بەڵگەنامە و ڤیدیۆ و دەنگ ببینێت و ببیستێت، نەک تەنها ئەو تەفسیرەی کە دەسەڵات دەیەوێت پێشکەشی بکات. لە شەڕی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا، بۆ نموونە، خەڵکی ئاسایی لە هەردوو لا ڤیدیۆ و وێنەی ڕاستەوخۆیان بڵاو دەکردەوە، کە زۆرجار ناکۆک بوون لەگەڵ چیرۆکی فەرمی حکومەتەکانیان. ئەم بڵاوکردنەوە خێرایە وایکرد کە چیرۆکی فەرمی کاریگەری کەمتری هەبێت و دەنگی خەڵکی ئاسایی، بە ترس و نیگەرانی و مرۆڤایەتییەوە، زیاتر ببیسترێت.

گۆڕانکاری دووەم کە لە ئەنجامی ئەم شۆڕشە دیجیتاڵییە ڕوویداوە، دروستبوونی ناسنامەیەکی فرەڕەهەند و فرەچینترە کە سنووری نیشتمانی و نەتەوەیی تێدەپەڕێنێت. نەوەی دیجیتاڵی فێر بووە کە ناسنامە شتێکی یەک پارچە و داخراو نییە، بەڵکو دەتوانێت فرەڕەنگ و کراوە بێت. ئەوان دەتوانن لە هەمان کاتدا کورد بن و بەشێک بن لە کۆمەڵگەی جیهانی، دەتوانن موسوڵمان یان مەسیحی یان جولەکە بن و لە هەمان کاتدا بەشداری دیالۆگی ئایینی و فەلسەفی جیهانی بکەن بێ ئەوەی هەست بە ناکۆکی بکەن. دەتوانن خۆشەویستی بۆ نیشتمان و نەتەوەی خۆیان هەبێت و لە هەمان کاتدا خۆیان بە هاوڵاتی و هاونیشتمانی جیهان بزانن و بەرپرسیارێتی هەست پێ بکەن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی بە گشتی.

ئەم ناسنامە فرەڕەهەندە کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ نێودەوڵەتییەکان. کاتێک کەسێک خۆی تەنها بە عەرەب یان کورد یان تورک یان فارس نازانێت، بەڵکو لە هەمان کاتدا خۆی بە مرۆڤ و هاوڵاتی جیهان دەزانێت، ئەوا ڕوانگەی بۆ کێشەکان دەگۆڕێت. چیدی ململانێکان تەنها وەک شەڕی "ئێمە" دژی "ئەوان"

نابینێت، بەڵکو وەک کێشەی مرۆیی دەیانبینێت کە پێویستی بە چارەسەری مرۆیی هەیە. ئەم گۆڕانە لە ناسنامەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەنجان زیاتر ئامادە بن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش و دیالۆگ، بەجێی ململانێ و شەڕ.

گۆڕانکاری سێیەم و یەکێک لە کاریگەرترینیان، گۆڕینی تەواوی میکانیزمی بەشداریکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. چیدی بەشداریکردن بریتی نییە لە دەنگدان هەر چوار یان پێنج ساڵ جارێک، یان بەشداریکردن لە خۆپیشاندانێکی کەم ژمارە لە شەقامەکاندا. نەوەی دیجیتاڵی شێوازی نوێی داهێناوە بۆ دەربڕینی ڕا و بیروبۆچوون و کاریگەری دانان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان. هەشتاگەکان بوونەتە جووڵەی سیاسی بەهێز کە دەتوانن لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ملیۆنان کەس کۆ بکەنەوە لە دەوری بابەتێک یان داواکارییەک.

بیر بکەرەوە چۆن جووڵەکانی وەک "ژیانی ڕەشەکان گرنگە" یان "من یش" یان "هەینییەکان بۆ داهاتوو" توانییان کاریگەری ڕاستەقینە دروست بکەن لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگە لە ئاستی جیهانیدا. ئەم جووڵانە لە شوێنێکی دیاریکراوەوە

دەستیان پێ نەکردووە، بەڵکو لە دڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریان هەڵداوە و بە خێرایی بڵاوبوونەتەوە، بێئەوەی پێویستیان بە ڕێکخراوێکی سەنترالی یان سەرکردایەتییەکی دیاریکراو هەبێت. پێتیشنە ئۆنلاینەکان دەتوانن لە ماوەی چەند ڕۆژدا ملیۆنان واژۆ کۆ بکەنەوە و فشار بخەنە سەر حکومەت و کۆمپانیاکان. کەمپەینەکانی کراودفاندینگ دەتوانن لە ماوەیەکی کەمدا بڕە پارەی گەورە کۆ بکەنەوە بۆ پاڵپشتیکردنی پڕۆژە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، بێئەوەی پێویستیان بە پاڵپشتی دەوڵەت یان دامەزراوە گەورەکان هەبێت.

بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرنگ و بنەڕەتی دێتە ئاراوە: ئایا ئەم هەموو گۆڕانکارییە، ئەم دەستڕاگەیشتنە بێسنوورە بە زانیاری و ئەم توانا نوێیانەی پەیوەندیکردن، دەبنە هۆی زیاتر لێکتێگەیشتن و ئاشتی، یان بە پێچەوانەوە دەبنە هۆی قووڵتربوونەوەی دابەشبوون و ڕکابەری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، و پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامراز و توانایانە. لە لایەکەوە، ئێمە شایەتحاڵی نموونەی سەرسامکەری هاوپشتی و

یەکگرتوویی دەبین لە نێوان گەنجانی نەتەوە و ئایین و کەلتوورە جیاوازەکاندا. کەمپەینە دیجیتاڵییەکان بۆ ئاشتی و دیالۆگ، کە تێیاندا گەنجانی فەلەستینی و ئیسرائیلی، ئێرانی و عەرەبی، کوردی و تورکی پێکەوە کار دەکەن، نیشانەی ڕوونن بۆ توانای ئەم تەکنەلۆژیایانە لە نزیککردنەوەی دڵەکان و دروستکردنی پردی تێگەیشتن. پڕۆژە هاوبەشە فەرهەنگی و هونەری و زانستییەکان، کە تێیاندا گەنجان لە وڵاتانی جیاوازەوە بەشداری دەکەن بێ گوێدانە ململانێ سیاسییەکانی نێوان حکومەتەکانیان، بەڵگەی زیندوون بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان دەتوانن کار بکەن پێکەوە کاتێک ڕێگەیان پێ بدرێت. لە لایەکی ترەوە، ناکرێت چاوپۆشی بکەین لەو ڕاستییەی کە هەمان ئەم تەکنەلۆژیا و ئامرازانە دەتوانن ببنە هۆکاری دابەشکردن و دروستکردنی کینە و ڕق. ئەلگۆریتمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە دیزاین کراون بۆ ڕاگرتنی سەرنجی بەکارهێنەران بۆ ماوەیەکی درێژتر، زۆرجار "بۆشایی دەنگدانەوە" دروست دەکەن. لەم بۆشاییانەدا، کەسەکان تەنها ئەو زانیاری و بیروڕایانە دەبینن کە لەگەڵ باوەڕی پێشووتری خۆیاندا دەگونجێت و ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزبوونی پێشداوەرییەکان بەجێی کەمکردنەوەیان. هەروەها بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاری هەڵە

و پڕوپاگەندە و "هەواڵی ساختە" بووەتە کێشەیەکی گەورە کە دەتوانێت ببێتە هۆی تێکدانی تێگەیشتنی گشتی لە ڕووداوەکان و دروستکردنی دوژمنایەتی لەسەر بنەمای زانیاری هەڵە.

بەڵام ئەوەی نەوەی دیجیتاڵی لە نەوەکانی پێشووتر جیا دەکاتەوە، توانای خێرای گونجان و فێربوونیانە. ئەم نەوەیە بە خێرایی فێر دەبێت چۆن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە ناباوەڕپێکراوەکان جیا بکاتەوە. ئەوان گەشەی ئەوەیان کردووە کە پێیان دەڵێن "خوێندەواری دیجیتاڵی"، واتە توانای خوێندنەوە و تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی زانیاری دیجیتاڵی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە. زۆر لە گەنجانی ئەمڕۆ بە گومان و ڕەخنەگرانەوە سەیری میدیای سەرەکی و لێدوانە فەرمییەکانی حکومەتەکان دەکەن و هەمیشە بەدوای سەرچاوەی جیاواز و زانیاری زیاتردا دەگەڕێن پێش ئەوەی بڕیار بدەن باوەڕ بەچی بکەن.

کاتێک قەیرانێکی گەورە ڕوو دەدات، وەک شەڕی دوازدە ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل کاردانەوەی نەوەی دیجیتاڵی بە شێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە لە نەوەکانی پێشوو. لە

جیاتی ئەوەی تەنها گوێ بگرن لە لێدوانە فەرمییەکانی حکومەتەکانیان و ڕاپۆرتە میدیاییە یەکلایەنەکان، ئەوان دەبنە بەشێکی چالاک لە پرۆسەی دۆزینەوە و تێگەیشتن لە ڕاستییەکان. ئەوان ڤیدیۆ و وێنە و بەڵگەنامە لە سەرچاوەی جیاوازەوە کۆ دەکەنەوە، لەگەڵ کەسانی لە هەردوو لای ململانێکە قسە دەکەن، هەوڵ دەدەن لە دیدگە و نیگەرانییەکانی هەمووان تێبگەن. ئەوان نەک تەنها بینەری ڕووداوەکانن، بەڵکو دەبنە بەشێک لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، بە بڵاوکردنەوەی ئەزموونی کەسانی ئاسایی، بە دروستکردنی پلاتفۆرم بۆ دەنگە پەراوێزخراوەکان، بە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هاوبەشییەکان لە جیاتی جیاوازییەکان.

یەکێک لە دیاردە هەرە سەرنجڕاکێشەکان، کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانە سەری هەڵداوە، دروستبوونی ئەوەیە کە دەتوانین ناوی بنێین "دیپلۆماسییەتی دیجیتاڵی خەڵک". ئەمە جۆرێکە لە دیپلۆماسی کە نە لە لایەن حکومەتەکانەوە بەڕێوە دەبرێ و نە لە لایەن دیپلۆماتە پیشەییەکانەوە، بەڵکو لە لایەن خودی خەڵکی ئاساییەوە کە دەیانەوێت پردی تێگەیشتن دروست بکەن. گەنجانی ئیسرائیلی و فەلەستینی کە پێکەوە گرووپی دیالۆگ دروست دەکەن، گەنجانی ئێرانی و عەرەبی کە پرۆژەی هونەری هاوبەش ئەنجام دەدەن، گەنجانی کوردی

و توركی و عەرەبی کە پێکەوە کار دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان – ئەمانە هەمووی نموونەن بۆ ئەم دیپلۆماسییە نوێیەی کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە گەشە دەکات.

ئەم پەیوەندییانە، هەرچەندە لەوانەیە نەتوانن ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ سیاسەتی حکومەتەکان بگۆڕن، بەڵام کاریگەری درێژخایەن و قووڵیان هەیە لەسەر کەلتووری سیاسی و کۆمەڵایەتی. کاتێک نەوەیەکی تەواو گەشەی کردووە لە کەشێکدا کە تێیدا "ئەوی تر" کەسێکی ڕاستەقینەیە بە ناو و ڕووخسار و چیرۆک و ئەزموون، نەک تەنها ئامارێک یان هێمایەک بۆ "دوژمن"، ئەوا زەحمەتە ئەم نەوەیە بە ئاسانی هان بدرێت بۆ شەڕ و کوشتار. کاتێک دەزانیت کە لەوبەری سنوور کەسانێک هەن کە هەمان موسیقا گوێ دەگرن، هەمان فیلم دەبینن، هەمان کێشە و نیگەرانییان هەیە، ئەوا زەحمەتە باوەڕ بکەیت کە ئەوان "شەیتان"ن یان "دوژمنی سروشتی"ن.

هەروەها نەوەی دیجیتاڵی شێوازی نوێی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و داواکردنی گۆڕانکارییان داهێناوە. ئیدی خۆپیشاندان تەنها بریتی نییە لە کۆبوونەوە لە شەقامەکان

و هەڵگرتنی پلاکارد. هەشتاگەکان بوونەتە هێمای یەکگرتوویی و هێزی کۆکردنەوە. کەمپەینە ئۆنلاینەکان دەتوانن لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ملیۆنان کەس بجووڵێنن و وا بکەن دەنگیان بیسترێت. ئەم جۆرە چالاکییە دیجیتاڵییە نیشانی دەدات چۆن تەکنەلۆژیا دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ بەهێزکردنی دەنگی خەڵکی ئاسایی و فشارخستنە سەر دەسەڵاتداران بۆ وەڵامدانەوە بە داخوازییەکانی خەڵک.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم پۆتانسیەڵە ئەرێنییانە، پێویستە ڕاستگۆ و واقیعبین بین لە هەڵسەنگاندنی کاریگەری و سنوورەکانی نەوەی دیجیتاڵی. ئەم نەوەیە هەرچەندە خاوەنی ئامراز و توانایی و بیرکردنەوەیە کە نەوەکانی پێشوو نەیانبوو، بەڵام ڕووبەڕووی تەحەدا و کێشەی تایبەت بە خۆیان دەبنەوە. ماندووبوونی دیجیتاڵی بووەتە دیاردەیەکی باو، کە تێیدا کەسەکان هەست بە ماندووبوون و بێزاری دەکەن لە بەردەوامی شەپۆلی زانیاری و هەواڵی خراپ. زانیاری لە ڕادەبەدەر دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلێشێواوی و دووڕیانی، بەجێی ڕوونی و تێگەیشتن. دابڕان لە واقیعی فیزیکی و کەمبوونەوەی پەیوەندییە ڕووبەڕووەکان دەتوانێت کاریگەری

نەرێنی هەبێت لەسەر تەندروستی دەروونی و توانای دروستکردنی پەیوەندی قووڵ و مانادار.

هەروەها مەترسی ئەوە هەیە، کە چالاکی دیجیتاڵی ببێتە جێگرەوەی چالاکی ڕاستەقینە، نەک تەواوکەری. کاتێک خەڵک هەست دەکات کە بە لایککردن و شێرکردنی پۆستێک ئەرکی خۆی بەرامبەر بە کێشەیەک تەواو کردووە، ئەوا لەوانەیە کەمتر هەوڵ بدات بۆ کاری ڕاستەقینە و کاریگەر. ئەم دیاردەیە کە پێی دەڵێن "سلاکتیڤیزم" – واتە چالاکی تەمبەڵانە – دەتوانێت ببێتە ڕێگر لە بەردەم گۆڕانکاری ڕاستەقینە.

دواجار، پرسیاری گەورە و گرنگ ئەوەیە: ئایا نەوەی دیجیتاڵی دەتوانێت ئەم هێز و توانا و ئامرازە نوێیانە بەکار بهێنێت بۆ دروستکردنی جیهانێکی ئاشتیخوازتر، دادپەروەرتر و لێکتێگەیشتووتر؟ ئایا دەتوانن ململانێ کۆنەکان کە بۆ سەدان ساڵ بەردەوام بوون تێپەڕێنن و ڕێگەی نوێ بدۆزنەوە بۆ ژیان پێکەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە هێشتا ناڕوون و نادیارە، و بەستراوە بە زۆر هۆکاری جیاواز. بەڵام ئەوەی

ڕوونه ئەوەیە کە نیشانە و بەڵگەکان جێگەی هیوان و دڵخۆشکەرن.

کاتێک دەبینین گەنجان لە سەرانسەری جیهان، بێ گوێدانە جیاوازی نەتەوە و ئایین و زمان، پێکەوە کار دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە هاوبەشەکانی وەک گۆڕانی کەش و هەوا و نایەکسانی و نەخوێندەواری، کاتێک دەبینین دەنگی ئاشتی و لێبوردەیی و دیالۆگ بەرز دەبێتەوە لە ناو هەموو ئەو هاژە و دەنگە شەڕخوازانەدا، کاتێک دەبینین سنوورە دەروونییەکان دەڕووخێن و خەڵک یەکتری دەناسن وەک مرۆڤ پێش ئەوەی وەک "هاوڵاتی وڵاتی دوژمن" بیانناسن، ئەوا ناتوانین هیوامان نەبێت بە داهاتوویەکی باشتر و گەشتر.

ڕۆڵی ئێمە وەک نووسەر و بیرمەند و توێژەران و ئەدیبانی ئەم سەردەمە، ئەوەیە کە ئەم گۆڕانکارییە مەزنە بە وردی تۆمار بکەین، لێی تێبگەین، یارمەتی بدەین کە بە ئاراستەی ئەرێنیدا بڕوات. دەبێت ڕێنمایی بکەین، ئاگاداری بکەینەوە لە مەترسییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا پاڵپشتی بکەین و هانی بدەین بۆ بەکارهێنانی ئەم هێزە نوێیە بۆ دروستکردنی

جیهانێکی باشتر. چونکە بێگومان ئێمە لە سەردەمێکی وەرچەرخاندا دەژین، سەردەمێک کە تێیدا شێوازەکانی پەیوەندی و تێگەیشتن و هاوکاری مرۆڤەکان بە تەواوی و لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە لەوانەیە تاکە کلیلی ئەو دەرگایە بێت کە دەمانباتە ناو جیهانێکی نوێ، جیهانێک کە تێیدا ململانێ کۆنەکان جێگەی خۆیان دەدەن بە هاوکاری و تێگەیشتنی نوێ.

# ئازار و ڕزگاری لە سەردەمی جەنگەکاندا

کاتێک مەهسا ئەمینی لە ئەیلوولی ٢٠٢٢دا گیانی سپارد، مەرگەکەی نەک تەنها کۆتایی ژیانێک نەبوو، بەڵکوو بوو بە دەستپێکی بزووتنەوەیەک، کە بنەما فەلسەفیەکانی دەسەڵات و بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێکدەشکێنێت. "ژن، ژیان، ئازادی" – ئەم سێ وشەیە بوونە مانیفێستۆیەکی فەلسەفی، کە لە ناخەوە پەیوەندی نێوان بوونی ژن، مانای ژیان و چەمکی ئازادی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لەم باسەدا، هەوڵ دەدەین بە وردی شیکاری ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیە بکەین، کە ژنان وەک کارگێڕی سەرەکی لە ناوچەیەکدا دروستی دەکەن، کە بەردەوام لە نێوان جەنگ و ئاشتی، نێوان کۆنەپەرستی و مۆدێرنیتە، نێوان چەوسانەوە و ڕزگاریدا دەجووڵێتەوە.

## چەمکی "ژن" وەک بوونێکی سیاسی

بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئەم بزووتنەوەیە، پێویستە لە چەمکی "ژن" وەک کاتێگۆرییەکی تەنها بایۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی تێپەڕین. سیمۆن دی بۆڤوار لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم"دا دەڵێت: "کەس بە ژن لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێتە ژن." ئەم ڕستەیە لە کۆنتێکستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مانایەکی قووڵتر وەردەگرێت. ژنان لە ناوچەکەدا نەک تەنها "دەبنە ژن" بە مانا کۆمەڵایەتیەکەی، بەڵکوو دەبنە هێمای بەرخۆدان، دەبنە جەستەیەک، کە لەسەر ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئەنجام دەدرێت.

لە فەلسەفەی سیاسی هانا ئارێنتدا، کردەی سیاسی بریتییە لە دەرکەوتن لە بواری گشتیدا و قسەکردن و کارکردن بە شێوەیەکی هاوبەش. ژنانی ئێرانی بە دەرهێنانی حیجاب لە شەقامەکاندا، بە بڕینی قژیان لە بەرچاوی هەمواندا، ئەم کردە سیاسیەیان ئەنجام دا. ئەوان جەستەی خۆیان کردە مەیدانی شەڕ، کردیانە زمانێک کە قسەی پێدەکەن، کردیانە ئامرازێک بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو سیستەمەی کە دەیەوێت کۆنترۆڵیان بکات.

## ئازاری ژنان، لە جەنگی فیزیکیەوە بۆ جەنگی ڕەمزی

جەنگ بۆ ژنان مانایەکی جیاوازی هەیە. جەنگ بۆ ئەوان نەک تەنها ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی نییە، بەڵکوو ژیانی ڕۆژانەیانە لە سیستەمێکدا کە جەستە و بوونیان دەکاتە مەیدانی کۆنترۆڵ و چەوسانەوە. جودیت باتلەر، فەیلەسووفی فێمینیست، باس لەوە دەکات کە چۆن جەستەی ژنان دەبێتە "جەستەیەکی سیاسی" کە یاسای لەسەر دادەنرێت، سنووری لەسەر دیاری دەکرێت و دەبێتە ئامانجی توندوتیژی. لە جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا و لە هەموو جەنگەکانی ناوچەکەدا، ژنان بە شێوەیەکی تایبەت ئازار دەچێژن: یەکەم، ئازاری فیزیکی و دەروونی، ژنان نەک تەنها وەک دایک و خێزان قوربانی دەدەن، بەڵکو خۆیان دەبنە ئامانجی توندوتیژی سێکسی وەک چەکێکی جەنگ. ئەم توندوتیژییە نە تەنها کردەیەکی تاکەکەسی، بەڵکوو ستراتیژیکییە بۆ شکاندنی ورەی کۆمەڵگە. دووەم، ئازاری ئابووری، لە کاتی جەنگ و گەمارۆ ئابووریەکاندا، ژنان زۆرجار دەبنە بەرپرسی دابینکردنی بژێوی خێزان لە کاتێکدا کە سەرچاوەکان کەمن و پیاوان لەماڵەوە دوورن یان کوژراون. سێیەم، ئازاری کۆمەڵایەتی، دابەشکردنی ڕۆڵە ڕەگەزییەکان لە کاتی جەنگدا توندتر دەبن و ژنان زیاتر

دەچەوسێنرێنەوە بە ناوی "پاراستنی کەرامەت" یان "پارێزگاری لە شەرەف". چوارەم، ئازاری سیاسی، ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردان دەربارەی جەنگ و ئاشتی دوور دەخرێنەوە، لە کاتێکدا کە ئەوان زۆرترین بەرپرسیارێتیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامەکان دەکەوێتە سەر شان.

## فەلسەفەی بەرخۆدانی ژنانە

میشێل فۆکۆ باس لەوە دەکات، کە لە هەر شوێنێک دەسەڵات هەبێت، بەرخۆدانیش هەیە. بەرخۆدانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە، کە لە نێوان ڕەتکردنەوە و دروستکردندا خۆی دەنوێنێ و دەجووڵێتەوە: لە ڕووی بەرخۆدان بە ڕەتکردنەوە، ئەمە دەبینرێت کە لە ڕەتکردنەوەی پێناسە پێشوەختەکان، ڕەتکردنەوەی یاسا چەوسێنەرەکان، ڕەتکردنەوەی ڕۆڵە دیاریکراوەکان. کاتێک ژنێکی ئێرانی حیجابەکەی تووڕهەڵدەدات، ئەو تەنها پارچە قوماشێک ڕەتناکاتەوە، بەڵکو تەواوی سیستەمێکی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە کە قوماشەکە نوێنەرایەتی دەکات. لە ڕووی بەرخۆدان بە دروستکردنەوە، ئەمە لە دروستکردنی فەزا بەدیلەکان، تۆڕە پشتیوانییەکان، شێوازە نوێیەکانی بوون و

ژیاندا دەردەکەوێت. ژنانی کورد کە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان داهێنا، تەنها دروشمێکیان دروست نەکرد، بەڵکو فەلسەفەیەکی تەواویان بۆ ژیان داهێنا، کە ژن لە ناوەندیدایە.

## دیالێکتیکی جەنگ و ئاشتی، پێشبینی داهاتوو

هێگڵ لە فەلسەفەی دیالێکتیکیدا باس لەوە دەکات، کە مێژوو لە ڕێگەی ناکۆکی و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دیالێکتیکێکی بەردەوامی جەنگ و ئاشتیدایە و ژنان لەم پرۆسەیەدا دەتوانن ڕۆڵی "سینتێز" یان چارەسەری نوێ بگێڕن. بۆ جەنگەکانی داهاتوو، کە بەداخەوە ئەگەری ڕوودانیان هەیە، ژنان دەتوانن: یەکەم، ببنە دەنگی ئەخلاقی. کانت باسی "ئیمپێراتیڤی کاتێگۆریکاڵ" دەکات – ئەو یاسا ئەخلاقیەی کە دەبێت هەموو کەسێک پەیڕەوی بکات. ژنان بە ئەزموونی تایبەتی خۆیان لە قوربانیدان و ئازارچێژتن، دەتوانن ئەم دەنگە ئەخلاقیە بن کە داوای کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دەکات. دووەم، ببنە پردی دیالۆگ. یورگن هابێرماس باسی "کردەی ڕاگەیاندن" دەکات وەک بنەمای

کۆمەڵگەی دیموکراتی. ژنان دەتوانن ئەم فەزایەی دیالۆگ دروست بکەن. چونکە ئەوان لە چەندین ناسنامەدا دەژین – وەک ژن، وەک دایک، وەک هاوڵاتی، وەک مرۆڤ. سێیەم، ببنە داهێنەری چارەسەری نوێ. ژنان بە هۆی دوورخرانەوەیان لە سیستەمە فەرمیەکانی دەسەڵاتەوە، زۆرجار چارەسەری داهێنەرانە و نافەرمی دەدۆزنەوە. ئەم چارەسەرانە دەتوانن ببنە بنەما بۆ سیستەمی نوێی ئاشتی.

## تیۆری گۆڕانکاری، لە خوارەوە بۆ سەرەوە

گرامشی باسی "هەژموونی کەلتووری" دەکات و چۆن گۆڕانکاری ڕاستەقینە پێویستی بە گۆڕینی کەلتوور و بیرکردنەوەی قووڵە، پێش گۆڕینی سیستەمی سیاسی. بزووتنەوەی ژنان لە ناوچەکەدا نموونەیەکی زیندووی ئەم تیۆریەیە: گۆڕینی زمان – دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" زمانێکی نوێی دروستکرد بۆ قسەکردن لەسەر مافەکان، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ. گۆڕینی سیمبۆلەکان، قژبڕین و حیجاب سووتاندن بوونە سیمبۆلی نوێ بۆ بەرخۆدان و ڕزگاری. گۆڕینی پەیوەندیەکان، ژنان شێوازی نوێیان بۆ ڕێکخستن و

هاوپشتیکاری دروستکرد، که سنووره کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان تێدەپەڕێنێت.

## بەرەو داهاتوویەکی نادیار بەڵام هیوابەخش

کاتێک کامۆ دەڵێ: "دەبێت سیزیف بە بەختەوەر دابنێین"، باس لە مرۆڤێک دەکات کە لە بەرامبەر کارێکی بێ کۆتاییدا هێشتا مانا بۆ ژیان دەدۆزێتەوە. ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم سیزیفە مۆدێرنەن – ئەوان هەر ڕۆژێک بەردی گەورەی چەوسانەوە و نایەکسانی بەرەو سەرەوە دەبەن، بەڵام لەم پرۆسەیەدا مانا بۆ بوونی خۆیان و بۆ داهاتووی نەوەکانیان دروست دەکەن.

جەنگەکانی داهاتوو، ئەگەر ڕوو بدەن، جەنگی نێوان دەوڵەتان نابن، بەڵکو جەنگ دەبن لەسەر مانای بوون، لەسەر شێوازی ژیان، لەسەر ئەوەی کێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە. لەم جەنگە مانادارەدا، ژنان نەک تەنها بەشداربوو دەبن، بەڵکو پێشەنگ و ڕابەر دەبن. ڕەنگە ڕێگەکە تەنگ و تاریک و تەریک بێت، بەڵام ڕووناکی ئەو

ئاگرەی کە ژنان هەڵیانگیرساندووە، ناکوژێتەوە. چونکە وەک نیچە دەڵێ: "ئەوەی نامکوژێت، بەهێزترم دەکات." و ژنانی ناوچەکە لە ڕێگەی ئازار و خەباتەوە، بەهێزتر و ئازاتر دەبن و دەبنە هیوای داهاتوویەک کە تیایدا "ژن، ژیان، ئازادی" نەک تەنها دروشم، بەڵکو واقیعی ژیانی ڕۆژانە بێت.

---

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر

- هێلانەی شەیتان.
- ژن وەک دەریا لە درزێکی قوڵدا .
- لێرەی بێشوێنیدا دەبوو ماڵێک لەوێنەی زێی بادینان بۆ 'ئیوان' چێبکەم.
- لەم تەنهاییەدا باوەشێک .. لەم غەوغای هیچ نەوتنەدا بارانێک.
- دوازدە ڕۆژ لە دۆزەخدا.